# کچە هونەرمەندانی کوردو هاوکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان










بەدرخان
Bedirxan
بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٣٣) هەینی،
کانوونی دووەمی ٢٠١٠/١/٢٢ زایینی
بەرانبەر بە رێبەندانی ٢٧٠٩ی کوردی
ساڵی دەیەم

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com





## رووناکبیرانی کوردستان دوای گەیشتنی ئینسکلۆپیدیای هەولێر دەستخۆشی دەکەن



**بەدرخان**
دوای ئەوەی هەواڵی تەواوبوونی ئینسکلۆپیدیای هەولێر لە ژمارەکانی پێشووی بەدرخان بڵاوکرایەوە، بەتایبەتی کە چەند دانەیەکی گەیشتەوە شاری هەولێر، پەیتا پەیتا نووسەران و رووناکبیرانی هەولێرو شارەکانی دیکەی کوردستان بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاشنابوونیان بەم شاکارە مێژووییەو بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لەمەڕ بەکۆتاهاتن و رێوڕەسمی راگەیاندنی ئینسکلۆپیدیای هەولێر، د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی سەرۆکی لیژنەی باڵا، وتی: "پەنا بەخوا بەهەوڵ و ماندووبوونی ئەندامانی لیژنەی باڵای ئینسکلۆپیدیای هەولێر (د. مەولود ئیبراهیم حەسەن بەڕێوەبەری گشتی ئینسکلۆپیدیا، د. ئومێد جۆزەلی، فەرید ئەسەسەردو حەمید ئەبوبەکر بەدرخان ئەندامانی لیژنە) توانرا بەرهەم و شەونخوونی پێنج ساڵ بەفیرۆ نەچێ و ئەو بەرهەمە بنووسرێ و لەچاپێکی پرۆفیشناڵ و کەموێنەدا لە وڵاتی لوبنان چاپ بکرێت، دیارە ئەو ئینسکلۆپیدیایە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانەو لە چەند رۆژی دادێ لە رێوڕەسمێکی شایستەدا بەئامادەبوونی نووسەران و ئەکادیمییان و رووناکبیران رابگەیەنرێ".
بۆ دەسکەوتنی ئەم بەرهەمە دەتوانن خۆتان ناونووس بکەن لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان.

## لەهەولێرسەنتەری رۆشنبیری فەرەنسی رێوڕەسمی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی جەلادەت بەدرخان رێکدەخات




Li roja 24.01.2010 an li hola Rewşenbîrî ya Fransî, dê ji aliyê Sînemxan Mîr Celadet Alî Bedirxan û bi hevkariya Navenda Çandî û Hûnerî ya Fransî ve dê civînek di der barê Ferhenga Mîr Celadet Ali Bedirxan de bête saz kirin.
Li civîna Ferhenga Mîr Celadet Bedirxan de dê Ferhenga Mîr Celadet Ali Bedirxan bête nas kirin. Ev ferheng yekemîn ferhenga Kurdî - Kurdî ye ku berî 65 salan ji aliyê Mîr Celadet Ali Bedirxan ve hatibû amade kirin. Lê mixabin ji ber gelek sedeman ferheng nû hate çapkirin.
Li civîna Ferhengê de, dê Sînemxan Celadet Ali Bedirxan di der barê ferheng û hemû berhemên dinên Bedirxaniyan û berhema Mem and Zîn (Mem û Zîn xwedê jê razî Selah Sadallah ji Kurdî wergerand zimanê Ingilîzî) de, dê axaftinek bike. Her wiha tê çaverê kirin ku di heman civînê de çendîn rewşenbîrên Kurd jî bi gotarên xwe ve beşdarî civînê bibin.
Wekî ku tê zanîn jî, ev ferheng bi alîkariya birêz Celal Talebanî Serok Komarê Iraqa Federal û Hêro Îbrahîm Ehmed Xanima Yekema Iraqa Federal ve ji aliyê weşanxaneya Avesta ve li Stenbolê hatibû çapkirin.
➤ L21,22,23

CENTRE CULTUREL FRANCAIS




## بۆ یەکەمین جار ... پاش ٦٩ ساڵ بەدرخان کەشکۆڵی خەرجییەکانی رۆژانەی میر جەلادەت بەدرخان ساڵی ١٩٤١ی گۆڤاری هاوار بڵاودەکاتەوە

ل ٢٠



## د. سەباح عەبدوڵلا: خوێندکارەکانم لە ئەمریکا بەکوردی قسە دەکەن

ل ٣



## د. سەردار سەرداری و پێشنیازی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ پەیمانگاکان

ل ٨

# عوسمان سەرسۆر لەبیرەوەری هاوڕێکانیدا (١٩٣٩/١١/٣ — ٢٠٠٠/٧/١٧)

سەربوردەو بیرەوەری

## رەئوف کامەلا عەوێنەیی و دکتۆر کاروان عوسمان سەرسۆر

بەسەرهاتی خانەوادەی شەهید لە مانگی (٥)ی ساڵی ١٩٧٤ تاوەکو تێکچوونی شۆڕش لە زاری ( حاجی پەری برایم ئاغا )،خێزانی شەهید عوسمان سەرسۆر، کە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

ماوەیەک دوای ئەوەی کە عوسمان چوو بۆ شاخ، لەبەر ئەوەی لەلایەن رژێمی بەعسەوە زۆر ماندوو کراین خۆم و منداڵەکان چووین بۆ بەغدا، لە ماڵی جیهانی خوشکم بۆ ماوەی ٢ مانگ ماینەوە.

لەم کاتەدا نامەیەکم بۆ هات بە دەستی" سەرتیپ " ی برام لەلایەن عوسمانەوە، کە داوام لێدەکات لە بەغدا بمێنمەوە تاوەکو بزانرێت چ گۆڕانکارییەک لەو بارە نالەبارەی ئەو ساتەی کورد روودەدات، بەڵام من بڕیارمدا کە لەگەڵ سەرتیپ بگەڕێمەوە هەولێر، هەر لەو کاتەشدا باری تەندروستیم زۆر خراپ بوو چونکە دووگیان بووم. ئیتر لەگەڵ سەرتیپ بەرێکەوتین، کاتێک کە گەیشتینە خاڵی پشکنینی سەرەتای دەرچوون لە بەغدا، ژنێک منی پشکنی و نامەکەی عوسمانی لە باخەڵم دۆزییەوە و بردی، منیش یەکسەر لە دەستم رفاند و پارچە پارچەم کرد، وتی : هژا شنو(ئەوە چییە)؟ منیش وتم: بس سلام و کلام (هەر سڵاوو لێپرسینەوەیە)!! خوا روحمی کرد ژنەکە زۆر لێپرسینەوەی لەسەر کاغەزەکە نەکرد و جارێکی تر سواری تەکسی بووینەوە و کەوتینەوە رێگا بەرەو هەولێر، نزیکەی ٢٠ رۆژ لە هەولێر ماینەوە. لەو ماوەیەدا زۆر قسە هەبوو کە گوایە ناومان هەیە لە بەرێوەبەرایەتییەکانی ئەمنی ئەو کاتەی بەعس و ئەمانیش بە نیازی ئەوەن لە هەولێر بەدەرمان بنێن. هەر لەبەر ئەوە لە بارێکی دەروونی زۆر قورسدا دەژیاین !!

لە بەرەبەیانی رۆژێکی مانگی مایسی١٩٧٤( دوای نوێژی بەیانی) گوێم لە زەنگی دەرگا بوو، خوشکی گەورەم خوا عافووی بکات ( گوستان ) هات لە بن سەرم راوەستا و وتی خوشکم هەڵسە لە ناو جێگا، منیش وتم: خێرە؟ وتی : بە قوربان دە هەڵسە، بەڵام خۆت سەخڵەت مەکە، ژیانەکە هەر وایە، ئەوە هاتوون بتبەن !!! منیش دەستم بە گریان کرد و وتم بۆ کوێم دەبەن؟؟!! وتی: بە "عەزیز ئاغا"*یان وتووە، کە ئەمە فەرمانی (سەدام)ە هیچ چارە نییە دەبێ رەوان بکرێن بۆ شاخ !!

ئیتر من و منداڵەکانیان ( هاژە-٧ساڵ ) و (بۆتان- ٥ ساڵ) و (هێرۆ- ٣ ساڵ) گواستەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر، ئەوەندە بێ ویژان بوون نەیانهێشت جلوبەرگیشیان بۆ ئامادە بکەن، تەنانەت رێگای نان خواردنیشیان پێنەداین. بە پیکەپ ئێمەیان گواستەوە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر، ، باری دەروونیم یەکجار شڵەژابوو، چونکە هەر چۆنێ بیرم لێدەکردەوە نەمدەزانی خۆم و منداڵەکان چارەنووسی چی لێدێت و چۆن رەوانمان دەکەن ؟ چۆن دەمانگوێزنەوە ؟ کێ لە رێگا ئاگاداری ئەو منداڵانە دەبێت ؟؟ ئیتر ئەمانەو کۆمەڵێک پرسیار لە مێشکم دروست ببوو، کە خۆم نەمدەزانی وەڵامیان بدەمەوە و کەسیش نەبوو وەڵامەکەیم پێ بڵێت! تاوەکو کاتژمێر دووی نیوەرۆ لە ئەمن مامەوە....

لەو ماوەیەی کە من و منداڵەکان لە ئەمن بووین، وردە وردە یازدە خێزانی تری کوردیان دەستگیر کرد وەکو ئێمە و هێنایان بۆ ئەمن، لەوانە: خانەوادەی خوالێخۆشبوو شێخ ئیسماعیل، خانەوادەی شێخ عەدنان نەقشبەندی، خانەوادی رەفعەت دەهام ئاغا، خانەوادەی کانەبی ئاغا، خانەوادەی ئیسماعیل یەعقوبی، خانەوادی حاکم بایز،خانەوادەی موحسن قۆجە، خانەوادەی شێخ موحەمەد شێخ مەلا رەشید ... ببوورن ئەو کاتە ناوی ئەوانی ترم لە بیر نەماوە ....

بوسەینە خانی* خێزانی کاک ئیسماعیل یەعقوبی زۆر چاونەترس و ئازا بوو، یەکێک لە ئەمنە عەرەبەکان پێی وت: تۆ عەرەبی بۆ مێردت بە کورد کردووە ؟!! بوسەینە خانیش لە وەڵامدا وتی: قۆندەرەی ئەو کوردە سەری سەد عەرەبی وەکو تۆ دێنێت !!... ژمارەی ئەو دوازدە سەرخێزانە نزیکەی پەنجاکەس دەبوو، هەموویان کۆکردینەوە لە هۆڵێک تا دووی نیوەڕۆ، ئنجا ئێمەیان بە سواری ئۆتۆمۆبێل برد بۆ ئەو دیوی بێترمە، ( دەیان وت : نروح علی عین ترمە !!!) چونکە ئەو ئەمنانەی کە لەگەڵ ئێمە بوون هەموویان عەرەب بوون و نەیاندەزانی بە زمانی کوردی قسە بکەن ..دەمەو ئێوارە ئێمەیان لە بێترمە فڕێدا و وتیان بۆ خۆتان بڕۆن !! وتمان بۆ کوێ بڕۆین؟ وتیان ئیتر ئەوە رێگا و بۆ خۆتان بکەونە رێ !! بۆ ماوەیەکی کورت ژنێکی شەقلاوە لەگەڵمان کەوتە رێگا، بەڵام لەبەرئەوەی ژنەکە زۆر پیر بوو نەیتوانی لەگەڵمان بەردەوام بێت، کوڕی ژنە پیرەکەش هەر پێشمەرگە بوو !! ئێمەی دوازدە سەر خێزان، کە هیچ پیاوێکمان لەگەڵدا نەبوو، تەنها ژن و منداڵ بووین بە کۆڵەواری کەوتینە رێگا،رێگایەکە، بۆ ئێمە زۆر مەترسیدار بوو، چونکە هەمووی ئەلغام بوو! شەومان بەسەردا هات، کاتێک کەوتینە ناو دۆڵ و شاخی ئەم دەڤەرە، گوێمان لە دەنگی فڕۆکە و تۆپی بەعس بوو !!ئەمجارەیان هەر بە یەکجاری زراومان چوو، وردە وردە زۆر بە هێمنی دەڕۆیشتین و تەماشای دەوروبەری خۆمان دەکرد، هەرچەندە گریانی منداڵ و نووزە نووز هەر بەردەوام بوو!! ئیتر پێشمەرگە گوێی لە هەستی ئێمە بوو، لێمان نزیک بوونەوە و داوایان لێکردین، کە خۆمان بناسێنین، دووای ئەوەی کە خۆمان پێ ناساندن، ئەوانیش لەگەڵمان هاتن، ئێمەیان بۆ هێزی سەفین برد!!

پێشمەرگەکانی هێزی سەفین رایان وا بوو، کە ئێمە لەم دەڤەرە نەمێنین، بەڵکو پێویستە بکەوینە رێگا، هەر لەو کاتەدا بروسکەیان بۆ عوسمان و هەڤاڵەکانی نارد، کە لە (ناو پردان و چۆمان) بوون بۆ ئەوەی پێیان رابگەیەنن، کە ئەو چەند خێزانە گەیشتوونەتە ئەم دەڤەرەیە، بەڵکو بە فریامان بکەون، بڕیار وا کە لە قەڵا دزە لەگەڵ عوسمان و هاورێکانی بەیەک بگەین، بروسکەکەیان لەبەر رووناکی دەنکە شقارتە نووسیبووەوە، چونکە فڕۆکە جەنگییەکان هەر بەو ناوە سوورە سووڕیان دەکرد. سێ پێشمەرگەشیان لەگەڵ ئێمە رەوانە کرد، لەوانە بە رەحمەت بێ( کاک دیدار یەعقوبی) بوو*،(سەرداری سامی ئاغا)* لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر کە خەڵکی کەرکووک بوو، بەڵام ئێستا ناویم لەبیر نەماوە..

قەت جوامێری و نەبەردی ئەو پێشمەرگە قارەمانانە لە بیر ناکرێت، چونکە زۆر یارمەتی ئێمەیاندا، بە تایبەتی من هەر وەکو باسم کرد دوو گیان بووم و زگم حەوت مانگ بوو)... پێشمەرگەکانی هێزی سەفین چەند وڵاغێکیان بۆ دابین کردین، وتیان ئەوەی پێی ناکرێت بە پێ بڕوات با سواری ئەم وڵاغانە بێت، ئێسترەکەیان بۆ بار کردنی تۆپ بەکاردەهێنا، بەدیعە خانی خێزانی شێخ موحەمەدی شێخ مەلا رەشید زۆر قەڵەو بوو نەیدەتوانی بە پێ بڕوات، بە یارمەتی پێشمەرگە


شەهید عوسمان سەرسۆرو پەری خانی هاوسەری

قارەمانەکان سواری ئێسترەکە بوو، بەڵام هەر کە سوار بوو وتی ئەمن دەترسم بە سواری ئەو کەرە بڵندە بکەومە رێگا!! هەر لەبەر ئەوە لە ئێسترەکە دابەزی و من و هاژە و هێرۆ لە جیاتی ئەو سواری ئێسترەکە بووین! ئنجا کەوتینە رێگا لەگەڵ ئەو پێشمەرگە قارەمانانە تاوەکو گەیشتینە (گەرۆتە)، ئەو شەوە لە مزگەوتی گەرۆتە ماینەوە، بەڵام هیچ کامێمکان لەبەر ئێش و ژانی ماسوولکەکانمان و گریانی منداڵەکان خەومان لێنەکەوت... سەرەرای ئەم دەردەسەرییە بارگرانییەکی ترمان لە مزگەوت بۆ دروستبوو، ئەویش ئەوە بوو کە مزگەوتەکە پڕ بوو لە مشک !! پێشمەرگەکان تا تاریک و روونی بەیانی لە دەرەوە مانەوە، ئا لەو کاتەدا پێشمەرگەکان لە پەنجەرەی مزگەوتیان دا و بە ئێمەیان وت: کە هەڵسین و خۆمان ئامادە بکەین بۆ بەرێکەوتن بەرەو (هیران و نازەنین) پێش ئەوەی دنیا زۆر رووناک بێت نەوەک فڕۆکە جەنگییەکان بە شوێنمان بزانن !!

ئەمجارەیان بە پێ کەوتینە رێگا، چونکە نەمانتوانی چیتر گیانلەبەرەکان وەکو هۆی گواستنەوە بەکاربهێنین، بە راستی رێگاکە زۆر ناخۆش بوو، چونکە نەماندەتوانی بە شەقامە سەرەکییەکاندا بڕۆین، بەڵکو بە هەڵدێر و دۆڵ و بەرز و نزمیدا کەوتینە رێگا، سەرەرای نالەباری باری تەندروستیم هێرۆشم لەسەر شانی خۆم دانابوو! بەڵام هاژە بە پێ دەڕۆیشت و بۆتانیش لە باوەشی یەکێک لە پێشمەرگەکان بوو.. هیچ شتێکمان بەدەستەوە نەبوو بیخۆین، تەنانەت لەتە نانێکیش!! لەبەر ئەوە پێشمەرگەکان جاربەجارە رادەوستان و دەستیان دەکرد بە هەژاندنی دار تووەکانی سەر رێگای هیران و نازەنین، تۆزەک برسییەتییەکەمان دەشکا بە خواردنی تووەکان و منداڵەکانیش گریان و نووزە نووزیان تا راددەیەک کەمتر دەبۆوە... بەرەو نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینە بارەگای پێشمەرگە لە هیران و نازەنین، پێشمەرگەکان بەرەوە پیلمانەوە هاتن و زۆر یارمەتیان داین بە بەتانی و تۆزەک خۆراک و چایە، وتیشیان نانی ئێوارە چێشتتان بۆ لێدەنێین و بەرخیشتان بۆ دەکوژینەوە!! ئێوارە داهات، نانی ئێوارەیان بۆ ئامادەکردین، بەڵام کەس نانی بۆ نەدەخورا !! ئەوەی خورا خورا و ئەوەی نەشخورا وەکو خۆی ماوە... دوای نان خواردن پێشمەرگەکان وتیان ئەمشەو کاتژمێر ١٢ ی شەو دەکەوینە رێگا ... جێبێک و ئۆتۆمۆبیلەکی وەکو پیکەبیان بۆ پەیدا کردین، کە لە قوڕ سواقیاندا بوو، ئێمەیان هەموو سواری ئەم دوو ئۆتۆمۆبیلە کرد، نەمانزانی چۆن لەم دوو ئۆتۆمۆبیلە جێگامان بۆوە!! ئیتر پێش بەرەبەیان گەیشتینە رانیە، لە رانیە یەک لە ئۆتۆمۆبیلەکان پەنچەر بوو، ئەمجارەشیان هەر لەبەر رووناکی دەنکە شقارتە تایەی ئۆتۆمۆبیلەکایان پەنچەر کرد و دیسانەکە کەوتینە رێگا بەرەو قەڵادزە، کاتی بەرەبەیان و هەڵاتنی خۆربوو کە گەیشتینە قەڵادزە، قەسابەکان تازە گۆشتیان دەبرد بۆ دوکانەکانیان، ئنجا ئێمەیان برد بۆ یەک لە بارەگاکانی پێشمەرگە کە بریتی بوو لە قوتابخانەیەک، تاوەکو نیوەڕۆ لەم قوتابخانەیە ماینەوە، ئەو قوتابخانەیە بووکە فڕۆکە جەنگییەکانی بەعس نامەردانە و درندانە هێرشیان کردبووە سەر کە تیایدا ٤٠٠ قوتابی و مامۆستایان


شەهید عوسمان سەرسۆر - عەوێنە ١٩٨٩

شەهید کردبوو، تا ئەو کاتەی کە ئێمە گەیشتین جلی بە خوێنی زۆربەی ئەو شەهیدانە لە قوتابخانەکە مابۆوە، ئەمەش بارگرانییەکی تری بۆ زیاد کردین بە وەبیرهێنانەوەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە!! دوایی پێشمەرگەکان بڕیاریاندا کە هەر چوار ماڵ دابەشبکرێین بەسەر ماڵەک لە ماڵەکانی قەڵادزە، کە نزیکی قوتابخانەکە بوو، نەیانویست لە قوتابخانەکە قەرەباڵغی دروست بێت، چونکە ئەو کاتی فڕۆکە جەنگییەکانی بەعس جار بە جار بەم ناوە سوورە سوورِیان دەکرد.

من و منداڵەکانم، خانەوادەی شێخ ئیسماعیل، خانەوادەی کاک رەفعەت دەهام و خانەوادەی شۆڕشگێرێکی تریش بوو، کە ئێستا ناوەکەم بە بیر نەماوە لە یەکێک لە ماڵەکانی قەڵادزە ماینەوە، ماڵەکەی کە ئێمە لایان ماینەوە لە ئەنجامی هێرشە درندەکەی فڕۆکەکانی بەعس بۆ سەر قوتابخانەکە زۆربەی پەنجەرەکانی شکا بوو، زۆربەی دیوارەکانی درزی بردبوو، خاوەن ماڵەکە دوو خوشکی مامۆستای هەبوو، بە راستی نابێت بە هیچ شێوەیەک کەرەم و رەووشتی بەرز وهەڵسوکەوتی جوامێرانەی ئەو خانەوادەیە لە یاد بکرێت، کە تا نیوەی شەو بە ئێمەیان گەیاند، دوای ئەوە یەکێک لە کادیرە لێپرسراوەکانی پێشمەرگەی ئەو دەڤەرە بڕیاریدا، کە ئەمجارەشیان لە دوای ١٢ ی شەو بکەوینەوە رێگا، هەرچەندە بڕیار وابوو کە لەگەڵ عوسمان و هاورێکانی لە قەڵادزە بەیەکبگەین، بەڵام لەبەر نالەباری باری کورد و بەتایبەتی ئەو دەڤەرە نەماتوانی لە قەڵادزە چاوەڕێیان بکەین، ئەمجارەیان چوار جێبیان بۆ دابین کردین، کرێی هەر جێبێک بۆ سەردەشت ٨ دینار بوو، کە شۆڕش پارەکەی بۆ داین، رێگایەکی زۆر سەخت و ناخۆش بوو، پڕ بوو لە بەرزی و نزمی و شاخ و دۆڵ، تاوەکو نیوەرۆ ئنجا گەیشتینە سەردەشت، لە خاڵی پشکنینی نێوان عێراق و ئێران نزیکەی ٢ کاتژمێر رایانگرتین تاوەکو بەڵگەنامەکانیان بۆ دابین کردین بۆ پەڕینەوە لە سنوور.

کە گەیشتینە ئێران دەستمان کرد بە گۆڕینەوەی پارەی عیراقی بە تومەن، ئەو کاتە من نزیکەی ٧٠٠ — ٨٠٠ دیناری عیراقیم پێ بوو، ئەو پارەیە هی ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆمان بوو کە عوسمان فرۆشتبووی، هەروەها زێڕ و خشڵەکانیشم لەگەڵ خۆم بردبوو، مامەڵەمان لەگەڵ جێبەکان هەر تاوەکو سەردەشت بوو، کە گەیشتینە سەردەشت کەوتینە گفتوگۆ بۆ ئەوەی لە چ شوێنێک جێگیر ببین، بڕیارماندا کە شوێنێکی نزیک لە سنووری حاجی ئۆمەران بێت، بۆ ئەوەی بتوانین بە ئاسانی پەیوەندی بە پیاوەکانمانەوە بکەین، ئیتر خانەمان هەڵبژارد، بۆ ئەم مەبەستە پاسێکیان بۆ گرتین بۆ خانە بە ٣٠ دینار.

بەرەو رۆژئاوا گەیشتینە خانە، جارێکی تر نەبەردی و ئازایەتی و قارامانیەتی ئەو پێشمەرگانەتان بەبیر دەێنمەوە، چونکە تاوەکو خانە لەگەڵ ئێمە هاتن...!! لە گەرەکێکی دووری ناوشار شوێنێکی بچووکمان دەستکەوت و بەکرێمان گرت، دوو رۆژ لەوشوێنە ماینەوە، لەئێوارەی رۆژی دووەم من خەریکی دەست نوێژ شووشتن بووم، لەپڕ گوێم لە هەلهەلە لێدانێک بوو، کە لەدەنگی بوسەینەخان دەچوو، ئاوڕم دایەوە عوسمان و هەڤاڵەکانیم دیت، ئا لەم کاتەدا گریان و فرمێسک و زەردەخەنەو هەلهەلە هەمووی تێکەڵ بەیەک ببوو، لەگەڵ عوسمان و منداڵەکان باوەشمان بەیەکداکرد، ماندووبوون و هیلاکەتیان پێوە دیاربوو، چونکە ئەوان بەشوێنماندا هاتبوون بۆ قەڵادزە، هەروەکو لە بروسکەکە بۆیان رەوانەکرابوو، بەڵام ئێمەیان لە قەڵادزە نەدۆزیبۆوە، چەند رۆژێک لە رێگابوون تاوەکو ئێمەیان دۆزیبوەوە...!!

دوای ئەوە عوسمان پشتی بەدیواردا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: چیت لەگەڵ خۆت هێناوە، من تەنها ٣٠دینارم هەیە!! وتم: من پارەی ئۆتۆمبێلەکەو هەندێ خشڵ و زێڕم هێناوە.. کە گوێی لەم وشانەبوو تۆزێک هێمن بۆوە، چونکە ئەوکات بۆ خێزانێکی وەکو ئێمە ژیان لەو غەریبییە زۆر زەحمەت بوو...

ئیتر ساتێک دڵخۆشی بەبۆنەی ئەوەی کە جارێکی دیکە خانەوادەکەمان بەیەکەوە کۆبۆوەو دەیان ساتیش دڵگرانی بیرکردنەوە لە چۆنییەتی ژیان و بەرێوەبردن...!!

جگە لەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە خانەوادەکانیان لەگەڵ ئێمە رەوانەی ئێران کرابوون، زۆر لە خزم و دۆستان کە ئەوانیش هەر پێشمەرگە بوون لەگەڵیان هاتبوون بۆ سۆراخ کردنی ئێمە، لەوانە د.خورشید دزەیی و د.خالد دزەیی و زۆر لە دۆستانی تر کە ئێستا ناویانم لە یاد نەماوە.

بەیانی داهات ئیتر هەر خێزانە و بڕیاری خۆیدا، کە بەرەو چ شارێکی ئێران دەڕوات، ئێمەو ماڵی کاک موحسین قۆجە بەیەکەوە بووین، کەوتینە رێگا بەرەو شنۆ، لە شنۆ خانوویێکمان دەستکەوت، کە زۆر پیس بوو، بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات، وەک ئەوەی پێشتر هۆڵی ئاژەڵان بووبێت، بۆیە نەمانتوانی تێیدا بژین، ئیتر ئەمجارەیان بەرەو نەغەدە کەوتینە رێگا، لە نەغەدە خانوویێکمان دۆزیەوە کە لەو خانووەی پێشتر گەلێک پیستر بوو،خانووەکە کەوتبووە گەرەکی فارسەکان، بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو، چونکە جگە لەوەی کە لە غەریبی بووین لە هەمان کاتدا لە شوێنێک بووین، کە زمانیشمان نەدەزانی! .. عوسمان بۆ ماوەی چەند رۆژێک لامان ماوە دوایی گەڕاوە چۆمان، بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەرکی پێشمەرگایەتی و نالەباری ئەودەمەی شۆڕش" سەباح"ی* برامی نارد بۆ لام، کە ئەویش هەر پێشمەرگە بوو لەو دەڤەرە، کە خوالێخۆشبوو سەباح گەیشتە لامان دەستی کرد بە گەڕان بە دوای خانوویێکی باشتر، ئیتر سەباح خانوویێکی باشتری لە گەرەکی کوردان لە نزیک مزگەوتی حاجی قادری نزیکە بازاڕ بۆ دۆزینەوە، خاوەنی خانووەکە ناوی سلێمان ئاغا بوو، پیاوێکی ناوداری ئەو دەڤەرەیە بوو، خانووەکە بریتی بوو لە سێ ژوورو حەوشەیەکی گەورە، بەم دواییە سێ خێزان لەم خانووەی ئێمە دەژیا، ماڵی کاک رەفعەت و ماڵی کاک فاروق جەمیلیش هاتن بۆ لامان، دواتر ئەوان چوون بۆ شارێکی تری ئێران، هەر ئێمە لە خانووەکە بە تەنها ماینەوە، هەر لەو ماوەیە کچێکم بوو ناومان نا "لاجان"، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ لاجان لەبەر نالەباری باری تەندروستی کۆچی دوایی کرد، هەر لە شاری نەغەدە بە خاکمان سپارد. بۆ ماوەی ١١ مانگ لە نەغەدە ماینەوە تا هەرەسهێنانی شۆڕش. ئنجا دواتر پەیتا پەیتا دەستمان کرد بە گەڕانەوە بۆ هەولێر.

**عەزیز ئاغا**: عەزیزی حەسەن ئاغای عەوێنە، برای شەهید عوسمان سەرسۆر، لە ساڵی ١٩٣٧ لە دایک بووە، دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغدایە. لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە بە دەستێکی نامەردانە و بۆگەنی مەفرەزەیەکی بەعس شەهید کرا.

**بوسەینە خان**: خێزانی کاک ئیسماعیل یەعقوبییە، کچی یەکێک لە خانەوادە بەناوبانگەکانی شاری بەسرەیە، لە هەولێر پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی کۆمەڵایەتی هەبوو لەگەڵ گشت خانەوادە ناودارەکانی شاری هەولێر... بوسەینە خان و هاوسەرەکەی و کچەکەی لە ساڵی ٢٠٠٩ لە رێگای رومادی-بەغدا بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دواییان کرد.

**دیدار تەڵعەت یەعقوبی**: لە ساڵی ١٩٥١ لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕش کرد، دوای هەرەسهێنانی شۆڕش گەڕاوە بۆ هەولێر، دواتر نەفی کرا بۆ باشووری عیراق، لە ساڵی ١٩٩١ کۆچی دوایی کرد، کاک دیدار دەکاتە زاوای قازی رەشاد موفتی.

**سەردار سامی نورەدین ئاغا**: دەرچووی زانکۆی سلێمانییە، لە ساڵی ١٩٧٤، ئەو کاتە پۆلی چوارەمی کۆلێژی کشتوکاڵ بوو، دوای هەرەسهێنانی شۆڕش گەڕاوە بۆ زانکۆ، ئێستا بەرێوەبەری گشتی توێژینەوەو رێنمایی کشتوکاڵییە لە وەزارەتی کشتوکاڵ، کاک سەردار دەکاتە کوڕی پووری کاک عەدنان موفتی.

**سەباح**: سەباحی برایم ئاغای سەید عوبێدە، لە ساڵی ١٩٤٢ لە دایک بووە، لەساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕش کرد، لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆچی دوایی کرد، دەکاتە کوڕی پوور و خەزووری شەهید عوسمان سەرسۆر.

**بەشی سێیەم**


ئیحسان رەشاد موفتی و سەردار سامی نورەدین ئاغا - ١٩٧٤


دیدار تەڵعەت یەعقوبی - ١٩٧٤

# کوردایەتی و خامۆشییەکانی ئەزموونی فرەحزبی



حاجی مەمۆ

لە ساڵی ١٩٦٤ دا پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکەم کەرتبونی لێ ڕوودا، لە نێوان مەکتەبی سیاسی و بە شێکی کۆمیتەی ناوەندی و هەندێ دەزگای حزبی لە لایەک و مەلا مستەفا بارزانی و هەوادارانی لە لایەکی دیکەوە. سەرەتا باڵی مەکتەبی سیاسی چوونە ئێران "هەمەدان" دوایی گەڕانەوە کوردستان "عێراق" پاش نەگونجانیان لەگەڵ جەنابی مەلا مستەفا بارزانی، سەنگەری حکومەتی عێراقییان هەڵبژاردو دواتر بە دوای دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازار سەرلەنوێ لەگەڵ "بارزانی" شۆڕشی ئەیلوولی ئاشت بوونەوەو لاپەرەکی نوێی یەکگرتنەوە ساز بوو.

- جیابوونەوەی قیادەی مەرکەزی "حشع" لە حزبی شیوعی لە ساڵی ١٩٦٧ کە سەرەتا زۆربەی سەرکردایەتییان پەنایان بردە بەر کوردستان پاشان بە کۆمەڵ و تاک تاک گەڕانەوە سەنگەری بەعس و ژمارەیەکی کەمیان لەگەڵ کوردە چەپەکان تا ئازاری ساڵی ١٩٧٥ لە ژێر ناوی ئەو حزبە مابوونەوە.

-دروستبون و بەشداریکردنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ لە دروستکردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوجا جیابوونەوەیان لە یەکێتی لە ساڵی ١٩٧٩ داو دروستکردنی حزبی سۆسیالیست "حسک" لەگەڵ بەشێکی (پ.د.ک).

- جیابوونەوەو دروستکردنی کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ "د. مەحمود عوسمان" لە پارتی و دوایی یەکگرتنەوەیان لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالیست لە ژێر چەتری حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩ و دواتر دەرچوون و جیابوونەوەی دکتۆر مەحمود و هەوادارانی لەو حزبە، لە ساڵی ١٩٨٣دا.

- جیابوونەوەی بەشێکی سەرکردایەتی و کادیرانی قیادەی موەقەتەی پارتی لە ساڵی ١٩٧٩ داو دروستکردنی حزبی شەعبی دیموکراتی کوردستان بەسەرکردایەتی "سامی عەبدولرەحمان"و دواتر لە ساڵی ١٩٩٢ ئەو حزبە لەگەڵ "حسک"و "پاسۆک" حزبێکیان دروستکرد بەناوی پارتی یەکگرتن و لەپاشانیش هەر لەو ساڵەدا "سامی عەبدولرەحمان" بەشێکی زۆری ئەو پارتی یەکگرتنە گەڕانەوە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان.

- جیابوونەوەی بەشێکی کادیرانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و دروستکردنی رێکخراوی ئاڵای شۆڕش لە ساڵی ١٩٨٥ داو دەرچوونیان لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان دواتر چوونی بەشێکی کادیرانی ئاڵای شۆڕش و یەکگرتنییان لەگەڵ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کوردستانی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ساڵی١٩٨٨ و پاشان یەکگرتنەوەی بەشەکەی دیکەی ئاڵای شۆڕش لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٣ داو پاشان دەرچوونی زۆربەی هەرەزۆری کادرو بەرپرسەکانی ئاڵای شۆڕش لەناو حزبی زەحمەتکێشان و گەڕانەوە ریزەکانی یەکێتی نیشمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٥ دا.

- دەرچوون و جیابوونەوەی بە شێک لەو کادیرو ئەندامە کوردانەی کاری ناو حزبی شیوعی عێراق و دروستکردنی حزبی کاری سەربەخۆی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١داو دواتر گەڕانەوەی بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەو حزبە بۆ ناو حزبی دایک "حزبی شیوعی کوردستان".

جیابوونەوەو دەرچوونی بەشێک لە کادیرەکانی "گەنج و لاوەکان" لە ریزی حزبی سۆسیالیست "حسک"و دروستکردنی رێکخراوی ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ لە ساڵی ١٩٨٦ داو دواتر جاڕدانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

- دەرچوونی سەرلەنوێی حەمەی حاجی مەحمود لەناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و جاڕدانی سەرلەنوێی حزبی سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٩٥دا.

دەرچوون و جیابوونەوەی بەشێکی کادیرانی جزبی یەکگرتن و جاڕدانی حزبێک بەناوی حزبی رزگاری لەساڵی ١٩٩٣.

- هەبوونی چەندان رێکخراوی سیاسی ئیسلامی و کۆمۆنیستی و کرێکاری و چەپگەری توندرەوی هەمەجۆرەی زۆروزەبەن کە رەنگبێ ژماردنیان دەیان لاپەرەو سیپارەی گەرەک بێت، کە ئەوانیش لەناو خۆیان هەر لە زیادبوونی جیابوونەوەو کەرت و چەپک و چەپکی لە ژمارە نەهاتوودان.

ئەمە مێشکی خەرواری نەخشەی خەباتی سیاسی و چەکداری کوردانە، کە نیشانەگەلێکی پراوپڕی لە پچڕ پچڕی بەر سێبەری بەرژەوەندی کەسی بنەماڵەو تاقمێکی گیرساوەتەوەو تەنیا بە زیان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەمان گەڕاوەتەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ، ئەو دووبەرەکی و پەرێز شپرێوییە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک و رێکخراوە پیشەیی و دیموکراتی و جەماوەرو جڤاتی و هەتا ئەدەبی و هونەری و کلتووری و رۆژنامەگەریشی گرتووەتەوە، کە باروڕخەکەی دژوارتر و شپرزەتر کردووە. بۆ نموونە هەر حزبێک بۆخۆی رێکخراوی ناو خەڵکی تایبەت بەخۆی لە هەموو بوارەکاندا هەبووەو هەیە بەتایبەتی لاوان و گەنجان و قوتابیان و خوێندکاران و ژنان و ئافرەتان و..هتد. بەجۆرێک درێغی نەکراوە کە پارچە پارچەیی بخرێتە ناو ریزەکانی خەڵکەوە هەروەک چۆن خۆیان لەناو خۆیاندا نارێک و بگرە دژ بەیەکتری بوونە.

دوابەدوای ئەم سەرنجدانە بە تالوکەیەی جیابوونەوە زۆروزەبەندەکانی حزب حزبانێی کوردان، پێویستە بۆ ئەو فاکت و بیانوو و گوایانەش ئاوڕبدەینەوە، تاکو ببینین ئەو هەموو پەتار پەتاربوونە چی لە هەگبەدا بووەو بۆ چ کەندەڵانێکی بێهودە گلۆربونەتەوە!

خاڵی هۆکارەکانیش لە ژمارنەهاتوون، بەڵام هەرچییەک بێ و بۆ چییەک بن، بەتەنێ لەدوائەنجامدا بۆ بەرژەوەندی تاکەکەس و تاقم و ناوچەگەرێتی و خۆبەزل زانین و لاساییکردنەوەو چاولێکەری چاوچنۆکانەو خۆ دزینەوە لەبەرامبەر ئەرکە قورسەکان چەقی بەستووە.

**گرنگترین ئەو فاکتەرانەی ئەم هەموو جیابوونەوانە بانگەشەیان بۆ کردووە:**

- نەبوونی ئازادی و رادەربڕین و گوێگرتن لە حزب.
- پرس نەکردن بە کادیرو رێکخستنەکانی خوارەوە سەبارەت بە مەسەلە چارەنووسسازەکانی حزب و نەتەوەو وڵات.
- پراکتیزەنەکردنی سەرەتاکانی دیموکراتیەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری و پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراتییەت لە ژیانی ناوخۆی حزب لەلایەن سەرکردە تاکرەوەکان.
-گفتوگۆو سەوداکردن لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان لەلایەک و رەتکرانەوەو ئاژاوەنانەوەو هەڵنەکردن لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کورد.
- نەبوونی جیاوازی و تێکەڵکردن و جێگۆڕکێ و پێکردنی نێوان تاکتیک و ستراتیژ بەپێی بەرژەوەندی ئەو تاقمەی جڵەوی سەرکردایەتی بە دەستەوەیە.
- نەبوونی ستراتیژێکی هەڵقوڵاوی خواستە بابەتییەکانی خەبات.
- دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دامودەزگای رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و هاوکاریکردنیان بۆ بەرژەوەندی تاکرەوی.
- جیاوازی بیرکردنەوەی ئایدۆلۆژی و لادان و ئاستی شۆڕشگێڕی و چەپڕەوی و راستڕەوی ئەم و ئەو.
- پراکتیکی نا بەرپرسیارانە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک، لەبیرکردنیان لە دەمی سەرکەوتندا.
- خودی خەباتی چەکداری.
- داهات و دەستکەوتە داراییەکان کە هیچ کۆنگرەو کۆنفرانسێک بێجگە لە سەرکردەی ئەو حزبە بەرۆشنی پێی نازانن.
- چەک و ئازووقەو تەقەمەنی.
- پەیوەندی بە دوژمنانەوە.
- شەڕی ناوخۆی کوردکوژی بێهودە.
- نەخوێندنەوەی یەکتری و رێزگرتن لە راو بۆچوونی نەیار بەیەکتری و قبوڵنەکردنیان.
- خزم خزمانێ و عەشیرەت و ناوچەگەرێتی.
- کوردستانی بوون و عێراق، ئێران، تورکیا، سوریایی بوون.

ئەم خاڵانەو چەندانی دیکەش، وێردی سەر زمان و مۆرکی هەرەدیارو بیانووەکان بووە، کە بەشێوەیەکی تارادەیەک وەستایانە فۆرمۆلەکراون لە پێناو لە خشتەبردن و سەرخۆشکردنی کۆمەڵانی خەڵک و راکێشانی ئەندام و لایەنگرانی حزب، بە جۆرێک لەلایەن کەسانی سیاسەتمەدار، کراونەتە فۆرم و سیمای گەیشتنە حەزە تایبەتییەکان بۆ لاساییکردنەوەو چاولێکەری کوێرانەی فڵانە سەرکردەی دەسەڵاتدار.

لێرەدا نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە کاردانەوەی سیاسەتی حزبی بەعسی فەرمانڕەوای عێراق، کە لەسەرەتای حەفتاکانەوە کەوتبووە دروستکردن و سازدانی حزب و تاقم و رێکخراوی کارتۆنی ئاشکراو نهێنی بۆ چەواشەکردنی کۆمەڵانی خەڵک و لەباربردنی هەلومەرجەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردبە تایبەتی. بەشێک لەو کاردانەوەیە بە تەوێڵی دەسەڵاتی کورد لە کوردستانی خوارو و باکوور و رۆژهەڵات و هەتا خۆرئاوای کوردستانەوە بەزەقی دیارە، کە لە سێبەری حزبە دەسەڵاتدارەکاندا، دەیان حزب و تاقمی کارتۆنی زەقبوونەتەوە، کە سەرچاوەیەکی جەماوەری و فیکری و مادییان نییە، تەنیا بۆ چاوبەستەکێ و هەنجەتی دیموکراتی بوون و کەش و هەوای ئازاد دەیان دوکانی سیاسی بۆ کەسانی بودەڵەو کۆنە بەعسی و سیخوڕو جاش و ئاشی ئاولێبراو دروستکراوە و مانگانە بودجە و پارەیەکی پێ قوت دەدرێ، کە ئەمەش یەکێکە لە خامۆشییە هەرە دیارەکانی ئەزموونی حزب لەناو نەتەوەو دەسەڵاتی کوردیدا.

بە کورتی مەبەستی سەرەکی ئەو هەموو بەزم و رەزمی جیابوونەوەو کەرتبونانە خۆی بەم سەرەداو و پەتانە گرێداوە:

-نەبوونی سەقامگیری فیکری و رۆشنبیری و مەبدەئی لە بیرو مەزندەی کەسانی حزبی بەتایبەت کادرو سەرکردەکانی پێشەوە کە هەموو پەت پەتێکیان بەکاری حزبی بۆ بەرژەوەندی خودی خۆیان بووە.
- لاوازی بیرو هەستی وڵاتپارێزی و بگرە باوەڕنەبوونە بە کوردو کوردستان.
- بەسەرچیخبردنی سەدان و هەزاران رۆڵەی پاک و شۆڕشگێڕو دڵسۆز بەنەتەوەو وڵات و سووککردنی کرۆکی کاری حزبایەتی و خەبات و سیاسەتکردن.
- خەنی کردنی دوژمنە سەرسەختەکانی نەتەوەی کورد لە یەکنەبوون و چەپک چەپک کردنی چەمکی خەبات و حزب و کوردایەتییدا.
- پەکخستنی پرۆسەی خەبات و رەواییبوونی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کورد، بۆ بێ بڕوایی دروستکردنی سەبارەت بە حزب و کوردایەتیدا.
- زەمینە خۆشکردنی چاکتر بۆ لەشکری چەواشەو مشەخۆری و خەڵکی ئۆپۆرتۆنیست و فرسەت تەڵەب و لە باربردنی شۆڕش و راپەڕین و مشەخۆرکردنی خەڵک.
- پێشێلکردن و سووکایەتیکردن بەگیانی ئازادی دیموکراتی و ئاوەژووکردنەوەی گوازشتەکانیان.
- لە خشتەبردنی خەڵک و سەقەتکردنی ئەندام و رۆڵە دڵسۆزەکان، کە لە مەیدانی تێکۆشان نموونەی نەبەزی و ئازایەتی و رەوشت بەرزی بوونە.
- دەستکاریکردن و سووکایەتیکردن بە گیانی شۆڕشگێڕی.
- دەستکاریکردنی هەندێ لە رەوشت و ئاکاری بەرزی کوردەواری و سەروەرییەکانی خەبات، هەر لە دەستپاکی و داوێن پاکییەوە تا دەگاتە وەفاداری و بەخاک و نەتەوەو خۆشەویستی نێوان ژن و پیاوو خودی پیرۆزییەکانی خێزان.
- سازدان و تیژکردنەوەی سەرلەنوێی قەرسیلی رقەبەری نەیارانەو ئازاردانی یەکتری هەتا سەر ئێسقان و سڕینەوەی خۆشەویستی و رێزگرتنی یەکتری.
- بەفیرۆچواندنی فرسەتە مێژووییەکان بۆ دستکەوتی تاک.
- دۆڕاندن و بێهوودەکردنی خوێنی شەهیدان و سەروەرییەکانی نەتەوەو ئیهانەکردن بە خوێن و منداڵ و ژن و تێکڕای قوربانییەکان.
- لێکدابڕاندنی ئەڵقە پەیوەستەکانی نێوان خەبات و پێداویستییەکانی لە یەکگرتوویی و یەکرێزی کۆمەڵانی خەڵک.
- جێگۆڕکێ پێکردنی نێوان دۆست و دوژمن بۆ قازانجی تاک و جەزرەبەدانی گیانی نەتەوە.
- سەرلێشێواندن و ناچارکردنی دۆستەکانی نەتەوەی کورد لەسەر ئاستی هەموو دنیادا، بۆ بایەخنەدان بە دۆزی کوردان.

باوەشکردنە هەموو جۆرە سەودایەک بۆ مسۆگەرکردنی لوقمەی چەورو دەستکەوتی مشەخۆرانە.

- خۆشکردن و سازدانی زەمینەی فاکتەرەکانی شەڕی ناوخۆی کوردکوژی لە فۆرم و بەرگی رازاوەی درۆزنانەدا.
- رێز نەگرتن لە مافە ئاساییەکانی مرۆڤی کورد.

گەلۆ رەوتی روداوەکانی جیهان زۆر خێرایە، ئەگەر دەست وبرد بەخۆنەکەوین، بەخۆکەوتنێکی بەرنامەئامێزی رێزگرتن لە قوربانییدانە بێشومارەکانی نەتەوەو وڵات، بۆ هێنانەکایەوەی ئەزموونێکی کوردستانی ئاشکرای دوور لە مەزاتکاری وموزایەدەکردن،ئەزموونێکی یەکگرتووی خزمەتگوزار بە دۆزی هەنووکەیی نەتەوە، چونکە پێچەوانەکەی تەنیا ماڵوێرانی بۆ نەتەوەکەمان بە چاوەوە نابێت، بەڵکو لە پێشی پێشەوە سەروپۆتەڵاکی دەسەڵات و سیاسەتمەدارو سەرکردایەتی دەگرێتەوە.

ئەگەر نەتەوەی کورد لەم قۆناغی وەرچەرخانەی پێیدا تێدەپەڕێ، هەوڵ نەدات بۆ ئەوەی لە دەمی گۆڕانکارییەکاندا، کەسایەتی خۆی لەناو رەوتی سیاسەتی نێودەوڵەتی ناوچەیی و عێراقدا یەکلایی بکاتەوە، دواتر پەشیمانی دادی هیچ لایەک نادات، هەمیشە پەشیمانی خۆمان دەرخستووە، بەبێ عیبرەت وەرگرتن.

بێگومان ئەو عیبرەت وەرگرتنەش خۆی لەوە دەبینێتەوە، کە واز لە چەمکی پارچە پارچەیی زۆرتر بهێنین و دەرس و وانەکانی رابردووی پڕ کوێرەوەری و خەوشەکانی درێژەپێنەدەین، بەبیانووی کاتی و حەزی شەخسی بۆ میزاجی بەیانی و ئێوارە مامەڵە بەیەکرێزی و یەکگرتوویی ئەڵقەکانی حزب و خەبات و کوردایەتی نەکەین، ئەگەر خۆشمان تاقەتمان چووەو بەرگەی ئەو ئەرکە قورسانە ناگرین، شوکر هەموو لایەک بە دەستکەوتی زۆرو گیرفانی گەرمەوە دەتوانین سەرفرازانەو ئارەزوومەندانە مەیدان بۆ نەوەی نوێی بازووی هێز خۆشبکەین و ئاسۆی سەرکەوتنی داهاتوو بۆ نەوەکانمان دابڕێژین و تەقلیدی شۆڕشگێڕانەو گیانی خۆنەویستانە بکەینە سەرپارەی تێکڕای ئاقاربەزاندنی هەوڵ و تەقەلا سوودبەخشەکان، بۆ مێژوو سەروەرییەکی داهێنەرانە بۆ نەتەوەو وڵاتەکەمان بنووسینەوە.

**سەرنجێکی کورت:**

سەرچاوەی نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە تەنیا بۆ زادەی بیرو ئەزموونی کەسیی خۆم دەگەڕێتەوەو کەوتنە خانەی هەر جۆرە چوارچێوەو ناندانێکی حزبی رەتدەکاتەوەو بەتەنیا خۆم لێیی بەرپرسیارم و بەناوی دیاری خۆمەوەیە.

دڵنیام ناوەڕۆکەکەی هەر جۆرە لێکدانەوەو مشت و مڕێکی جیاواز هەڵدەگرێ و رێزو پێزانینم بۆ هەر جۆرە رەخنەو رایەکی جودا هەیە..

ح.م

**بەشی چل**

**تێبینی:**
ئەم نووسینە لەبری بەشەکانی دیکەی یاداشتەکانی حاجی مەمۆ بڵاودەبێتەوە.




بەرگی کتێبەکە

## مرۆ ((١٦١))



حەمید بەدرخان

# د. بەرهەم ساڵح و بودجەی ٢٠١٠

ئەمساڵ جیا لەجاران و جیا لە ساڵان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی ساڵی"٢٠١٠"ی پەسەند کرد. خۆ لەماوەی ١٧ ساڵی رابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ بودجە بەرێوە نەچووەو کارەکانی ژیانی رۆژانەی مەملەکەتی هەروا بە ئاسانی بەرێ نەکردووە.

ساڵانی پێشوو، هەروەک چۆن هەموو قورسایی دارایی هەرێمی کوردستان لەسەر داهاتی گومرگ بوو بەتایبەتیش لە زەمەنی شەڕی ناوخۆو دوو حکومەتی و دوو وەزارەتی دارایی و دوو بودجەییدا بەرێخراوە.

پاش پرۆسەی رزگارکردنی گەلانی عێراق لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و دووبارە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ و وەکو میللەتانی دیکەی دیموکراسی، عێراقیش لەلایەن پەرلەمانی هەڵبژێردراو بودجەی تایبەتی بە بەرێوەبردنی حکومەتەکەی دیاری کردو لەو بودجەیەش ١٧٪ بەر کوردستان کەوت، چ بەرکەوتنێک! دەبێ هەموو ساڵێک شەڕی مان و نەمان لەگەڵ ناحەزانی کوردو شۆڤینیستەکان ئەنجام بدرێ.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە میدیای کوردی و ئەوانەی تا دوێنێ وابەستە بە ناحەزان و دوژمنانی کورد بەسەرکردە شۆڕشگێڕە کوردەکانیان دەگوت "بودجە دەبەن، بودجە دەدزن، بۆ خەڵکی ئاشکرا ناکەن" راستە پێشوتر بودجە هەبووە، بەڵام لە پرۆسەیەکی ئاوا ئاشکراو بەرچاو روونداو بۆ راگەیاندنەکان ئاشکرا نەکراوە، حیکمەتی ئاشکراکردنی بودجەی ٢٠١٠ لەوەوە خۆی دەبینێتەوە، کە بەراستی ئیسپاتی دەکات، کە حکومەتی کۆمەڵانی خەڵکەو بەوپەڕی شەفافییەتەوە، کە بودجەی کوردستان پێشتر یەکێک بووە لەو بابەتانەی لەلایەن نووسەر و رۆژنامەو میدیاکانەوە زۆرترین قسەو توانجی لێدراوەو قسەی لەسەر کراوە بەوەی کە بودجەی هەرێمی کوردستان نارۆشنەو وردەکارییەکانی خەرجکردنی بودجە روون نەبووە، وەک پێشتریش د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بۆ کردبوو، مەبەستییەتی کابینەی شەشەم، بە کردەوە کابینەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی و ئاوڕدانەوە بێ لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و کەمدەرامەت و کەمئەندامی کوردستان و پێشمەرگەی سەنگەر و زیندانیانی سیاسی و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و لەسەرووی هەموویانەوە گەڕانەوە بۆ دێهاتەکان و گرنگیدان بەبواری کشتوکاڵ و جگە لەبوارەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵا، ئەوەی جێگای دڵخۆشی مامۆستایانی ئەکادیمیست و خوێندکارو قوتابییە زیرەکەکانە، کە بودجەیەکی تایبەت دیاری کراوە بۆ ئەوانەی ئارەزووی خوێندن دەکەن لە دەرەوەی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا لە بوارە جیاجیاکاندا بەتایبەتی بوارەکانی زانستی و تەکنەلۆژیاو ... هتد، خاڵێکی دیکەی کە زۆر گرنگە کە لە بودجەدا هێمای بۆ کراوە هاوکاری و یارمەتی ئەو توێژەیە، کە زۆر سەرسەختانە داکۆکی لە کۆمەڵگای کوردەواری و کلتووری کوردی دەکات، ئەوانیش توێژی نووسەرو رۆژنامەنووس و رووناکبیرانە، کە بڕێکی دیاریکراو بۆ سندوقی هاوکاری بۆ ئەو توێژە تەرخانکراوە.

دەکرێ بڵێین بودجەی ساڵی"٢٠١٠" یەکێکە لەو بودجانەی، کە بەشێوەیەکی زانستیانەی تۆکمە دارێژراوە، کە ئەمەش رەنگدانەوەی یەک ئیدارەیی و یەکخستنی بودجەی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێ، کە پێشتر ئەمەش یەکێک بوو لەو گلەییەو رەخنانەی بە بەردەوامی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگیرا، هەندێک کەس ئەو دیاردەیان بە بودجەی رەش یا بودجە لە تاریکی ناوزدەد دەکرد.

بۆیە جێگای خۆیەتی دەستخۆشی لەو هەڵوێستەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، کە زۆر ژیرانەو لێهاتووانە تەجاوزی ساڵانی پێش خۆی کرد بەئاشکراکردنی بودجەی ساڵی ٢٠١٠.

## ڕای پێش وەخت



دڵزار حەسەن

ماوەیەکە هەندێ نووسەر و ڕۆژنامە و سایتەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو بارگرژییە ئیعلامییەی لە نێوان یەکێتی و گۆڕان لە ئارادایە دواجار سەردەکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆ، یان زۆر جاران نموونە بە هەندێ ڕووداو دەهێننەوە، کە لە سنووری جوگرافیای شاری سلێمانی ڕوویداوە و وایدەخوێننەوە کە ڕەنگە ئەو بارگرژییە تەقەی تێبکەوێت. هەرچەندە باوەڕم بە مەنتقێک هەیە کە دەڵێت:" گۆم چەند قوول بێت مەلەی تێدا خۆشترە". بەڵام مەلەوانزان لەو یارییەدا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکات، ئەمە مامەڵەیە لەگەڵ نووسین و ئەرگۆمێنت و حیوارێک، کە جگە لە پرۆسەیەکی سیاسی و فکری بۆ یەکتر خوێندنەوە و دەرکەوتنی بەشێک لە ڕاستییەکان چیتری لێوە هەڵناهێنجرێت. ئەو گۆمەش مانای وا نییە بەو شێوەیە بشکێتەوە، کە ئەو جۆرە ڕۆژنامە و خوێندەوارانەی لای خۆمان وای بۆ چووینە کە دوا ئاکامی ئەو وەزعەش، بە یەکتر کوشتن و شەڕی براکوژی کۆتایی پێبێت. بە پێچەوانەوە ئەو جۆرە موناقەشەیەی نێوان مام جەلال تاڵەبانی و کاک نەوشیروان هەرچەندە خەڵکی پێیانوایە کاتی نەهاتووە بڵاوبکرێتەوە، بەڵام من بە کارێکی ئاسایی دەبینم، چونکە لە زۆربەی وڵاتان بە هۆی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، زۆرێک کاری لەو بابەتە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان دێتە ئاراوە، ئەمەش بە بابەتێکی نێو هەڵبژاردنەکان ئەژماردەکرێت و لە پاشان دەبنەوە برا و دۆستی یەکتری. بە مەرجێک پێویستە کارەکتەرەکانی نێو ئەو پرۆسەیە نەختێک خۆیان بەدوور بگرن لە ناوهێنان و وردەکاری دیکەوە، کە باسکردنیان فروعاتی تری لێدەکەوێتەوە. لێرەدا بەکار هێنانی وشەی قووڵبوون و قووڵبوونەوە، بەو مانایە بەکار دەهێنم، کە لە کاتی هەر کێشەیەکی فکری و سیاسیدا پێویستە " ئەوەی ژێر بەڕێ بخرێتە سەر بەڕێ"، بۆ ئەوەی هەندێ گیروگرفت، کە بە هۆی ئەو ئاڵۆزییەوە دروستبووە ساغببێتەوە. لە پاشان با پرسیارێکیش لە بەشێک لەو نووسەر و ڕۆژنامەو کەسایەتیانەی کە ئێستا لەخەمی ئەوەدانە شەڕ ڕوونەدا بکەین، ئایا هەر ئەوان نەبوون لە ڕێگەی مانشێت و دیدار و هەواڵ و نووسینەکانیان خەبەری وایان دروستدەکرد بۆنی خوێنی لێدەهات و چەندین جار سەرکردایەتی و ڕاگەیاندنی یەکێتی و ئەوانی دیکە، بە نووسراوی ڕەسمی لایەنەکانیان لێ ئاگادارکردۆتەوە، کە ئەم قسانە هی ئەوان نییەو بە دەمی ئەوانەوە هەڵبەستراوە؟! ئایا ئەوە ئێوە نەبوون بۆ خاتری دەستکەوتنی هەندێ ئیمتیازات و فرۆشتنی ڕۆژنامەکانتان و خۆکردنە بە پاڵەوان، دەمێک لە بازاڕی گردەکە دەتانخوێند و دەمێکیش لە بازاڕی دەسەڵات و حکومەت شایلۆغانتان بوو؟!!. باشە هەر ئێوە نەبوون کاتێک لە "کەی ئێن ئێن" قسەتان دەکرد نەوعێک بوو، کاتێکیش لە کەناڵەکانی یەکێتی دەردەچوون نەوعێکی دیکە بوون؟!!. ئایا تا ئێستا لەوە نەگەیشتوون ئێوە تیغ تیغەی شەڕ دەدەن، نەک لایەنەکان، چونکە ئێوە نانتان لەسەر ئەمەیە، بۆیە شمشێرتان تیژە و ڕۆڵێکی دووفاقی دەگێڕێت، بەڵام ئەوان وەک پرۆسەیەکی سیاسی و جیاوازی فکری ئەو کارە دەکەن. هەروەها دڵنیام لەوەی هیچ یەکێک لەو دەردەشە و جەدەلە ئیعلامییە سەر ناکێشێت بۆ کارێکی ئەوەها، کە خوانەخواستە تەقەی تێبکەوێت، یان بارگرژییەکە بەرە و ئاقارێکی نا ئاسایی بچێت. ڕەنگە پێشبینی ئەوە بکەم لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا ئاستی نووسین و حیوارەکان وردببێتەوە بۆ نێو شەقام و شوێنە گشتییەکانەوە، بەڵام ئەو نزمبوونەوەیە مانای ئەوە ناگەیەنێت کارەساتی بەدواوەبێت، وەکو هەندێ کەس بۆی دەچن. ئەمەش بۆ زۆر هۆ دەگەڕێتەوە، یەکێک لەو هۆیانە بەسەرچوونی زمانی شەڕە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا. لە پاشان کۆمەڵانی خەڵک، بەتایبەتی دانیشتوانی شاری سلێمانی باش لەوە گەیشتوون ژیان بە دیموکراسی و مەدەنیەتەوە جوانە.

لێرەدا پێویستە شتێک بۆ خوێنەر و زۆرێک لەو کەسانەی کە پێیانوایە نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ناهەقی بەرامبەر بە گۆڕان دەکەن و بەدەردی کورد گوتەنی "شەڕیان پێدەفرۆشن"، شیبکەمەوە. بەر لەهەموو شتێک، من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ گۆڕان و هەر ڕەوتێکی دیکەی لەو شێوەیە نییە. ئەگەر بە سروشتی خۆیان لەدایک بوو بێت و خەریکی کارەکانی بێت و بە ڕێگەی خۆیدا بڕوات، بەڵام گۆڕان نە بە سروشتی لەدایک بووە، نە بە ڕێگەی خۆشیدا ڕۆیشتووە، بۆیە ئەو پێکهاتەیەی گۆڕان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات فۆڕمێکە هەر لەسەرەتاوە بۆ ڕوخاندن و تێک و پێکشکاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دروستبووە، بۆیە زەرووره بیخەینە ژێر زمانی ڕەخنە و هەڵوەشاندنەوە. کەواتە ئێمە نامانەوێت قسەکردنمان لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان بۆ خاتری ئەوە بێت، کە ئەوان ڕەخنە لە ئەدای حکومەت و دەسەڵات و ئیدارە و فۆڕمی حزبایەتی لە کوردستان دەگرن، بەڵکو ئەم کارە هەر کەس و لایەن و گروپێک بیکات، بە مەرجێک ئەلتەرناتیڤی مەعقولی هەبێت و تەشهیر و بوختانی تێدا نەبێت. بێگومان جێگەی دڵخۆشی هەموولایەکمانە، بەڵام ئەوەی گۆڕان لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێیدەکات شتێکی دیکەیە و زۆر جیاوازترە لەو مەهامەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن. من ئێستاش لەگەڵ ئەو مانیفێستەم کە کۆمپانیای وشە لە سەرەتاکانی دروستبوونییەوە هەڵیگرتبوو، کە بەو بۆنەیەوە ١٠ ملیۆن دۆلاری لە مام جەلال وەرگرتبوو. هەروەها بڕیاری دابوو کۆمپانیایەکی ئیعلامی بۆ پرسە ستراتیژییەکان دابمەزرێنێت، بەڵام کە بوو بە لیست و ٢٥ کورسی لەسەر حیسابی زەعیفکردن و نیشاندانی ڕووی یەکێتی و ئیدارەی سلێمانی، کە بۆ هۆی ڕاگەیاندنە ئینقلابییەکەیەوە بەدەستی هێنا، بەراستی ئەوجا تێگەیشتم ئەوان بۆ تۆڵەکردنەوە و لەتکردنی یەکێتی و ئیبرازکردنی خۆیان و گروپەکەیان کاریان بۆ ئەو لیستە کردووە، نەک بۆ شتێکی دیکە. دیارە باوەڕیشم بەوە هەیە، کە ئینسان ئازادە هەر جۆرە حزب و گروپ و لیستێک دادەنێت، بەڵام ئەمەش پرەنسیپ و ئەتەکێتی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ڕەچاوکردنی نیشانەی ئاکاری مەدەنیانەی ئەو لایەن و گروپانەیە. نەک لە ڕواڵەت وا نیشانبدات کاری ئەو شتێکی دیکەیە، بەڵام لە ژێرەوە کار بۆ ڕووخاندن و زەعیفکردنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بکات. بێگومان کێشەی من لەگەڵ گۆڕان ئەوەیە، نەک شتی دیکە، چونکە ئەوان تازە چوونەتە نێو پەرلەمان و ٢٥ کورسییان هەیە، بەڵام مومکین نییە بیدەنگیش بین لەسەر ئەو تۆمەت و پەلامارانەی، کە لە ڕاگەیاندنەکانیاندا دەرهەق بە یەکێتی دەکرێت.

# "THE SPARK" (الشرارة)



**فەخرەدین تاهیر**

هەر لەگەڵ بڵاڤۆکی مانیفێستی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان،بەسەرناوی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی ... ؟

ی ن ک بایەخ و گرنگی زۆری بەکاری ڕاگەیاند داوە و هەر لەوێ دەمێ تا ئێستاکەشی لەگەڵدا بێ ئەو گرنگیدان و بایەخە نەک تەنیا لەلایەن سەرکردایەتییەوە بووە، بەڵکو لەکن کادیر و پێشمەرگە و جەماوەرەکەشیدا ئەو بایەخ و گرنگیدانەی هەر هەبووە و هەیە.

ئەوی جێگەی گوتنە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دەرەوەی کوردستانیشدا گرنگیدان و بایەخی خۆیان لە کاری ڕاگەیاندندا سەڵماندووە و هەر دوای تێکچوونی شۆڕشی کورد لەباشووری کوردستان لەساڵی ١٩٧٥ دا، ڕێکخستنەکانی ی.ن.ک لەناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا خۆیان ڕێکخست و لە شاخ لە تەک تفەنگ قەڵەمی ئازا و شۆڕشگێڕ لەسەنگەر بوو، ڕۆژنامەی شاخیش لەشارەکانی کوردستاندا بەنهێنی پانتاییێکی بەرفرەوانی داگرتبوو و کوڕ و کیژە لاو و پیاوە ئازاکانیان گیانیان خستبووە نێو لەپی دەستیان دیوار و شەقامەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستانیان بە دروشمی بژی هێزی پێشمەرگە و بژی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان پڕ کردبۆوە و لەسەرتاسەری ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبیشدا ڕۆڵی هەرە دیار و بەرچاوی خۆیان لە ڕێگای میدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ پڕوپاگەندە کردن بۆ شۆڕش و بەرخۆدان و کوردایەتی لە دەرەوەی کوردستاندا بەگەورەیی بایەخیان پێداوە و بۆ ڕای گشتی ڕۆڵی بەرچاویان لەم بارەیەوە بینیوە.

میدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دەرەوەی کوردستاندا نەک هەر بەزمانی کوردی و عەرەبی کاری ڕۆژنامەوانی ئەنجامداوە، بەڵکو بەزمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی زیندووی جیهانی ڕۆژنامەیان دەرکردووە و سەرباری زمانی ئینگلیزی بە چەند زمانێکی دیکەی بیانیش ڕۆژنامە و بڵاڤۆکیان بڵاوکردۆتەوە.

هەڵبەتە ئەوەی لێرەدا دەیخەمەڕوو بڵاوکراوەی (The Spark)ە، کە لەلایەن ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سوید بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە.

ئەم بڵاوکراوەیە بەسەرناوی The Spark

ORGAN OF THE PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN-PUK

(الشرارة) ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ پوک

لەژێریشەوە نووسراوە: بەرگی دووەم دیسێمبەری ١٩٧٨

ژمارە: ١٢

لەلاپەڕەی یەکەمدا بە دوو ستوونی یەک قەوارە دوو بابەت بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی یەکەم لە دەستی چەپ دایە و بەسەرناوی :

Military Operations Conducted by The revolutionary partisans of PUK in Iraqi Kurdistan

عەمەلیاتی سەربازی پێشمەرگەی شۆڕشگێڕی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کوردستانی عیراقدا.

Recent News

دەنگوباسی دوایی: لەم دەنگوباسەدا دوو چالاکی پێشمەرگە بڵاوکراونەتەوە.

هەرلەهەمان لاپەڕەدا لە دیوی ڕاستدا بابەتێکی دیکە بەسەرناوی:

Other military operastions

عەمەلیاتی دیکەی سەربازی:

لەم بابەتەدا باسی شەش چالاکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کراوە و پاشماوەکەشی لەلاپەڕەی دووەمدا بە دوو ستوون تەواوی لاپەڕەکەی پڕکردۆتەوەو لەلاپەڕەی سێیەمیشدا ستوونێک و نێوی تەرخان کراوە بۆ ڕاگواستنی گوندەکانی دەڤەری پشدەر و پێنجوێن و چوارتا بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان و ناوی تەواوی ئەم گوندانەش تۆمارکراون.

لەبەشی دووەمی لاپەڕەی چوارەمدا نامەی شەهید عەبدوڵڵا زۆراب بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە زیندانەوە ڕەوانەکراوە، کە دەربارەی ڕەوشی مردنی ڕێکخستنی نێو زیندانی موسل و بارودۆخیان نووسراوە.

ئەمە و چەندان بابەت و باسی گرنگی دیکە لەلاپەڕەکانی٥،٦،٧، ٨ دا چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

تەواوی بابەتەکان بە یەک فۆنت و قەوارە تایپ کراون، تەنیا ناوونیشانی سەروتارەکان هێلیان بەژێردا هێنراوە و لە ڕووی دیزاینەوە هیچ نەخشەسازییێکی ئەوتۆی بۆ ئەنجام نەدراوە، ئەوەی کراوەش تەنیا بەشێوەیەکی سادە و ساکارە وناوی بڵاوکراوەکەش بە هەمان فۆنت، بەڵام بەگەورەیی نووسراوە. لەدوا لاپەڕە کە لاپەڕە هەشتە لە نێو چوارچێوەیەکدا ئەدرێس و ئەم چەند وشەیە بەم شێوەیە نووسراوە:

Please Send Correspondence and Contributions to:

PUK-EUROPE

P.O. BOX ٧٠٨٦

Spånga, Sweden ١٦٣ ٠٧

تکایە نامە و بەشداریەکانتان بەم ئەدرێسە بنێرن.

ئەوی شایەنی گوتنە ئەم بڵاوکراوەیە بە قەوارەی A٥ و بە ٨ لاپەڕە لە گەڕەکی سپۆنگە لە شاری ستۆکهۆڵم لە سوید لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨دا، لەلایەن ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لقی سوید بە زمانی ئینگلیزی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

هەڵبەتە ئەم ژمارەیەی لە ژێر دەستی مندایە ژمارەیەکی ئۆرگینالە و چەند ساڵێک لەمەوبەر لە ستۆکهۆڵم بەدەستمخستووە و سەرەڕای ئەمە چەندان بڵاوکراوەی دیکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم لەکن هەیە، کە نەک هەر لە سوید، بەڵکو لە وڵاتانی دیکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ڕووسی ... تاد ، دەرچوون و لە ئەرشیفی خۆمدا پاراستومن، لە ئایندەیەکی نزیک هەوڵدەدەم لە توێی نامیلکەیەکدا هەموویان کۆبکەمەوە و بە چاپیان بگەیێنم.



THE SPARK

ORGAN OF THE PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN - PUK

VOLUME TWO DECEMBER 1978 NUMBER TWELVE

Military operations conducted by The revolutionary partisans of PUK in Iraqi Kurdistan.

Recent News :

1- The fascist army of the Takriti regime waged a very concentrated and massive attack against the partisan forces of the democratic revolution in Iraqi Kurdistan, between [illegible], but was repelled by the revolutionary partisans of PUK, on all fronts. the fascist army suffered (200) casualties and (4) military helicopters were shot down.

2- At the begin of November, (5 5) [illegible] agents of "Provisional K D P" headed by Azad Khaffaf tried to infiltrate into Iraqi Kurdistan, from Iran in order to undermine the revolutionary movement which is led by PUK, at the instigation of their masters in Tehran. this gang of puppets was repelled by our revolutionary partisans, (15) of these puppets surrendered to the Iraqi government forces, (7) deserted and joined the ranks of our partisans bringing (2) Doshkas with them and the other took their refuge in Iran.

Other military operations

5/8 : The government residence of the district of "Chwarta" was shelled by R.B.G., 4 soldiers were killed and 2 wounded. Then, the fascist forces started to shoot at one another in panic, many soldiers were wounded as a result.

5/8 : A unit of revolutionary partisans kidnapped three engineers near Shaqlawa, they were : Mr. [illegible] (from Pakistan), [illegible] (from Baghdad), and Salim Shabo (from [illegible]). They were released after one week.

12/8 : A unit of revolutionary partisans attacked a fascist force in Qoli - Ja (Qomash - Halabja). 8 soldiers were killed.

13/8 : An attack was waged on a fascist military column "[illegible]" between Shaqlawa and Kora. (5) soldiers were killed and an armoured vehicle was destroyed.

14/8 : A fascist force attacked the village of "[illegible]" -Halabja but was confronted by a revolutionary partisan force, (4) fascist soldiers were killed.

15/8 : An attack was waged on a military base in "[illegible]"

ژمارە ١٢ی ڕۆژنامەی (THE SPARK) (الشراره) ١٩٧٨

## تەنز

من و دکتۆر عومەر شەش ساڵی ڕەبەقی سەردەمی کۆلێژ بەیەکەوە لەیەک پۆل و لەیەک بەش بووین، دوای دەرچوون و دامەزراندنمان ئەو لەهەولێر و من لە سلێمانی، لەو ڕۆژەوە بەردەوام پەیوەندی تەلەفۆنی لەنێوانماندایە،ئێوارەیەکیان تەلەفۆنی بۆ کردم، وێڕای چاک و چۆنی و هەواڵپرسین، وتی:"چەند ڕۆژێکە کابرایەکی بازرگان چەندین ئامێری پزیشکی تایبەت بەپشکنینی هێناوە، وتم ئەگەر حەزت لێیە وەرە سەردانێکی هەولێر بکەو بەیەکەوە دەچین تەماشایان دەکەین و زانیت بە کەڵکت دێ ئیدی دەیکڕی نایکڕی ئەوە کەیفی خۆتە".

سوپاسیم کرد، بەیانی بەرە بەری چێشتەنگاو لەسلێمانییەوە بەرەو هەولێر کەوتمەڕێ و بە تەلەفۆنێک لەگەڵ دکتۆر عومەر لە شەقامی پزیشکان بەیەکەوە چووینە ئەو کۆگایەو سەیری ئامێرەکانمان کرد، وەلێ ئەقڵم تەنها ئامێرێکی گرت، ئەویش لەبەر گرانی نرخەکەو نەگەیشتین بە ڕێککەوتنێک ئەوێمان جێهێشت و لە کۆگایەکی تەکیدا هەمان ئامێرم بەنیوەی ئەو نرخە کڕی.

کات بەرەو دووی پاش نیوەڕۆ دەڕۆیشت، بەیەکەوە چووینە کەباب ئەبو شەهاب و نانێکی باشمان لەوێ خوارد و پاشان چووینەوە ماڵی دکتۆر عومەر، لەوێش تا نزیکی مەغریب مامەوە. خۆر تەواو ئاوا ببوو، بەرنامەمان دانا دوای نانی ئێوارە سەردانی یەک دوو برادەر بکەین، ئەفسووس تەلەفۆنێک ئەو بەرنامەی لێ تێکدام کاتێک دایکم لە سلێمانییەوە بە تەلەفۆن و بەدەم گریانەوە وتی:"کوڕم خێرا بگە باوکت وەزعی زۆر خراپەو بردوومانەتە تەواری" بەو ئێوارە درەنگە سەیارەم هەڵگرت و بەرەو سلێمانی کەوتمەڕێ، بۆ کورتکردنەوەی ڕێگاکە لەجیاتی بە خەتی کەرکووکدا بڕۆم، کە ڕێیەکی خۆش و دوو سایدە، خەتی کۆیەم گرتە بەر، کە ئەو ڕێیە یەک سایدەو پڕ لە پێچاوپێچ و هەوراز و نشێوە. دنیا وردە وردە تاریک داهات، تا ڕادەی هەڵکردنی گڵۆپەکان وەلێ لە شانسی من لەو هەڵبەزو دابەزینەی ڕێگەیەدا، چونکە بەخێرایی سەیارەکەم لێدەخوڕی، لە نزماییەکدا شوانێک کە مێگەلێ کارو بەرخی لەوبەری جادە بۆ ئەوبەر دەپەڕاندەوە، هەرهێندەم زانی گەیشتمە سەریان و نەمتوانی خۆم دەرباز بکەم، بە سەیارەوە کەوتمە ناو مێگەلەکەو ئێستاش شوکرانەی خوای گەورە دەکەم هیچم لێ نەهات و سەیارەکە وەرنەگەڕا، دڵنیام چونکە شوێنەکەی ئەملاو ئەولا کەندەڵان بوو، وەرگەڕامایە بێ شک خۆم بە زیندوویێتی نەدەدیتەوە، بە کەساسی دابەزیم، دڵم لە هەزار لێی دەدا. شوانەکە مۆبایلی نا بەبنا گوێیەوەو لە چاوتروکانێک هەرچی خزم و کەسوکاری پەیدابوون، خێرا گەیشتنە سەر ڕووداوەکە، دە کار و دوانزە بەرخم شل و شێت کرد، ئەوەندەی پێڕاگەیشتن، ئەوەی مردار ببۆوە مردار بۆوە، ئەوەی لەسەر گیانەلاندابوون پانزە کار و بەرخ بوو، خێرا چەقۆیان خستنە بەر مل و سەریان بڕین، بە شڵەژاوییەوە وتم:"براینە باوکم لەحاڵەتێکی خەتەردایە، بۆیە دەبێ بگەمەوە سلێمانی، من دکتۆرم فەرموو چ هەویەی خۆم، چ ئیجازەو سەنەوی چیتان دەوێ لەلاتانی بەجێ دێڵم، وەعد باوکم باشبوو هەر لەو چەند ڕۆژە دێمەوە خزمەتتان، ئێستا ئەوەندە پارەم نییە تا ئەو کارو بەرخانە بقرسێنین، بەهەرحاڵ گۆشتی ئەو پانزە کارو بەرخە بۆخۆتان ببەن و لە نۆژەندا بڕۆنە مەیدان دەکارو دە بەرخ بکڕنەوە ئیدی پارەکەی چەند بوو، کە هاتمەوە هەموویتان دەدەمێ".

هەویەو ئیجازەو سەنەویم دانێ، ئەوجارێیاندابڕۆم.بەپەلەگەڕامەوەو خۆم گەیاندە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، باوکم بارودۆخی لەو خراپانە نەبوو جێی مەترسی بێت، ئەو شەوە لای مامەوە، دوای چاودێری سێ ڕۆژ و باشبوونی لە نەخۆشخانەمان دەرکردو خۆشم لە سلێمانییەوە چوومەوە لای خاوەن مێگەلەکە. کاتێک مەڕدارەکانی ئەو دەوروبەرە زانیان هاتوومەتە ئەوێ لە چاوتروکانێک شەش حەوت زەلام گردبوونەوەو لەگەڵم دانیشتن و یەکێکیان لەهەموویان بە تەمەنتربوو، لەجیاتی گشتیان کەوتە قسەو وتی:"کەسی خاری تا پارەکە حەرام نەبێت خۆت ئاگاداری دە کار و دوانزە بەرخ شل و شێت بوو، بۆیە لەنۆژەنداو لەبەرخاتری تۆ دە بزن و دە بەرخی ئاسایی نە زۆر لاواز و نە زۆر قەڵەومان کڕیوەتەوەو نرخەکەشی چوار ملیۆن دینارە".

حەپەسام،بەهەڵپەیەکەوەوتم:"ئاخر ئەوە زوڵمە لەمنی دەکەن، خۆ من بزن و مەڕم نەکوشتووە، بۆچی ئەوپارە زۆرەم لێ دەسەنن".

کابرابەتەمەنەکەوتی:"براشوکرانەی خوا بکە لە سەروبەندی ڕووداوەکە نەمانکوشتی، تۆ ئەوە بزانە خاترمان گرتووی، فەرموو ئەگەر لەجیاتی ئەو بزن و مەڕانە، بزن و مەڕی قەڵەومان بە گران دەکڕی قەت قسەیەکت نەدەکرد". کە وتم:"باشە بەسەرچاو من چوار ملیۆنەکەی خۆم دەدەم بەس پرسیارێکم هەیە؟ ئەویش ئەوەیە ئایا من مەڕو بزنم کوشتووە یان کارو بەرخ؟" بێ باکانە وتی:"بۆئەوەی تێبگەی، کە بزن و مەڕت کوشتووە من لێت دەپرسم؟ ئایا کار یا بەرخ دوای ساڵێک، ساڵ و شتێک دەبێتە چی؟"وتم:"کارەکە دەبێتە بزن و بەرخەکەش دەبێتە مەڕ"بە بزەیەکەوە وتی:"سوپاس بۆ خوا ئێستا تێگەیشتی. کەواتە تۆ ئەگەر لەو کارو بەرخانەت نەدایە ئەوە دوای ساڵێک دەبوونە بزن و مەڕ، کەواتە تۆ بزن و مەڕت کوشتووە، نەک کارو بەرخ".

چی بڵێم؟ بەناچاری بۆیانم سەلماندو وتم:"ئێ ێ ێ ێ، دەبوو زوو تێگەیشتمایە من کاروبەرخم نەکوشتووە، من بزن و مەڕم کوشتووە". چوار ملیۆن دینارم بۆ ژماردن و پارەکەم دانێ، ئەوجا ڕێ و ڕێ گەڕامەوە سلێمانی و تا گەیشتمە جێ، هەر لەبەرخۆوە دەمووت:"یاڕەبی خێر لەو پارەیە نەبینن، وەک بەناهەق لە منتان سەند. یاڕەبی خێری لێ نەبینن".



**شاخەوان عەلی حەمەد**



## ڕۆژەڤ rojev

**عەبدولغەنی عەلی یەحیا**

### نەوتی عەرەب بۆ عەرەبە.. هی کوردیش بۆ سووتاندنی کوردە!

لە کۆڕێکی شیعریدا، شاعیرێکی عەرەبی عێراقی وتی: "بەنەوتی کەرکووک کورد دەسووتێنین"! ئامادەبووانی کۆڕەکەش لە عەرەبە شۆڤێنییەکان بە چەپڵەڕێزان، پێشوازیان لە وتەکەی کرد و ڕاگەیاندنی کوردیش بەوپەڕی نارەحەتی. جاران گلەییمان لە عەرەب دەکرد لە سەر دروشمی "نەوتی عەرەب بۆ عەرەبە" لە کاتێدا، زۆربەی هەرە زۆری نەوتی عێراق سەرچاوەی کوردستان بوو، ئێستاش زمان حاڵمان "خۆزگە بەکفن"کە هەر نەوتەکەی دەبرد، کەچی ئێستا دەیەوێ بە نەوتەکە بمانسووتێنێ!.

### ئەگەر ئەوروپییەکان سووکایەتییان بە قورئان بکردبایە چ دەقەوما؟.

دوای ئەوەی زانرا کە قورئانی پیرۆز لە ئێرانەوە بۆ پاراستنی سێو بەکارهێنرابوو و ڕەوانەی کوردستانی عێراق کرابوو، ئاوقافی هەرێمی کوردستان و کونسوڵگەریی ئێرانی لە هەولێر کەوتنە لێکۆڵینەوەو بەڵێنیشیان دا سزای بەرپرسانی کردەوەکە بدەن. ئەرێ خۆ ئەگەر بهاتبایە ئەو کارە لە یەکێ لە وڵاتانی ئەوروپا ڕوویبدابایە هەرایەکی گەورەی لێ دەکەوتەوە، بەگوێرەی زانیاریم لێکۆڵینەوەکە ڕاگیرا.

### هاییتییەکان خوێنی بەرازیان خواردبۆوە بۆیە خوا سزایدان!!

ئێوارەی دووشەممە ٢٠١٠/١/١٨ لە ڕادیۆیەکی سەر بە یەکێ لە لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستان، مەلایەک وتی: ئەو کارەساتەی لە "هاییتی" ڕوویدا غەزەبی خودا بوو، لەبەر ئەوەی پێش ڕۆژێک لە کارەساتەکەو لە ئاهەنگێکدا، لە وڵاتی ناوبراو، هەندێک خوێنی بەرازیان فڕکردبوو و خواردبۆوە!!. مەلا لە فکری چوو بوو یان نازانی، لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بوومەلەرزەیەک لە شاری "ئەغادیر"ی مەغریبی بووە هۆی کوشتنی "٥٠" هەزار هاووڵاتی لە شارەکە. لە تۆنامیش موسوڵمانێکی زۆر گیانیان لەدەستدا. سەرەڕای ئەمەش ئیداریی ئیسلامی حەماسی لە "غەززە"و دەوڵەتی "قەتەڕی" موسڵمانیش، یارمەتیی لێقەوماوانی هاییتییان دا. خۆزگە چیتر ڕێگا بەقسەی ئاوا نەدرێت لە چەشنی قسەکانی مەلا. چونکی زیان بە ئایینی ئیسلام دەگەیەنێ.

### لە "جەژنی" سوپای عێراق سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان ئامادە نەبووبوو!!

لە "٦"ی کانوونی دووەمی ئەم ساڵ، لە ئاهەنگی دامەزراندنی سوپای عێراق، جێی سەرسوڕمانی میدیاکان بوو لەبەر ئەوەی "مالیکی" سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان ئامادە نەببوو لەوەش سەیرتر لە ئاهەنگەکەدا کەسانێک داوای ئازادکردنی تاوانباری جەنگ "هاشم سوڵتان" کردبوو!

### مافپەروەرانی عەرەب داوای تەدویلکردنی تاوانەکانی "بلاک وتەر"ی دەکەن!!.

یەکێتی مافپەروەرانی عەرەب بڕیاری دادگایێکی ئەمەریکییان مەحکوومکرد سەبارەت بە تەبریەکرنی کارمەندانی کۆمپانیای "بلاک وتەر" لە کوشتنی ١٧ هاووڵاتی عێراقی، هەر چەندە هەر تاوانێک دەبێ بەسزای خۆی بگات و ڕیسوا بکرێت بە تاوانەکەی"بلاک وتەر"یشەوە. ئەرێ مافپەروەرانی عەرەب بۆچی لە تاوانەکانی دژ بە هەڵەبجەو ئەنفالکردنی کورد و کوشتنی ١٨٢هەزار کوردی بێتاوان و بێدەنگ بوون، کەچی داوای تەدویلکردنی کوشتنی ١٧ هاووڵاتی لەلایەن"بلاک وتەر"ەوە دەکەن؟.

### لەعێراق حوکمی یاسایەو مافی ئاژەڵیش پارێزراوە!!

هاووڵاتییەک بەناوی "فازڵ عۆدە"لە"ئەلڕیفاعی"پارێزگای "زیقار"سکاڵایەکی دژ بە وەزارەتی "کارەبا" تەسلیم بە دادگای "ڕیفاعی" کرد، لەبەر ئەوەی کەرەکەی بە کارەبای ستوونێکی کارەبایی تۆپی. پێش چەند مانگێکیش لە شارۆچکەی "تەلەعفەر" هاووڵاتییەک شکایەتی لە دراوسێیەکی خۆی کردبوو چونکی "مارەکە"ی خۆی کوشتبوو. وەبیرمە لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، دادگایەکی عێراقی ڕوو بەڕووی سەیرترین کێشە ببوو کاتێ پارێزەرێک لە هۆڵی دادگاکە شکایەتی لە پارێزەری دژ بە داواکەی کردبوو، لەبەر ئەوەی پێی وتبوو "ئەفەندی". پارێزەری شکایەت لێکراویش دەیووت: "من بە قەشمەری و گاڵتە پێکردن پێم نەوتووە ئەفەندی بەڵکو ویستبووم گەورەی بکەم" دەوجە وەرە دادگا بزانە بۆ سووکایەتیکردن پێی یان بۆ گەورەیی پێی وتووە ئەفەندی!.

لەسەردەمی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزیش بۆ عێراق کە ٤ ساڵی خایاند بوو، ئینگلیزەکان عەلیشیشێکیان دادگاییکرد لەبەر ئەوەی عەلیشیشەکە لەبەردەمی منداڵێک خۆی گیف کردبوو، منداڵەکەش ترسابوو، سەیر لەوەدایە ئینگلیزەکان بە زەبری تۆپ و تفەنگ پەلاماری خەڵکی عێراقیان دابوو و دەستدرێژییان لێی کرد بوو، کەچی عەلیشیشێکیان دادگا دەکرد گوایە منداڵێکی ترساند بوو.

ئەوەی لە دەرەوەی عێراق ئەم جۆرە هەواڵانە ببیستێ ڕەنگە وای بۆ بچێت کە حوکمی یاسا هەردەم لە عێراق بەرقەرار بووەو مافی مرۆڤ و ئاژەڵیش تیایدا پارێزراوە!

# دادگای باڵای تاوانەکان دەبێت کیمیابارانی هەڵەبجە بە جینۆساید بناسێنێت نەک بە کارەساتی دژ بە مرۆڤایەتی !!



**کازم عومەر دەباغ**

ڕۆژی شەممە (٢٠١٠/١/١٧) جارێکی دیکە کەیسی کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە کەوتەوە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو شاشەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دوای ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی فیدراڵ (٣٦) دانیشتنی ئەنجامدا هەر لە (٢٠٠٨/١٢/٢١) تا (٢٠١٠/١/١٧) کە دوا ڕۆژی کۆتایی هێنان بوو بەم کێشە بۆ سزادانی هەموو ئەم تاوانبارانەی، دەستیان هەبووە لە ئەنجامدانی ئەم کارەساتە تراجیدیایە کەم وێنەیە لە مێژوودا، کە دژی بە مرۆڤایەتی کراوە، تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە (١٩٨٨/٣/١٦) دووەم کارەساتە دوای تاوانە قێزەوەنەکەی، کە دەرهەق بەهەر دووشاری هێرۆ شیماو ناکازاکی ئەنجامدرا.

ئەگەرچی قەبارەی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە گەلێک جەرگبڕو ماڵوێرانکەربوو بە هەزارەها شەهیدو برینداری لێکەوتەوە بەهەزارەهاش سەرگەردان و دەربەدەری وڵاتی ئێران و شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان بوون.

بەڵام بوو بەهەوێنی مەسەلە ڕەواکەی میللەتەکەمان، ڕێڕەوی خەبات و تێکۆشانی چەندین ساڵەی گەلەکەمانی گۆڕی . مەسەلەی کوردی بە ئاقارێکی دیکەدا برد، وایکرد لە کۆڕو کۆبوونە نێودەوڵەتییەکان بەچاوی پڕ بەزەییەوە سەیری ئەم دۆزە بکرێت، ئەمەی جێگای داخە تا سەرهەڵدانی ڕاپەڕینیش لە بەهاری (١٩٩١) هەموو وڵاتانی جیهان بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتە ئیسلامییەکانیش لە ئاست ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییە کپ و بێ دەنگ بوون، لەدوا ڕۆژدا مێژوو لەسەر لاپەڕە ڕەشەکانی خۆی باس لەم بێ دەنگییە دەکات و بۆ نەوەکانی دەگێڕێتەوە !!!

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ئەمڕۆ بووە بە پێناسەی میللەتەکەمان و مەسەلەی کوردی لەم چوار چێوە تەنگە دەرهێنا، کە ڕۆژانێک بوو بێجگە لە شاخ و ئەشکەوتەکان کورد پەناگایەکی دیکەی شک نەدەبرد، بەڵام ئەمڕۆ کێشەی کورد بووە بەبابەتی باس لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی نێودەوڵەتی بە شێوەیەک سەرکردەکانمان ڕۆڵی ناوبژیوانی چالاک دەبینن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوەوەو دەرەوە، لێهاتوویی سەرکردەکانمان بیرو بۆچوونە هەڵەکانی دوژمنانی پووچەڵکردەوە .

کورد ئەمڕۆ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق و دنیا هەزارو یەک حیسابی بۆ دەکرێت، سەرکردایەتی کوردیش دەبێت بایەخ بە شەهیدان و زیان لێکەوتووانی گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بدات. بۆ سارێژ کردنی برینە بە سۆیەکانیان، دەبێت هەوڵیش بدرێت ئەم کارەساتە لەلایەن حکومەتی عێراق بە تاوانی جینۆساید بناسرێت، نەک بەتاوانی دژ بە مرۆڤایەتی!!

# عەلی حەسەن مستەفا: بەداخەوە تا ئێستاش پەند لەو هەموو شۆڕش و جووڵانەوانە وەرنەگیراوە



عەلی حەسەن مستەفا

**شۆڕشە سەرنەکەوتووەکانی کورد**

بەدرێژایی مێژووی گەلی کورد لە خاکی باوباپیرانی، لە هەموو لایەکی ئەم کوردستانە دەیان بگرە سەدان شۆڕش و ڕاپەڕینی بەرپا کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچیان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە بەو ڕادەیە، بەڕای من هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی خوارەوە :-

سەرکردایەتی کردنی هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لەلایەن سەرەک خێڵ و شێخی تەریقەت و مەلا و پیاوانی ئاینییەوە بووە، کە هەر خۆیان بەڕاست زانیوە و گوێیان نەداوەتە ڕای گشتی خەڵک، بەبێ نەخشە و پلان ڕوو بەڕووی داگیرکەران دەبوونەوە، بەڵام هەموو داگیرکەران زانیاری تەواویان لەسەر باری سایکۆلۆجی کورد هەبووە، بۆیە زۆر سەرکەوتوانە پیلانیان دژ بە بزووتنەوەی کورد گێڕاوە، ئەویش بەهاندانی هەندێک تیرە و هۆز لە دژی شۆڕش و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، بۆیە چەک و پارەیان دەبەخشییە ئەو تیرەو هۆزانە جا لێرەدا یەک ڕیزی جەماوەر لەبەر یەک هەڵدەوەشایەوە وهیوای سەرکەوتن کز و لاواز دەبوو، سەرباری ئەوەی دوژمنایەتی دەکەوتە نێوانیان ئاشتبوونەوەشیان شتێکی زۆر گران و قورس دەبوو.

ئیتر ئاشتبوونەوەش نەبوو، لەبەر ئەوەی دەستکەوتی مادی باشیان دەست دەکەوت، داگیرکەرانیش لەوێ لە پڕوپاگەندەو دەست تێوەردان لە ڕێکخستنی ڕاپەڕینەکە درێغیان نەدەکرد، جا ئەو شۆڕشە چەندە درێژەی بکێشایە زۆر یا کەم سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا، لەبەر ئەوەی داگیرکەرانیش خاوەن سامان و پیشەسازی بەهێز بوون، زۆر جاریش وابوو کە قورئانی پیرۆزیان بەدیاری بۆ سەرکردەکانی ئەم ڕاپەڕینانە دەنارد تا لەژێر کاریگەری ئاینی پیرۆز و کتێبە ئاسمانییەکان فێڵ لە گەلی کورد بکەن و شکست بە هەوڵەکانیان بهێنن لە پێناو ئازادی و سەربەستی خاک و نەتەوە پڕ لە شکۆکەیان، گەلی کوردیش گەلێکی موسوڵمان بووە زۆر پەیوەست بووە بەئاین، بۆیە شکست خواردوو بوون بۆ نموونە پاشای گەورەی میری سۆران بەوتەی مەلای نامەلا خۆی دایە دەست سوڵتانی عوسمانییەکان، ئەوانیش زۆر بە نامەردی لە ناویان برد. هەروەها سمکۆی جەوهەر ئاغای برای کە قورئانیان بۆ هێنا بەهەمان شێوە لە سەر سفرەی نان خواردن لە ناوبران، زۆربەی زۆری سەرکردەی شۆڕش و جولانەوە کوردییەکان بەفێڵ لەژێر هەزاران پەردە، بڕو بیانووی بەکافری و یاخیبوون و ئاژاوەنانەوە و لە ئیسلام لادان لەناو بران و جولانەوەکانیان کپ کراونەتەوە . هەروەها ئیمارەتەکانی بابان و بۆتانیش بەهەمان دەرد سەر ئەنجام کۆتایی بە دەسەڵاتەکانیان هێندرا.

بەڵام بەداخەوە تا ئێستایش پەند و وانە لەو هەموو شۆڕش و جولانەوانە وەرنەگیراوە، هەر کەس جڵەوی شۆڕشی گرتبێتە دەست حسابی بۆ ئەوی دیکە نەکردووە و راوێژ و پلانی لەگەڵیان دانەڕشتووە. تاوەکو شۆڕش سەر بخەن بەمافی چارەی نەتەوەکەی خۆیان بگەن و لەو هەموو ڕارایی و نەهامەتی و دوودڵییە ڕزگاریان بکەن هەروەها لە باسی زەرەرمەندی کوردستان لە هەموو ڕوویێکەوە، کە لەم شۆڕشانە لە دەستی داوە، دەتوانین بڵێن کورد قوربانییەکی لە ژمارە نەهاتووی ئامار نەکراوی داوە بۆ ئەو مەبەستە و بەهەزاران گوندی سوتاو و کاول کراو و بەهەزارانیش ئەنفال و کیمیا باران بگرە سەدان جار ڕووبەڕووی کۆچی خۆنەویست بۆتەوە، سەرکردەکانی توشی نەهامەتی و دوورخستنەوە بوونەتەوە لە هەموو پارچەکانیدا، ئەمە سەرەڕای ملی ڕێگرتنی بەناچاری بۆ مەملەکەتی نامۆ بەهەموو دابوو نەریتێکی گەلی کورد لەگەڵ ئەو هەموو ڕێگرییەی لێیان کراوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دیواری زیندانێکی ئەبەدی بیانهێڵنەوەو نەتوانن دەنگی گەلەکەیان بە جیهان بگەیەنن، ئێستاش کە شۆڕش هەر بەردەوامە و پیلانەکانیش دابڕاو نین لە هەوڵی خەریک کردنمان بەیەکتری و لەناوبردنی یەکتر. لەجیاتی ئەوەی کە ئەمڕۆ زۆر زیاتر لە جاران لە یەکتر نزیک ببینەوە، لەبەرئەوەی ئەم سەدەیە وا پێویست دەکات ئێمەش وەک گەلان لەهەوڵی تەکنەلۆجیا و زانستی سەردەم بین بەئازادی و بێ ڕێگری بە بیانووی جیاوازی نەتەوە، هەروەها بتوانین هەموو دۆست و دراوسێکانمان و لە خۆمان ڕازی بکەین لە مێژووی خوێناوی خۆمان هۆشیاریان بکەینەوە، بۆئەوەی بیسەلمێنین ئێمەش گەلێکی چەند ملیۆنین وەکو هەموو گەلانی دنیا توانای بەڕێوەبردنی خۆمانمان هەیە ئیتر چارەی ئەم گەلە بەدەستی خۆی دیاری بکات نەک بەدەستی دوژمن شەهید بکرێ و بەکوشت بدرێ، چونکە ئێمە لەبنەڕەتدا ناحەزی یەکتر نین و نەبووین، بەڵام داگیرکەران تەفرەقەیان خستۆتە نێوانمان، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر بیرکردنەوەی سەرکردەی جولانەوەی شۆڕشی کورد تا چ ڕادەیەک دەتوانن ئەم پارسەنگییە ڕابگرن لە نێوان هۆزو تیرە و خاوەن موڵک و سەرۆک عەشیرەتەکان، بۆ ئەوەی ئەوانیش ڕێک بن بەیەکەوە داوای مافی نەتەوایەتی خۆیان بکەن، ئەگەر بڕوانینە ئەو زەرەرو زیانانەی کە ئەو چینانە دەبنە پاڵپشت و داردەستی دوژمنان، کە چەند کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر کۆمەڵی کوردەواری بەش بەشمان دەکات لە گۆڕەپانی بەرەنگاری و بەرهەڵستی کردنی دوژمنان. ئەم چەند دێرەی بەڕێز مەلا ئەحمەد بە نموونە دێنمەوە:

**بەسیەتی تاکەی بناڵم من لەداخی دەردی تۆ**

**سەد هەزار نەعلەت لەو کەسەی بۆتە کۆسپەی چینی خۆ**

**ئاسمانیش پڕ بوو لەدەنگم گوێت نەدامێ کاتی خۆ**

**یەکگرتن سەرکەوتنە یەکتر مەخۆن خۆبەخۆ**

**ڕێ دیارە چەوتە ڕێ و لارێ مەڕۆ**

**نۆکەری بێگانە کردن پەشیمانی و ڕەنجەڕۆ**

دوژمنان خۆشیان دەڕواننە عەقڵ و سیاسەتی کورد وەکو هەرگیز لە کورد جیا نابنەوە هەرچی کارێک بکات بە نموونە لە شۆڕشی تازەی گەلەکەمان، کە بەعسییەکان ژمارەیەکی زۆر فەوجیان لە ناو کورد دروست کرد، بەڵام ئەوکاتە سەرکردەکانی شۆڕش بەیانی ئاشتبوونەوەی گشتیان ڕاگەیاند بۆ هەموو ئەوانە کەچەکیان بۆ ئەو ڕژێمە هەڵگرتبوو لەگەڵ ئەوەی کە چوار هەزار گوندی کوردی لەگەڵ زەوی تەخت کردبوو ئەوەبوو زۆربەی زۆریان پەیوەندیان کردەوە بە براکانیان و هاتنەوەی ڕیزی شۆڕش و گەل هەروەها بە هەردوو شۆڕشی نوێ و ئەیلولی گەلەکەمان تەمەنی خەباتی چەکداری و شۆڕشگێڕیان گەیشتۆتە پتر لە چل ساڵ، کە خۆم بەشداری ڕاستەوخۆم هەبووە لە هەردوو شۆڕشەکە وەکو لەپێشدا ئاماژەم پێ کردووە دروستکەرو دامەزرێنەری ڕێکخستنەکانی پارتی لە دەشتی هەولێر گەردیایەتی و بەڕانەتی و قەراج و کەندیناوە و موڵکێ و ناوچەی قوشتەپە و دەشتی کۆیە و بەشداری زۆر ناوچەی ترم کردووە، وەک ڕواندوز و دامەزرێنەری لیژنەی ناوچەی جوتیارانی دەشتی هەولێر بووم، هەر خۆم ئەم ناوەم بۆ هەڵبژارد. هەروەها لەهەموو ئەو تەمەنی شۆڕش و خەباتی چەکدارییەدا دەیان جار هەلی سەرکەوتنی باش بەدەست هاتووە، بەڵام بەداخەوە لەبەر دووبەرەکی و تانە وتەشەر لەیەکدان و تۆمەت دروست کردن بۆ یەکتری نەمان توانیوە وەکو پێویست بەرەوپێشەوە بچین هەتا ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١، کە سەرکەوتنێکی هەمەلایەن و بێ وێنەبوو بۆ گەلی کورد.

ئەویش ئەو پلەوپایەی کە بەدەستمان هێناوە بەتاریکی و ناتەبایی خۆمان هەندێ جار دوژمن و داگیرکەران دڵخۆش دەکەین، سەرەڕای ئەوەش ئیرادەی پۆڵایین قوربانی و جەورو ستەم و شەهید و ئەنفال و کیمیا باران و بێ سەرو شوێن کردن و ڕاپێچکردنی برا فیلییەکان هەروەها سوتان و وێران کردنی زۆربەی زۆری ناوچەو دێهاتەکان بەبیانووی جیاجیا و وای کردووە، کە ئێمە جێ لەق نەبین و ئەمانە خۆیان لەخۆیان هاوارێکی یەک پارچەی گەلی کوردە و هەلی یەکدەنگیمان بۆ دەرەخسێنێت لەنێو ڕێکخراو و نەتەوەکان و وێژدانی مرۆڤایەتی بۆیە داواکارین هەستی نەتەوایەتی لەنێوانماندا بەهێزتر بێت، شەهیدان دڵشاد بکەین و بیسەلمێنین، کە گەلی کورد لەگەڵ هەموو دۆستەکانی خۆیدا لە یەک ئیدارەی کوردیدا برەو بەبەرژەوەندی کورد دەدەن، نەک بە بەرژەوەندی حزبی.

بەبیرو بۆچوونی من ئەو سەرکردانەی، کە سەرپەرشتی شۆڕشەکانیان کردووە چ سیاسی یا خاوەن موڵک و مەلا و سەرۆک هۆز بووە لەبەر چاو دیارن، کە شۆڕشەکەیان ئەو بەرهەمەیان نەبووە کە گەل دڵخۆش بێت پێیان، هەریەکەش بە ئەندازەیەکی زۆر زەرەریان داوە، هەر ئەوەش بوو زۆر لە زانا و شاعیر و نووسەر لە وڵاتی غەریبیدا سەریان ناوەتەوە و کۆتاییان بەژیانیان هێناوە، جێگای سەرسوڕمانە تاوەکو ئێستا بیر لە ڕێگا چارەی تر نەکراوەتەوە جگە لە چەک و شەڕی بەرامبەریدا نەبێ. وەکو بیرکردنەوە نهێنییەکانی ناوگەلەکەمان لە نێوانە چینە ڕووناکبیر و خوێندەوارو باڵادەستەکان، کە پێویست بوو ڕاپەڕین یان مانگرتن یان دروستکردنی نوێنەران بۆ ناردنی هەواڵ و دەنگی کوردی بۆ هەموو لایەکی جیهان بەشێوەی یاداشت و بیرخەرەوە، کە عەرەب پێی دەڵێن ( عصيان المدني ) .

**بەشی سی و دوو**

## ستراتیژ



**سمکۆ محەمەد**

## جەنگی تایبەت

ڕەنگە تێگەیشتن لەچەمکی "جەنگی تایبەت"، تائێستا لەئەدەبیاتی سیاسی ئێمەدا ڕۆشن نەبێت بۆ هەموو خوێنەرێک، تەنانەت ڕەنگە بۆ سیاسییەکانیش کەلەنێو حزبە کوردستانییەکاندا سیاسەت دەکەن بابەتێکی نوێ بێت، جەنگی تایبەت جەنگێکە لەنێوان دەستەبژێرێک کەدەسەڵاتدارن بەسەر کۆمەڵگاوە و بەشێکە لەجەنگی دەروونی، بەڵام ئەم جەنگە ڕانەگەیاندراوە بۆیە نەدەنگی هەیە و نەڕەنگ، نەسەنگەری دیارە و نە ماڵوێرانی بەدواوەیە و نەخوێنی تێدا دەڕێژرێت، زۆرجار سوپاو سەرکردە و پاڵەوانەکانیشی دیار نین، بۆ نموونە ئەوەی کەلەنێو مەحفەلی سیاسی حزبە کوردییەکاندا دەبینرێ و حاڵەتێکی دەروونی دروست کردووە، دواتر هەمان گوتار لەواقیعی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئێمە ڕەنگدەداتەوە، جەنگی تایبەتە، ئەوەی کەبازرگانێک بێویژدانانە کاڵای خراپ و بێکەڵک هاوردە دەکات و دەسەڵات لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکات، دواتریش کڕیار بەناچار دەیکڕێت، ئەوەی کەڕۆژنامەنووسێک بەئاگا و بێئاگا بەفیتی کارەکتەرێکی سیاسی، بابەتێک دەوروژێنێت و بڵاوی دەکاتەوە و خوێنەریش هەمان زمان بەکاردێنێت و جەنگی دەروونی لێ بەرهەمدێت، ئەوەی کەدکتۆرێک تەنها بەخاتری مەنفەعەتی خۆی و دەوڵەمەند کردنی کۆمپانیاکانی دەرمانسازی مامەڵە لەتەک نەخۆشدا دەکات و نەخۆشیش بەناچاری قەبوڵی دەکات، ئەوەی کەمامۆستایەک بەبێ مەعریفە منداڵی کورد پەروەردەکات، یاخود سیستم و میتۆدی پەروەردەی خراپ پراکتیک دەکرێت بەسەر قوتابیاندا، لەمڕاستاییەشدا قوتابیش کەکادری چاک و جیلێکی چالاکی لێچاوەڕێ ناکرێ تاکو لەم جەنگە خۆیان و کۆمەڵگاش ڕزگار بکەن، ئەوەی کەیاساکان پەراوێز دەخرێن و لەدەرەوەی یاسا کایەکان بەڕێوەدەچێت و. هتد، هەرهەموویان جۆرێک جەنگی تایبەتن کەلەگەڵ خەڵکی کوردستان دەکرێت و هەرچی بەهای ئینسانی هەیە زیندەبەچاڵی دەکات کە ئێستا بەچاو دەبینرێ و هەستی پێدەکرێ.

من بۆیە دەست بۆ ئەم چەمکە دەبەم و قسەی لەسەر دەکەم، چونکە لەدوای ئەوەی جەنگی ئاشکرای نێوان لایەنەکان و ساردبوونەوەیان فەزایەکی تری خوڵقاندووە، لەئەزەلەوە وەکو تیۆری سیاسی نەهاتۆتە نێو ژیانی ئێمەوە، بۆیە بەبێ ئەوەی شارەزایان و مامۆستایانی کۆلێژ ئەم تیۆرە شیبکەنەوە بۆ خەڵک و هۆشیارییەکیان لەبارەیەوە هەبێ، سیاسییەکان خۆڕسکانە خاوەنی ئەم خەسڵەتەن، نەک ئەوەی لەژیانی ئێمەدا بەئاگاهانە پراکتیک کرابێت، بەڵکو ئەم جەنگە کەسیاسییەکان سەرمەشقین و ڕەواجی پێدەدەن تاکو تەمەنی سیاسیەت لەم ناوچەیە زیاتر درێژە بخایەنێت بەو ستایلەی کەچەند ساڵێکە کاری پێدەکرێ، بۆتە نەریتێک و کارێکی کردووە کە خەڵکیش بەبێ ویست و ئارەزووی خۆیان بەشداری تێدا بکەن، وەختێکیش لەبواری کۆمەڵایەتیدا دەبینین و وردکراوەتەوە بەناڕاستەوخۆ، هەموو کێشەکانی تری لەگەڵ خۆیدا بەکێش کردووە، بۆ نموونە مەسەلەی ژن کە کراوە بەبازاڕێک و نانی پێوە دەخورێ، هەر لەپێداویستییەکانیانەوە بگرە کەدژی ئازادییە کەسییەکانە، تاکو دەگاتە ئەو هەڵسوکەوتەی کەلەگەڵ پیاو دەیکەن یان لەگەڵ سیاسەت دەیکەن، مەسەلەی گەنجان کەئەویش بۆتە بازاڕی ڕێکخراوە بەناو مەدەنییەکان، بەهەمان شێوە جەنگێکی تایبەتە لەگەڵ خودی ئەو توێژە دەکرێت، چونکە هەرچی تموحیان هەیە لەغەریزەکانیاندا کۆکراوەتەوە، لەبری ئەوەی هانبدرێن بەشداری پرۆسەی سیاسیەت بکەن و چالاکی بنوێنن، بەناڕاستەوخۆ دەکرێنە پاشکۆ و ماتریاڵێک بۆ خودی جەنگەکە، بۆیە لێرەوە تێدەگەین کە نەک هەر خەڵکی سادە، بەڵکو شەریحەکانی تریش هەستی پێناکەن کە هەموومان بەشداری لەجەنگی تایبەت دەکەین.

# ڕۆژ بە ڕۆژ



**هەڵبژاردەی تۆماری ڕووداوەکانە لە دەفتەرە تایبەتییەکانمدا، پاکنووسی هەیڤی پێنجەم لە نێوان ٢٣ی ئۆکتۆبەر تا ٤ ی نۆڤمبەر ساڵی ١٩٩٢**
**شێرزاد هەینی ـ ستۆکهۆڵم**

**ڕۆژی ٢٣ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٢٣ دەرچوو.
* حکومەتی تورکی بە هێزە ئاسمانییەکان و سوپاوە هاتووتە ناو خاکی کوردستانی عێراق، بەدژواریش شەڕی پەکەکە دەکەن. سەرۆکی تورکی سلێمان دیمیریل وتوویەتی: ئێمە نامانەوێت سوپاکەمان لەناو خاکی عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە، پاش کۆتایی کارەکانمان و پێکانی مەبەستەکەمان سوپاکەمان لەو ناوچانە دەکشێنەوە.
* چوار ئەندامی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن لەبەر کێشەی هونەری سنوورەوە نەگەیشتنە ناو خاکی کوردستان، بەپێی ئەو هەواڵەی ئاژانسی "بی بی سی" ڕەنگە بەیانی ئەوانیش بگەنە کوردستان و کۆنگرەکە بەردەوام بێت.

**ڕۆژی ٢٤ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (الاتحاد) ی زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی ژمارە سفری بە زمانی عەرەبی لە هەولێر دەرچوو. ڕۆژنامەکە جوان و باش بوو.
* ئیمڕۆ بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ڕۆژنامەی هەولێر، کە لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرەوە بەنیازین دەربچێت، سەردانی وەزارەتی ڕۆشنبیریم کرد، ڕۆژنامەکە خاوەنی ئیمتیازەکەی سەرۆکی شارەوانی دەبێت، بیرۆکەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لەلایەن منەوە بووە و ئامادەییم دەربڕیبوو هەموو کارەکانی بکەم، ناوی منیش وەک سەرنووسەری ڕۆژنامەکە هەبوو، بۆ داوای ئیمزاش، خۆم بردمە لای (شێرکۆ بێکەس) ی وەزیری ڕۆشنبیری، ئەویش ڕەزامەندی لەسەر مۆڵەتەکەی دەربڕی.

**ڕۆژی ٢٥ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٢٤ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٤٥ دەرچوو.
* بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی شارەوانی چوومە لای وەزیرەکەمان (کافیە سلێمان) بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندییە ئیداری و داراییەکەی دەرچوونی ڕۆژنامەی هەولێر، پاش ئەوەی ڕەزامەندی نیشاندا، داوام لیکرد وتاری یەکەمی پێشەکی ڕۆژنامەکەمان بۆ بنووسێت، دیارە ئەویش بڕیاری دا وتارەکە بنووسێت.
* مام جەلال وتبووی مۆڵەتی ترمان بە پەکەکە داوە ناوچەکە چۆڵ بکەن. هەروەها وتبووی لەبەر نەگەیشتنی چەند ئەندامێکی کۆنگرەکە، بۆیەش کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن دواخرا.
* تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان دیمانەی لەگەڵ کەسایەتییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەکرد، لەوانە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئەلقەزوینی و فەتوحی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دیموکراسی عێراقی، ئەوانەی لەگەڵ سیستەمی فیدراڵیەتن، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیان قبوڵ بوو.

**ڕۆژی ٢٦ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٢٥ دەرچوو.
* کەمال فوئاد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە شەقلاوە سەبارەت بە ڕەوشی پەکەکە وتی: گفتوگۆ لەگەڵ جێگرەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کراوە، بڕیاریان داوە بارەگاکانیان تەسلیم بکەن، هێزەکانیان بهێنە ناو قووڵایی کوردستان، جەوهەر نامیق سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا هەمان قسەی کردبوو.
* بنکەی سەرەکی پەکەکە لە ناوچەی خواکورک دەکەوێتە بن دەستی هێزە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی تورکیا. ئەو هەواڵەش لە بی بی سی بڵاوکرایەوە.
* حکومەتی بەریتانی دوو ملیۆن و ٤٠٠ هەزار پاوەندی لە بەشی خۆیدا داوەتەوە بەو تیمەی، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فریاکەوتنی کوردەکانی عێراق دایانمەزراندووە.
* کە ڕێگای تورکیان کرایەوە هاتوچۆیەکان ئاسان دەبێتەوەو نرخی ئازووقەش هەرزان دەبێت.
* سەفەرکردن بۆ شاری موسڵ و کەرکووک لەلایەن ئاسایشەوە قەدەغەکراوە، زۆر بە دەگمەن پسوولەی سەفەرکردن دەدەنە هاووڵاتیان. مەبەستیش لەو توندکردنەی سنوورەکەش لە ترسی کاری خراپەکارییە، نەوەک بەکرێگیراوان زەبری کوشندە لە هەرێمەکە بوەشێنن.
* ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر کۆدەبنەوە تا ناوی نوێ لە شەقام و گۆڕەپانەکانی شار بنێن، بۆ ئەو مەبەستەش دوو ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردستانیش داوەتکرابوون.

**ڕۆژی ٢٧ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستان نوێ)ی ژمارە ٢٢٦ دەرچوو.
* بەپێی هەواڵی ئاژانسەکان بڕیار دراوە کەوا هێزەکانی پەکەکە چەکەکانیان دابنێن، ئارەزوومەندانە لەناو عێراق یان تورکیا و ئێران و سوریا دانیشین.
* بڕیارە کۆنگرەی داهاتووی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەسەلاحەددین باس لە دوا سیستەمی فیدراڵیەت بۆ عێراق بکەن.
* لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان دکتۆر عەبدولحوسێن شەعبانی سەرۆکی ئەنجومەنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە لەندەن وتی: مەسەلەی دیموکراسیەت بە سیستەمی حکومی فیدراڵیەت دەچەسپێت.
* چەند ڕۆژێکە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا پەخشەکەی بوویتە یەک سەعات، ڕۆژانە لە کاتژمێری ٥،٣٠ بەیانییەوە تا کاتژمێری ٦،٣٠ بەردەوامە.
* سلێمان دیمیریلی سەرۆکی تورکیا کۆتایی بە سەردانەکەی ئێران دەهێنێت، لەو سەردانەدا بڕیار دراوە بۆ باسکردنی ڕەوشی کوردستان لەگەڵ حکومەتەکانی سوریا و ئێران بەردەوام دیمانەیان هەبێت، کار بۆ ئەوە بکەن بۆ ئەو مەسەلەیە نیگا و بەرنامەیان یەک بێت، هەر لەو سەردانەدا لەگەڵ محەمەد باقر ئەلحەکیمی سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامی عێراقیش کۆبوویتەوە.
* گۆڤاری (نۆژەن) ی حزبی زەحمەتکێشان ژمارەی دووەمی دەرچوو، ژمارەی یەکەمی ئەو گۆڤارە لەلایەن ئاڵای شۆڕشەوە لە ئێران و پێش ڕاپەڕین دەرچووە، پاش ئەوەی لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشان یەکدەگرنەوە بڕیار دەدەن گۆڤارەکەیان بەردەوام بێت. گۆڤارەکە لەڕووی ناوەڕۆک و بابەتەکان باش بوو.

**ڕۆژی ٢٨ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٢٧ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٤٤ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (نیشتیمان) ی ژمارە دوو دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ی ژمارە ١٥ دەرچوو.
* مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە دیمانەیەکدا لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان وتی: هەندێ لایەن داوا دەکەن باسکردن و براندنەوەی مەسەلەی فیدراڵیەت بۆ پاش ڕووخانی سەدام حوسێن هەڵگرن، بەڵام من وادەزانم ئەگەر وا بکەن، وەک ئەفغانستانمان لێ دێت، ئەوانیش هەموو حزبەکان سەرەتا مەبەستیان تەنها ڕووخانی ڕژێمی (نەجیب ئەڵلە) بوو، کە ئەو ڕووخا پلانیان بۆ دوارۆژی سیاسەتی دەوڵی دانەڕشتبوو، بۆیە زوو کەوتنە ناو گێژاوی شەڕی ناوخۆ، زیانی زۆریان لێکەوت، هەر ئەو هێزانەش کە بەیەکەوە لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوو کۆک و هاوسەنگ بوون.

**ڕۆژی ٢٩ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٢٨ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا بابەتێکم بە پیرە کوردستان لەسەر شانەدەر نووسیبوو بڵاوکرایەوە. هەر لەو ژمارەیەدا نووسرابوو کەوا پاش دانوستان لەگەڵ نوێنەرایەتی سەرکردایەتی پەکەکە فەرهاد ئۆجەلان شەڕەکە ڕاوەستاوە. بەڵام هەواڵێک لە بی بی سی بڵاودەبێتەوە کەوا وەفدی پەکەکە بە سەرۆکایەتی فەرهاد ئۆجەلان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەگەیشتوونەتە ڕێکەوتن.

**ڕۆژی ٣٠ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٢٩ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (الاتحاد) ی ژمارە یەک دەرچوو.
* دەڵێن کە فەرهاد ئۆجەلان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بووە دکتۆر ڕۆژ نوری شاویس و فەرەنسۆ هەریری بە ڕەقی قسەیان لەگەڵدا کردووە، پێش ئەوان ئەو دیمانەی مام جەلالی کردبوو.
* هاتوچۆ بۆ موسڵ و کەرکووک نییە، سەیتەرەکانی ناو حکومەتیش زۆر توندە.
* لە بەرامبەر یانەی ڕاگەیاندنی پشت شارەوانی هەولێر نارنجۆکێک دەتەقێتەوە، بەڵام لە شوێنە گشتییەکە دوور بوو، بۆیە هیچ زیانی نەبوو.

**ڕۆژی ٣١ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

* لە ناو قەرەباڵغی بازاڕی شێخەللا نارنجۆکێک دەتەقێتەوە، زیاتر لە ٢٠ کەس بریندار بوون، لەوانە برینداری سەختیشیان لەناودا هەبوو.
* کاک مەسعوود بۆ دەنگی ئەمریکا قسەی کرد، داواکاربوو هێزەکانی حکومەتی تورکیا بەزووترین کات لەناو کوردستان بکێشنەوە، چونکە ئەوان لەگەڵ تورکیا ڕێکەوتنی مانەوەی هێزەکانیان نەبووە.
* خەڵکی نیگەرانە لە مانەوەی سوپای تورکیا لەناو سنووری کوردستان، دەڵێن هێزەکان لە ناوچەی زاخۆ و سمێل بوونیان هەیە، نیازیان باش نییە داوای نوێکردنەوەی وڵایەتی موسڵ دەکەن، هەروەها ئەوانە بەنیازن ڕێگا بۆ هاتنی ئازووقە بۆ حکومەتی عێراق خۆش دەکەن و پارێزگاری ڕۆیشتنی پترۆڵەکەش دەکەن، جۆرەها قسەش دەکرێت.

**ڕۆژی ١ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٣٠ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٤٦ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ئاکرێ) ی ژمارە ٦ دەرچوو.
* گۆڤاری کادری پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەیەکی تری نوێی دەرچوو.
* هەموو ئاژانسەکان باس لە کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەکەن، دەستەیەک لە ئەندامایەتی مەسعوود بارزانی و محەمەد بەحر ئەلعلوم و حەسەن ئەلنەقیب پەیامی کۆتاییان ڕاگەیاند.

**ڕۆژی ٢ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٣١ دەرچوو.
* لەسەر هاتنە ناو خاکی عێراق، لە ئەنقەرە چەند سەفیرێکی وڵاتەکانیان بانگ کردبوو، تا ڕەوشەی شەڕەکە و ئەو پێشهاتەیان بۆ ڕوون بکەنەوە.
* لە ئەنجامی شەڕەکانیاندا لەگەڵ سوپای تورکیا چوار گەریلای پەکەکە کوژراون.
* ئێمشەو تەواوی کارەبای شاری هەولێر نەبوو.
* ڕادیۆی ئیسرائیل وتبووی وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر سەلاحەددین ئەلحەفید داوای کردووە تا میللەتەکەمان نەکەوێتە ناو قەیرانێکی ئابووری داوا دەکەین وڵاتانی جیهان مامەڵەی ئابووریمان لەگەڵدا بکەن، بەوەش گەمارۆیە ئابوورییەکەی سەرمان، کە لەلایەن ڕژێمەوە لەسەرمان چەسپاوە دەشکێت و ئابووریمان دەبووژێتەوە.

**ڕۆژی ٣ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٣٢ دەرچوو.

**ڕۆژی ٤ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٣٣ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٤٥ دەرچوو.
* ئێمشەو دوو نارنجۆک لە گەڕەکی سێتاقان و یەکێکیان لەلای قوتابخانەی بۆتان لە گەڕەکی خانەقا تەقینەوە، بەڵام زیانیان نەبوو.
* ئێمشەو لەبەر هەڵەی تەکنیکی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان نەبوو.
* سێیەم دانیشتنی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر بۆ ناونانی گەڕەک و شەقام و گۆڕەپانەکان بەردەوام بوو.

**بەشی دەیەم**
**ڕۆژانەکە بەردەوامە**

# چەند پێشنیازێک دەربارەی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان



**د. سەردار یاسین سرداری***

چەندین ساڵە پرۆسەی وەرگرتنی قوتابیان لە کۆلیژو پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کۆسپ و تەگەرەی تێدەکەوێ، ساڵ لە دوای ساڵیش ئەو کێشانە زیاتر دەبن و تا ئێستاش نەتوانراوە چارەسەری یەکجارەکی بۆ بدۆزرێتەوە، چەندین هۆکاریش هەن کە وادەکەن ئەو کێشانە ساڵانە دووبارە ببنەوە و وەرگرتنی قوتابیان بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە نەچێت، ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە کۆلیژ و پەیمانگەکان دیار و بەرچاون، هەر لە کەمی هۆڵی خوێندن و تاقیگەو شوێنی ئەنجامدانی وانەی پراکتیکی و کەمی مامۆستا و ڕەچاونەکردنی پلانی ئەو دەزگایانە بۆ وەرگرتن و .... هتد.

ئەو هۆکارانەی کە تایبەتن بە قوتابیانەوە، خۆی لە زۆری ژمارەی قوتابیان و کەمی کۆنمرەی دەرچوونیان دەبینێتەوە.

بێگومان خۆناشکرێ ئەوناڕێکییەلە وەرگرتن و شێوازەکەی بەردەوام بێ و ساڵانە کێشەکانمان دووبارە ببنەوە، پێویستە بە هەماهەنگی گشت لایەک چارەسەرێکی گونجاو و بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە پەیڕەوی سیستەمی وڵاتانی دیکە بکرێت لەو بوارەدا، بە ڕەچاو کردنی باری ژیان و ئاستی بژێوی خەڵک و توانای حکومەت و توانستی زانکۆ و پەیمانگەکان .

دوای خوێندنی چوار ساڵ لە کۆلیژ یان دوو ساڵ لە پەیمانگە کە دەرچووان قۆناغەکانی خوێندنیان تەواو دەکەن داوای دامەزراندن لە حکومەت دەکەن، ئیتر هەروادێت و کێشەکان ئاڵۆزتر دەبێت و کێشەی زیاتریش بۆ قوتابیان و خانەوادەیان و حکومەتیش و ئەزمونەکەشمان دروست دەبێت، تا وای لێدێت کێشەی ئەو قوتابیانە کێشەی دیکەی لێ بکەوێتەوە و کاریگەری قووڵ لەسەر دەروون و ناخی تاکەکانی کۆمەڵ دروست بکات .

بۆ زیاتر پەرەنەسەندنی ئەو کێشانەو چارەسەرییەکی بنەڕەتی و گونجاو کە لەگەڵ بارودۆخ و تواناکانمان بگونجێت ئەو چەند خاڵە وەکو پێشنیاز دەخەمە بەرچاوی لایەنی بەرپرس، بەهیوای بەدواداچوون و سوود لێوەرگرتنی بۆ خزمەتی زانست و بنیاتنانی ڕەوتی زانستی بە باشترین شێوە:

١- سنوورێک بۆ نمرەی وەرگرتن لە کۆلیژ و پەیمانگەکان دابنرێت، بۆ نموونە کەمتر لە تێکڕای ٦٠٪ ی نمرەی قوتابی لە کۆلیژ و پەیمانگەکان وەرنەگیرێن و کەمتر لەم ڕێژەیە لە سەنتەرەکانی ڕاهێنان وەربگیرێن .

٢- دەرچووانی ئامادەییەکانی (کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و نەخۆشەوانی و ........ هتد) لە پێوەری وەرگرتن جیابن و ئاستێکی تایبەتی نمرەیان بۆ دابنرێت و یەکەمەکان لە کۆلیژ و پەیمانگەکان بە پێی تایبەتمەندی وەربگیرێن.

٣- هەوڵبدرێت کرێی خوێندن لە زانکۆ ئەهلییەکان کەم بکرێتەوە تاکو زۆرترین قوتابی ڕوو لە و زانکۆیانە بکەن، بەم جۆرەش تاڕادەیەک پاڵەپەستۆ لەسەر زانکۆ حکومییەکان کەم دەبێتەوە و دەکرێت وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەشێک لەم کرێیە بخاتە ئەستۆی خۆی.

٤- هاوتەریب لەگەڵ ئەو خاڵانەی سەرەوە، حکومەت (وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی) هەوڵ بدات هەڵمەتێکی گەورەی دروستکردنی بینا و هۆڵی خوێندن و تاقیگەو گۆڕەپان و هۆڵی داخراو بۆ زانکۆ و پەیمانگەکان ئەنجام بدات.

٥- بەهیچ جۆرێک قبول خاص نەمێنێت.

٦- خوێندن و وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگەکان بکرێتە ئارەزوومەندی و پسپۆڕی، واتا قوتابی ئارەزووی لە کوێیە با بۆخۆی پێشکەش ئەوی بکات .

٧- کۆلیژ و پەیمانگەکان بە گوێرەی پسپۆڕییان پێوەر و تاقیکردنەوەی تایبەت دابنێن بۆ وەرگرتنی قوتابیان .

٨- بۆ چارەسەری ئەو ژمارە قوتابییەش کە نمرەکانیان وەکو پێویست نییە یان بەهەر هۆیەکی تر وەرناگیرێن، حکومەت ژمارەیەکی گونجاو (سەنتەری ڕاهێنان) یان بۆ بکاتەوە لە گشت شارەکان و خولی ڕاهێنانیان بۆ بکاتەوە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ تا ساڵێک بە پێی پسپۆڕی و پێداویستی تەکنیکی سەردەمیانەیان بۆ دابین بکات، بەجۆرێک بگونجێت بەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیایانەی سەردەم، کە ئەم خاڵانە بگرێتەخۆ:-

أ- پسپۆڕی جیاجیای زانستی و پیشەییان تێدابێت وەکو (کارەبا، ساردکردنەوە و گەرمکردنەوە، کۆمپیوتەر،دارتاشی،پاککردنەوەی ئۆتومبێل و ئامێری ئەلیکترۆنی و پزیشکی، کوافێر،.. هتد) واتا گشت ئەو بوارانەی وڵات پێویستی بە خزمەتیانە، کە پێویستە سەر بە وەزارەتی کار و کار وباری کۆمەڵایەتی بن.

ب- بڕوانامە بدرێت بە دەرچووان و بە بێ بڕوانامەی تایبەتمەند ڕێگەنەدرێت بە کارکردنی کەسانی بێ بڕوانامە.

ج- بەشداربوان مانگانە بەلای کەم (١٠٠$) یان بدرێتێ وەکو هاندانێک بۆ بەشداری کردن لەم سەنتەرانە لەگەڵ دابینکردنی جێگای حەوانەوە بۆ قوتابیانی دەرەوەی شارەکان.

د- بڕوانامەکانیان مەرج بێت بۆ وەرگرتن و دامەزراندن لە کار و خزمەتی دەوڵەت و کۆمپانیاکاندا.

هـ- میدیاکانی هەرێم پاڵپشت و هاندەربن بۆ سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە ئەگەر بە پەسەند زانرا.

بەم شێوەیە هەلی کار بۆ ڕێژەیەکی زۆر لە دەرچووانی قوتابخانە ئامادەیی و پیشەییەکان دابین دەکرێ و کارمەندی لێهاتوو لە گشت بوارە پیشەییەکان لە کوردستان ئامادەدەکرێ بۆ باشتر خزمەت کردنی بوارە جیاجیاکانی کارکردن لە هەرێمی کوردستان کە ڕۆڵێکی بەچاوی دەبێت لە سووککردنی باری حکومەت و کۆمەڵگەی کوردستان.

* **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر**

## له قسه خۆشه‌كانی مه‌لا محه‌مه‌دی عه‌لیاوه‌یی



مه‌لا محه‌مه‌دی عه‌لیاوه‌یی

### بابه شلۆن عێش

موسته‌فا هه‌مزه كوێخای گوندی خه‌زنه، واته خه‌زنه‌و ته‌رجان له ده‌شتی هه‌ولێر، پیاوێكی ده‌وڵه‌مه‌ند بوو، به‌ڵام مه‌شوور بووه به هه‌ندێ كه پیاوێكی چاوته‌نگ بووه به‌نانی خۆی، ڕۆژێک ده‌ڵێته ماڵه‌وه حه‌زم له ترش و كفته‌یه‌كی پڕ گۆشته بۆم لێ بنێن، ئه‌وانیش ترش و كفته‌یه‌كی زۆر نایابی بۆ لێ ده‌نێن، كوێخا ده‌ڵێ: كه داوام كرد بۆم بنێرنه دیوه‌خان مام كوێخا تاكو پاش مه‌غریب داوای نه‌كرد، نه‌بادا مێوانێک به‌سه‌ر دابێت و ببێ به شه‌ریكی له خواردن. پاش مه‌غریب ده‌ڵێته قاوه‌چی بچۆ نانه‌كه‌ی من بێنه قاوه‌چیش ئه‌چێ نیو ته‌شتێک ترش و كفته و گۆشت دێنێ، له‌گه‌ڵ نوردییه نانێک، شیوه‌كه دائه‌نێ و ئه‌س قه‌زا له‌م كاته سێ عاره‌ب دائه‌به‌زن و مێوان ده‌بن مام كوێخاش ئه‌ڵێته عاره‌به‌كان: یابه الكوه الله بالخیر، ئه‌وانیش ده‌ڵێن هه‌له هه‌له بالكوێخا.

مام كوێخا ئه‌ڵێته قاوه‌چی بچۆ بزانه چی هه‌یه له‌ماڵ بۆ ئه‌م عاره‌بانه بێنه بخۆن. خۆشی له‌پێش دیوه‌خان پیاسه ده‌كات تاكو عاره‌ب دابمه‌زرێن ئه‌و خۆی شیوه‌كه‌ی خۆی بخوات، قاوه‌چی ئه‌چێته‌وه ماڵ و داوای خواردن ده‌كات بۆ مێوان، ژنانیش ده‌ڵێن: تازه ته‌شته شیوێكت برد و چی تر نه‌ماوه، عاره‌ب ده‌بینن ته‌شته شیوێک دانرایه و كوێخا له‌پێش دیوه‌خان پیاسه ده‌كات، ته‌ماشای یه‌كتر ده‌كه‌ن و هه‌ر خۆیان ده‌ڵێنه خۆیان: یابه تفضل تفضل، ئه‌كه‌ونه سه‌ر ترش و گۆشت و كفته، تا قاوه‌چی دێته‌وه ئه‌وان ده‌س ئه‌كه‌ن به خواردن و ده‌س لێسینه‌وه.

مام كوێخا كاتێكی زانی عاره‌ب خڕ و هۆڕیانه و چرپه‌یان دێت له خواردن، چاوی ئه‌چێته تۆقی سه‌ری و دێته سه‌ر سه‌ری عاره‌به‌كان و ده‌ڵێت: یابه شلۆن عێش؟ عاره‌ب ده‌ڵێن یا كوێخا ماكو مثل هه‌ل عێش- خۆش عێش- مام كوێخا له‌لایێ لێوی له قاوه‌چی ده‌كرۆژێ و له‌لایێ ته‌ماشای عاره‌به‌كان ده‌كات، نه‌خێر ئینفیجاری كرد و هجومی كرده سه‌ر عاره‌به‌كان و سه‌ركی هه‌رسێكانی گرت و پێكی دادان وتی: كلب ابن كلب خۆش عێش- كه‌وته گیانیان به لێدان به لنگه چكمه و پێڵاو، عاره‌ب ویقاندیان و هه‌ڵاتن و ڕایانكرد، جا تاكو نیوه‌ی شه‌و له ده‌وره‌ی گوندی ویقه‌یان ده‌هات و ئه‌یانوت: یاوێل یابه ئانی هێنه وانت وێن...

تاكو به‌یانی یه‌كتریان گرته‌وه، به‌یانی هاتن و سواری وڵاغه‌كه‌یان بوون و هه‌ڵاتن، تا ڕۆین هه‌ر ئه‌یانوت: ئاخ- ئاخ یا كوێخا موسته‌فا عوده، عوده، عوده بهالكوێخا.

### اهل السوق اهل النار

مه‌لایه‌كی تر مه‌لایه‌تی به‌جێ هێشت و بووه دوكاندار، یه‌قه‌ی مه‌لایه‌كی موعه‌لیمی گرت، ڕۆژێک وتی: دینت بۆ معاش به‌جێ هێشت.

وتی: ئه‌مه زه‌ره‌ره بۆ قیامه‌ت.

وتی: به‌ڵێ..

موعه‌لیمه‌كه‌ش وتی: كتێبه‌كان ده‌ڵێن: پێغه‌مبه‌ر (د.خ) فه‌رموویه‌تی "اهل السوق اهل النار" واته ئه‌هلی بازاڕ جه‌هه‌نه‌مینه، چونكه فێڵ و خیانه‌ت زۆر ده‌كه‌ن و له‌گه‌ڵ غه‌ش له فه‌قیر و هه‌ژاران...

به‌ڵام نه‌یفه‌رمووه: المعلم اهل النار، مامۆستا جه‌هه‌نه‌مینه. كه‌واته تۆ مه‌لایه‌تیت به‌جێ هێشت بۆ دوكانداری بازاڕ، من به‌جێم هێشت بۆ فێركردنی زانیاری مناڵه كورده‌كان. كامه‌یان گوناحترن..

مه‌لا كپ و بێ ده‌نگ بوو

**ئا: د. عه‌بدوڵڵا عه‌لیاوه‌یی**

# ته‌ته‌ڵه



**شاسوار هه‌رشه‌می - سوید**

سه‌ر بورده‌ی سیڤه‌ر له ڕۆژی له‌دایكبوونییه‌وه تا ده‌می مه‌رگی په‌یماننامه‌كه له هه‌لومه‌رجێكی سه‌خت و ئاڵۆزو ناجێگیردا، له نێوان دۆڕاو و براوه‌دا به‌سترا. لایه‌نی توركی، نوێنه‌ری سوڵتانی عوسمانی بوو. له كاتێكدا سوڵتان به‌ماڵ ده‌سته‌ڵاتی له كۆشكی یه‌ڵدز تێده‌په‌ڕی. شاری ئه‌سته‌نبوڵی پایته‌خت له ده‌ست هێزه هاوپه‌یماننه‌كاندا بوو. بۆیه ئه‌وان سوڵتانیان وه‌ك داشی دامه هه‌ڵده‌سوڕاند. ده‌سته‌ڵاتێكی توركی تر به ڕێبه‌رایه‌تی ئه‌فسه‌ری سووپا مسته‌فا كه‌مال "كه دواتر ناوی نا ئه‌تاتورك" له به‌شی ئاسیای عوسمانی خۆی ڕاگه‌یاندبوو. ئه‌وان ئه‌نكه‌ره‌یان كرده ناوه‌ندی ده‌سته‌ڵات و ڕۆژ به ڕۆژیش پانتایی خاكی ژێر ده‌ستی خۆیان فراوانتر ده‌كردو زیره‌كانه‌ش له‌گه‌ڵ هه‌لومه‌رجه سیاسییه‌كانی ناوخۆو ده‌ره‌وه سات و سه‌ودایان ده‌كرد.

ئه‌تاتورك له نیسانی ١٩٢٠ ئه‌نجومه‌نی نیشتیمانی گه‌وره‌ی توركیای له ئه‌نقه‌ره ڕاگه‌یاند، ئه‌و ئه‌نجومه‌نه له ڕۆژی ١٩٢٠/٧/١٧ یاسایه‌كی په‌سه‌ندكرد، كه به گوێره‌ی ئه‌مه هه‌موو یاساو بڕیارێكی سوڵتان هه‌ر له ڕۆژی ١٩٢٠/٣/١٦وه و دواتر، دانی پێدانانددرێ و كاری پێناكرێت.

سوڵتان به‌هاندانی هاوپه‌یمانان، ئه‌تاتورك به‌یاخی بوودانا و بڕیاری دادگایی كردنی دا. ئه‌تاتورك به‌بێ ئاماده‌بوون له ئه‌سته‌مبوڵ دادگایی كرا. ئه‌فسه‌رێكی كورد كه دواتر له ڕاپه‌ڕینه‌كانی شێخ مه‌حموودی حه‌فید ڕۆڵی هه‌بوو "مسته‌فا پاشای یاملكی" سه‌رۆكی دادگاكه بوو. به‌مجۆره یاملكی بوو به یه‌كه‌مین كورد، كه فه‌رمانی مه‌رگ له دژی سه‌رۆكی ده‌وڵه‌تێک ده‌ربكات. له كتێبه‌كانی مێژووی هاوچه‌رخی توركیادا، مسته‌فا پاشا به "نه‌مرود" ناوزه‌د كراوه.

هاوپه‌یمانان زانیان چیدی ناكات له قازانجیان نییه، بۆیه په‌له‌یان كرد تا ڕێككه‌وتننامه‌یه‌ک ئاماده‌بكه‌ن. ڕۆژی ١٩٢٠ /٨/١٥ له شاری سیڤه‌ر نوێنه‌ری سوڵتانی عوسمانی له‌لایه‌ک و نوێنه‌رانی به‌ریتانیای‌گه‌وره، فه‌ڕه‌نسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، ئه‌رمه‌نه‌كان، به‌لجیک، یۆنان، پۆڵۆنیا، پورتوگال، ڕۆمانیا، سربۆكرواتیا، چیكۆسلۆڤاكیاو نوێنه‌ری شه‌ریفی مه‌ككه‌ش به‌ناوی وڵاتی حیجازه‌وه له‌لاكه‌ی تر، په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ریان مۆركرد.

په‌یماننامه‌كه هه‌رگیز هه‌ڵی یاسایی بۆ نه‌ڕه‌خسا، تا بچێته یان بخرێته بواری جێبه‌جێكردنه‌وه. جگه له ئیتالیا هیچ یه‌كێک له وڵاتانی تر "به ده‌سته‌ڵاتی سوڵتانیشه‌وه" یاساكه‌یان به شێوه‌یه‌كی فه‌رمی "له كابینه‌ی حكومه‌ت یاخود له په‌رله‌مان" په‌سه‌ندنه‌كرد. هێزه‌كانی حكومه‌تی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیش "ئه‌تاتورك" له ئه‌نقه‌ره، هه‌ر زوو ده‌ستیان به‌سه‌ر به‌شێكی زۆری ئه‌و ده‌ڤه‌رو سنوورانه‌دا گرت، كه به‌گوێره‌ی به‌نده‌كانی په‌یماننامه‌كه ده‌با له ده‌ست هێزی هاوپه‌یمانان دایان. وڵاتانی هاوپه‌یمان هه‌ر زوو بۆیان ده‌ركه‌وت كه ناچارن و ده‌بێت له‌گه‌ڵ دیفاكتۆری ئه‌تاتورك هه‌ڵسوكه‌وت و دانوستان بكه‌ن. ئیتالیه‌كان هه‌روه‌ک چۆن پێشه‌نگ بوون له په‌سه‌ندكردنی په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر، هه‌ر به‌مجۆره‌ش پێش هه‌موان ده‌ستبه‌رداری ناوه‌رۆكی سیڤه‌ر بوون. فه‌ڕه‌نسییه‌كانیش كه له باكووری شار بوون به‌هاوسنووری ده‌سته‌ڵاتی ئه‌تاتورك، بۆ یه‌كلایی كردنه‌وه‌ی سنووری ماندانیان له‌گه‌ڵ تورك كه‌وتنه وتووێژه‌وه. ئه‌وه بوو فه‌ڕه‌نسییه‌كان له ڕۆژی ١٩٢١/١٠/٢٠ به‌یاننامه‌یه‌كی هاوبه‌شیان له‌گه‌ڵ ده‌سته‌ڵاتی ئه‌نقه‌ره مۆركرد. له باكووری ڕۆژهه‌ڵاتیش، سوپای سووری سۆڤیه‌تی "به‌لشه‌ڤیكه‌كان" له‌لایه‌ک و له‌شكری ئه‌تاتورك له‌لاكه‌ی تره‌وه ئه‌رمه‌نه‌كانیان تێكشكاند و سنووری نێوان توركیای نوێ و یه‌كییه‌تی سۆڤیه‌تی نوێ گه‌یشته‌وه سه‌ر هه‌مان میراتی سه‌رده‌می قه‌یسه‌رو سوڵتان. گه‌وره‌ترین سه‌ركه‌وتنی ئه‌تاتورك له ئیزمیر بوو. به ده‌ركردنی یۆنانییه‌كان له ئیزمیر بارێكی تازه هاته ئاراوه. بارودۆخه‌كه پێویستی به ده‌ستتێوه‌ردان و سنووردار‌كردن هه‌بوو. بۆیه وڵاتانی هاوپه‌یمانی هاتنه نێوان و ڕۆژانی ١١-١٩٢٢/١٠/١٣ نوێنه‌رانی توركیا له‌لایه‌ک و به‌ریتانیا، فه‌ڕه‌نسا، ئیتاڵیاو یۆنانیش له‌لاكه‌ی تره‌وه، بڕیاری ئاگر بیری "مۆدانیا"یان مۆركرد، به‌گوێره‌ی بڕگه‌كانی ئه‌و بڕیاره، هه‌موو ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌ی سه‌ره‌وه دانیان نه‌ک هه‌ر به ده‌سه‌ڵاتی تازه‌ی مسته‌فا ئه‌تاتورك نا، به‌ڵكو دانیان به سنووره تازه‌كانی توركیاش دانا. ئه‌م دانپیانانه‌ی "مۆدانیا" له‌ڕاستیدا له‌گۆڕنانی هه‌موو مادده‌و به‌نده‌كانی سیڤه‌ر بوو به‌كرده‌وه. ئه‌و سه‌ركه‌وتنه گه‌وره‌و ستراتیژیانه‌وایانكرد، كه‌ئه‌تاتورك بوێرێت له ڕۆژی ١٩٢٢/١١/١ ده‌سه‌ڵاتی سوڵتان به یه‌كجاری هه‌ڵبوه‌شێنێته‌وه، به‌مه‌ش ڕێگا بۆ ڕێككه‌وتننامه‌ی "لۆزان" خۆش كرد، كه له ١٩٢٣ /٧/٢٤ به‌ستراو به فه‌رمی په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ری پێ هه‌ڵوه‌شایه‌وه.

په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر چاره‌نووسی ئیمپراتۆریه‌تی توركی عوسمانی به گوێره‌ی به‌ندو خاڵه‌كانی په‌یماننامه‌ی‌سیڤه‌ر، ئیمپراتۆریه‌تی توركی عوسمانی، كه ڕۆژگارێک باڵی به‌سه‌ر هه‌رسێ كیشوه‌ری جیهانی كۆن، ئاسیا، ئه‌وروپاو ئه‌مریكادا كشاندبوو، به ئه‌ندازه‌یه‌ک بچووک و بوده‌ڵه ده‌بووه‌وه، كه زۆر سه‌خت بوو ڕه‌چاوبكرێت یاخود پێشبینی شتێكی له‌مجۆره بكرێت.

به‌ندی ٢٧ی په‌یماننامه‌كه، سنووری باشووری توركیا له‌گه‌ڵ میزۆپۆتامیاو سووریا دیاری ده‌كات. ئه‌م به‌نده خۆی له‌خۆیدا كوشنده‌ترین گورزی جه‌رگبڕ بوو، كه سره‌واندرایه ئیمپراتۆریه‌ته‌كه، چونكه به‌ندی ٢٧ ئه‌مه‌ی ده‌گه‌یاند كه هه‌موو وڵاته‌كانی تری خوار ئه‌و سنووره‌ش له ئیمپراتۆریه‌كه جیا كراونه‌ته‌وه. ئه‌و وڵاتانه‌ش هه‌ر به‌گوێره‌ی به‌ندی ٢٢ی په‌یماننامه‌كه سه‌ربه‌خۆ ده‌بن و بۆماوه‌یه‌ک له ژێر ماندانی وڵاتانی هاوپه‌یماندا ده‌مێننه‌وه.

هه‌روه‌ک هه‌ردوو وڵاتی سووریاو میزۆپۆتامیاش به گوێره‌ی به‌ندی ٤٤ی هه‌مان په‌یماننامه سه‌ربه‌خۆ ده‌بن و بۆ ماوه‌یه‌ک له ژێر ماندات دا ده‌بن.

ئه‌و خاكه‌ش كه ئه‌مڕۆ به‌كۆماری توركیا ده‌ناسرێت، به گوێره‌ی به‌نده‌كانی په‌یماننامه‌كه بۆ یازده به‌شی جۆراو جۆرو چاره‌نووس له یه‌كتر جیاواز دابه‌شكراوه.

ئێمه له خواره‌وه هێما بۆ هه‌ر یازده به‌شه‌كه ده‌كه‌ین له‌گه‌ڵ دیاریكردنێكی گشتی سنووری ئه‌و به‌شانه‌و پۆلێن كردنێكی خێراش له‌نێوان ئه‌و خاكانه‌ی كه له توركیا جیا ده‌كرانه‌وه، ئه‌و خاكانه‌ش كه له ژێر هه‌لومه‌رجی تایبه‌تیدا"هێشتا" له‌ناو توركیا یان سنووری توركیا دا ده‌مانه‌وه:.

ئه‌لف: ئه‌و به‌شه خاكانه‌ی كه بڕیاریان پلانی داپچڕاندن و به‌خشینیان درابوون:.

١- ناوچه‌كانی ته‌رابزون و ئه‌رزه‌روم و وان تا باكووری ڕۆژهه‌ڵاتی دیاربه‌كر، به گوێره‌ی به‌ندی ٨٩ی په‌یماننامه‌كه ده‌خرێته سه‌ر ئه‌رمه‌نستان.

٢- سنووره‌كانی باكووری ڕۆژهه‌ڵاتی ته‌رابزون و ئه‌رزه‌رۆم به‌شێک بوون له خاكی گورجستان و دواتر توركه‌كان داگیریان كرده‌وه.

٣- ناوچه‌كانی "گازی ئه‌نتاب، ئه‌نتاكیه‌و ئه‌سكه‌نده‌رۆن" ده‌خرێته سه‌ر خاكی سووریاو له ژێر ماندانی فه‌ڕه‌نسا ده‌بن.

٤- ناوچه‌ی ئیزمیر ده‌خرێته سه‌ر وڵاتی یۆنان.

٥- به‌شی هه‌ره زۆری به‌شه ئه‌وروپاییه‌كه‌ی شاری یان ناوچه‌ی ئه‌سته‌مبوڵ و ئه‌ده‌رنه ده‌خرێنه سه‌ر وڵاتی یۆنان.

٦- ئه‌و خاكانه‌ی سنووره‌كانیان ده‌كه‌وێته باشووری وان و باكووری میزۆپۆتامیاو ڕۆژهه‌ڵاتی دیاربه‌كر تا سه‌ر سنووره‌كانی ئێران "مه‌به‌ست له ناوچه‌ی هه‌كاری و ده‌وروبه‌ری هه‌كارییه" به‌گوێره‌ی خاڵه‌كانی ح و٣ی به‌ندی ٢٧ی په‌یماننامه‌كه، له‌ژێر ماندانی به‌ریتانیای گه‌وره‌دا ده‌بن "به مه‌به‌ستی دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تێک له‌سه‌ر ئه‌وخاكانه بۆ ئاسوورییه‌كان".

بێ: چاره‌نووسی ئه‌و خاكانه‌ی تری توركیا كه نه‌خشه‌ی داپچڕاندن و به‌خشینیان بۆ ئاماده نه‌كرابوو:.

٧- ئه‌و ناوچانه‌ی كه له‌ژێر ده‌ستی لایه‌نگرانی مسته‌فا كه‌مال ئه‌تاتورك دابوون به سه‌ربه‌خۆیی هێڵدرانه‌وه. سنووری ئه‌و ناوچانه له ڕۆژهه‌ڵاته‌وه به هێڵێک له‌سه‌ر ده‌ریای ڕه‌شه‌وه بۆ ڕۆژهه‌ڵاتی سامسون و تا ڕۆژهه‌ڵاتی سیواس درێژ ده‌بوونه‌وه. له ڕۆژئاواشدا تا شاری بورسه درێژ ده‌بوونه‌وه. ناوچه‌كه له باشووریش تا خوار شاری ئه‌نقه‌ره هه‌ڵده‌كشا.

٨- به‌شه ئاسیاییه‌كه‌ی شاری ئه‌سته‌مبوڵ، "كه ئه‌وكاته هێشتا پایته‌خت بوو، واتا سه‌رده‌می مۆركردنی په‌یماننامه‌كه له ژێر كۆنترۆڵی، هێزێكی هاوبه‌شی وڵاتانی هاوپه‌یماندا ده‌بێت.

٩- ئه‌و خاكه‌ی كه له ڕۆژئاواوه له شاری بورسا تا كه‌ناره‌كانی ده‌ریای ناوه‌ڕاست درێژده‌بنه‌وه‌و له ڕۆژهه‌ڵاتیشه‌وه، تا شاری كۆنیه درێژ ده‌بنه‌وه، له‌ژێر ماندانی ئیتاڵیادا ده‌نێ.

١٠- ئه‌و ناوچانه‌ی كه ده‌كه‌ونه ڕۆژئاوای دیاربه‌كرو ڕۆژهه‌ڵاتی كۆنیا و باكووری سیواس و له خواره‌وه‌ش تا سنووره‌كانی سووریا درێژ ده‌بنه‌وه، له ژێر ماندانی فه‌ڕه‌نسادا ده‌بن.

١١- به‌ندی ٦٢ی په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر، ناوچه‌یه‌كی ئۆتۆنۆمی كوردی له چوارچێوه‌ی خاكی توركیادا دیاری ده‌كات به‌مجۆره‌ی خواره‌وه: ئه‌و ناوچانه‌ی كه زۆربه‌ی دانیشتوانی به ڕه‌گه‌ز كوردن و ده‌كه‌ونه "ڕۆژهه‌ڵاتی فورات، خوار ئه‌و سنووره‌ی ئه‌رمه‌نستان كه دیاری ده‌كرێت، باكووری ئه‌و سنوورانه‌ش كه ده‌كه‌ونه نێوان توركیا له‌گه‌ڵ سووریاو میزۆپۆتامیا".

"بۆ وردتر دیاریكردنی ئه‌و سنوورانه سه‌یری ئه‌و نه‌خشه‌یه بكه كه له‌گه‌ڵ ئه‌م بابه‌ته‌دا بڵاوكراوه‌ته‌وه‌و تیایدا زۆنی ماندانی وڵاتانی هاوپه‌یمان و خاكه به‌خشراوه‌كانیش به ڕوونی و وردی پۆلێن كراون".




نه‌خشه‌ی په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر

### په‌یماننامه‌ی سیڤه‌رو چاره‌نووسی كوردستان

یه‌كێک له‌و ئاڵۆزیانه‌ی كه مێژوونووسی كورد له تێگه‌یشتن و لێكدانه‌وه‌ی بۆ په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر تێیكه‌وتووه ئه‌وه‌یه كه له‌و گۆشه‌نیگایه‌وه سه‌یری په‌یماننامه‌كه‌یان كردووه، كه "هه‌وڵێک بووه بۆ دۆزینه‌وه‌ی جۆره چاره‌سه‌رێک بۆ كێشه‌ی كورد". هه‌ر ئه‌م دیده‌شه كه وای كردووه مێژوونووس و نووسه‌ری كورد به چاوێكی ڕه‌خنه‌گرانه‌وه سه‌یری كه‌موكوڕییه‌كانی ئه‌وچاره‌سه‌رییه! بكه‌ن، سه‌قامگیربوونی ئه‌و دیدو بۆچوونه وایكردووه، كه نه‌توانین لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی وردو قووڵ بۆ په‌یماننامه‌كه به‌گشتی بكه‌ین تا فاكته‌ری كێشه‌ی كورد وه‌ک هه‌یه ببینین.

وڵاتانی هاوپه‌یمان كه له‌شه‌ڕدا سه‌ركه‌وتن و بوونه بڕیارده‌ری چاره‌نووسی گه‌لانی ڕۆژهه‌ڵات، نه‌یانتوانیوه كێشه‌ی كورد به‌جیاو دوور له كێشه‌ی گشتی تووركانی عوسمانی سه‌یر بكه‌ن "دیاره هه‌ندێ ده‌نگی تاک و ته‌راو به‌ده‌ر له‌و تێڕوانینه سیاسییه باوه هه‌بوون بۆ كێشه‌ی كورد كه نه‌یانتوانی هیچ بكه‌ن".

لێكجیاكردنه‌وه‌ی كێشه‌ی كوردو تورک له‌و ڕۆژگاره‌دا كارێكی هه‌روا ساده‌و ساكارو ئاسانیش نه‌بوو. كوردان به درێژایی شه‌ڕ، شان به‌شانی توركان له دژی هاوپه‌یمانان جه‌نگاون"چ سه‌ربازگیری بێت یاخود خۆ به‌خته‌كه‌رانه. لایه‌نگری هاوپه‌یمانان" له ناوچه‌كه "ئه‌رمه‌نی و ئاسوورییه‌كان" به‌رده‌وام كوردانیان تاوانبار ده‌كرد، كه له‌گه‌ڵ توركان هاوكاریان كردووه له قڕكردن و له‌ناو بردنیان. هاوكات ئه‌رمه‌ن و ئاسووری مرخیان له‌به‌شێكی گه‌وره‌ی خاكی كوردان خۆش كردبوو. له دوای شه‌ڕیشدا. به‌شێكی گه‌وره‌ی له‌شكری كه‌مال ئه‌تاتورك له چه‌كدارانی كورد پێكهاتبوون. دیاره ئه‌و هۆكاره زه‌قانه به‌سن بۆ ئه‌وه‌ی له دیدی هاوپه‌یمانانه‌وه كورد بخرێته به‌ره‌ی دوژمنی دۆڕاوه‌وه. ئه‌مه‌ش وایكردووه تا چاره‌نووشی خاكی كوردان به ده‌ردی چاره‌نووسی خاكی توركاندا ببرێت و تووشی داپاچین و له‌تكردن و به‌خشین ببێت.

په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر كاری ته‌نیا له‌سه‌ر پاشماوه‌ی خاكی عوسمانی كردووه‌و ڕێكه‌وتنه‌كه له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی دۆڕاوی سوڵتانی عوسمانی مۆركرا بوو. ئه‌و به‌شه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان كه له‌ژێر ده‌ستی توركه شیعه‌كانی قاجاری ده‌سته‌ڵاتدار له ئێران بوو.

ده‌ستی لێنه‌دراوه‌و باسی لێوه نه‌كراوه. هاوپه‌یمانانیش هیچ نیازێكیان نه‌بوو تا ده‌ستكاری سنوورو سه‌روه‌ری ده‌وڵه‌تی ئێران بكه‌ن، كه به درێژایی شه‌ڕ دۆستایه‌تی نزیكی خۆی له‌گه‌ڵ هاوپه‌یمانان پاراست. ئه‌وانه‌ی گله‌یی له هاوپه‌یمانان ده‌كه‌ن كه بۆچی چاره‌نووسی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستانیان پشت گوێ خستووه، ئه‌وانه نه له هه‌ڵوێستی هاوپه‌یمانان له هه‌مبه‌ر ئێران گه‌یشتوون و نه له مه‌به‌ست و ناوه‌ڕۆكی خاڵ و به‌نده‌كانی په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر گه‌یشتوون.

**به‌شی چواره‌م**

## با هه‌بێ (٣٦)



**سه‌نگه‌ر زراری**

### ئه‌رێ وه‌زاره‌تی ژینگه ماوه یان نا؟!

یه‌كێک له‌و كارانه‌ی پێم ناخۆش بوو له لایه‌ن كابینه‌ی شه‌شه‌می حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستانه‌وه كرا، ئه‌وه‌بوو كه وه‌زاره‌تی ژینگه نه‌ما، چونكه ئێمه ڕاسته وڵاتێكی پیشه‌سازی گه‌وره نین و خاوه‌نی كارگه‌ی زه‌به‌لاح نین و به‌قه‌د وڵاته پیشه‌سازییه گه‌وره‌كان ئاسمانمان به دووكه‌ڵی چڕ دانه‌پۆشراوه، به‌ڵام ئه‌گه‌ر كۆمه‌ڵێک مێشووله یان بارانێكی به‌خوڕ یان تۆزوبایه‌كی توند هێرشمان بۆ بێنێ، یان وه‌كو هه‌مووجار خۆڵبارین ڕوومان تێ بكات، له به‌كارهێنانی چه‌تر و ده‌مامک زیاتر، ناتوانین به هیچ ڕێگای دی به‌رگری له‌خۆمان بكه‌ین.

وه‌زاره‌تی ژینگه بۆ ئێمه وه‌كو ئه‌و په‌نده كوردییه‌یه، كه ده‌ڵێ "پێشی تایێ به‌ری به‌خۆت داده" چونكه ژینگه‌كه‌مان تاڕاده‌یه‌ک له چاو وڵاتان پاكه، به‌ڵام ئه‌م وه‌زاره‌ته ئه‌گه‌ر كاری جیدی كردبا، بۆ ئه‌وه باش بوو كه به‌رله‌وه‌ی ژینگه‌كه‌مان پیس بێت، به ڕێنمایی و كار و پرۆژه‌كانی هه‌وڵی پاكڕاگرتن و پارێزگاریكردنی ژینگه‌ی كوردستانی دابا، یان پرۆژه‌ی هه‌با بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی كاره‌ساته سروشتییه‌كان، چونكه به‌ره‌به‌ره خه‌ریكه له هه‌موو دنیا ڕوودانی كاره‌ساتی سروشتی زیاد ده‌كات، ئه‌ویش به‌هۆی توانه‌وه‌ی به‌سته‌ڵه‌كی جه‌مسه‌ره‌كانی گۆی زه‌وی و به‌رزبوونه‌وه‌ی پله‌ی گه‌رمی گۆی زه‌وی، ته‌نانه‌ت له‌و وڵاتانه‌ی به خێرایی ئاوهه‌واكه‌یان ده‌گۆڕێت و ده‌بێته هۆی ڕوودانی كاره‌ساتی له شێوه‌ی بوومه‌له‌رزه و لافاو و گڕكان، وه‌زاره‌تی تایبه‌ت به‌و كاره‌ساتانه‌یان هه‌یه.

به‌داخه‌وه یه‌كێک له‌و خراپیانه‌ی تا ئێستاش له بارودۆخی سیاسی كوردستان هه‌یه، زۆربه‌ی ئه‌و كارانه‌ی كه سیاسه‌ت ڕۆڵی تێدا ده‌بینێ، له‌به‌ر پێویستی كۆمه‌ڵگا و واقیعی كوردستان ناكرێت، به‌ڵكو له‌به‌ر به‌رژه‌وه‌ندییه سیاسییه‌كه ده‌كرێت، یه‌كێک له‌و شتانه‌ش پێكهێنانی وه‌زاره‌تی ژینگه بوو، كه له‌به‌ر هۆكاری سیاسی و ڕازیكردنی لایه‌نێكی سیاسی دروستكرابوو، نه‌ک به‌هۆی پێویستی كوردستان، بۆیه‌ش كاتێ به‌رژه‌وه‌ندییه سیاسییه‌كه پێویستی به‌و وه‌زاره‌ته نه‌ما، گوێ به به‌رژه‌وه‌ندی كۆمه‌ڵگا نه‌درا و هه‌ڵوه‌شێندرایه‌وه، یان ئه‌و كاته‌ی وجودی هه‌بوو، یه‌كێک بوو له‌و وه‌زاره‌تانه‌ی گرنگی زۆری پێنه‌ده‌درا، چونكه وه‌زیره‌كه‌ی سه‌ر به یه‌كێک له حزبه ده‌سه‌ڵاتداره‌كان نه‌بوو. واتا سیاسه‌تی كوردستان و لایه‌نه ده‌سه‌ڵاتداره‌كانی كوردستان، چۆنیان بووێت، وای ده‌سووڕێنن، پێش ده‌چێت ئه‌و دروستكردن و لادانه‌ی وه‌زاره‌ته‌كان و پێویستی و ناپێویستییه‌كان، هه‌ر له‌سه‌ر كاغه‌ز و له هۆڵی په‌رله‌مان بێت نه‌ک له واقیع، بۆیه‌ش كاتێ به‌سه‌ر شه‌قامی سه‌د مه‌تری هه‌ولێردا تێده‌په‌ڕی و چاو به‌ملاوئه‌ولای شه‌قامه‌كه‌دا ده‌گێڕی، له شوێنێكی ئه‌م شه‌قامه، تابلۆیه‌كت به‌رچاو ده‌كه‌وێت كه له‌به‌رده‌م بینایه‌كی گه‌وره دانراوه و به گه‌وره‌یی له‌سه‌ری نووسراوه "وه‌زاره‌تی ژینگه"، ئه‌گه‌ر وردتریش بڕوانییه تابلۆی ئۆتۆمبێله‌كانی به‌رده‌م ئه‌و بینایه، له‌سه‌ر ئه‌وانیش نووسراوه "وه‌زاره‌تی ژینگه"، له كارمه‌نده‌كانی ئه‌وێش بپرسی له كوێ ده‌وام ده‌كه‌ی؟ پێت ده‌ڵێ له وه‌زاره‌تی ژینگه!!

تۆ بڵێی ئه‌وانه‌ی ئه‌و وه‌زاره‌ته‌یان له كابینه‌ی نوێ لادا، ئاگایان له‌وه هه‌بێ كه ته‌نها وه‌زیره‌كه‌یان ناردۆته‌وه ماڵه‌وه و هیچ كه‌سێكیان له شوێنی ئه‌و وه‌زیره دانه‌ناوه، ئه‌گه‌ر نا كارمه‌ند و بینایه و ئۆتۆمبێله‌كانی ئه‌و وه‌زاره‌ته له شوێنی خۆیان، واتا له وه‌زاره‌تی ژینگه ماون؟!

# شەوێک لەگەڵ سەدامدا

## کارتن گرین باس لەو شەوە دەکات کە لەگەڵ سەدامدا بەسەری بردووە

**وەرگێڕانی فوئاد عوسمان**

بە بۆنەی تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر دەستگیرکردنی دیکتاتۆرەکەی عیراق لە قۆرتی دووپشکەکەی هەروەک ئەمریکییەکان ناوی دەبەن، لە سەعات هەشت و نیوی ئێوارەی ١٤/دیسمبری ٢٠٠٣، مارک گرین پزیشک لە ریزەکانی ئەمریکا کتێبێکی بە ناونیشانی (شەوێک لەگەڵ سەدامدا) نووسیوە تیایدا بە درێژی باس لەو شەوە دەکات، کە لەگەڵ سەدامدا بووە.

دەرکردنی ئەو کتێبە هاو کاتە لەگەڵ سێیەمین ساڵەی لە سێدارەدانی سەدام لە ٣٠ دیمسبری ساڵی ٢٠٠٦

ئەو پزیشکە راسپێردرا بوو بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پزیشکی بەو تیمە کە لە ٦٠٠سەربازی ئەمریکی پێکهاتبوو و ئەرکی دەستگیرکردنی سەدامیان پێسپێردرا بەپاڵپشتی ئەو زانیارییانەی لەبارەی بوونی لەو قۆرتەی لە تکریت تێیدا دەستگیرکرا. لە چاوپێکەتنێکی رۆژنامەگەری دەڵێ: من لەناو ئەو هەلیکۆپتەرەدا بووم، کە بەسەر ئامانجە دیاریکراوەکە دەسوڕایەوە و لە ئامادەباشی دابووین بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی بەو سەربازانەی کە کەتیبەی سەربازی ژمارە ١٦٠ ی سەر بە فرقەی یەکی پەرەشوتوانان، کە تووشی پێکان دەبن لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەیان،

لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: کەتیبەی کردە تایبەتەکان پێش ئەو شەوەش بەسەدان جار هەڵیان کوتاوەتە سەر ئامانجی دیاریکراو بەو نیازەی کە سەدام و گەورە لێپرسراوانی ئەو رژێمە دەستگیر بکەن، بەڵام ئەرکەکەی ئەو شەوەمان جیا بوو لەوانەی پێشتر، وا پێدەچوو ئەو زانیارییانەی پێمان گەیشتبوو راستتر بووبێ، دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ. لە پێشتردا کاتێ دەچووینە سەر قۆرتێک یان پەناگەیەک ( کونێک)، بەڵام لە کۆتاییدا بە قۆرتی وشت یان کونی وشت ناومان دەبرد واتا کەسی تێدا نەبوو.

هەروەک دەڵێ شانسم هەبوو لەو شەوەدا هیچ کارێکی پزیشکیم ئەنجام نەدا، چونکە سەدام بەبێ تەنانەت تەقەیەکیش گیرا، لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی بوونی ئەو هەلیکۆپتەرە لەو ساتە مێژووییە لە پەیوەندی بەردەوامدابووە لەگەڵ سەربازەکان لە سەر زەوی لەرێگای بێتەلەوە و گوێی لەو دڵخۆشی و هەڵهەلە لێدانەی سەبازەکان بووە، کە گوێی کەڕ دەکرد. ئەویش هیچی پێنەماوە تەنها بە شێوازی خۆیان لەگەڵ تاقمی فرۆکە هەلیکۆپتەرەکە بەشداری خۆشی سەربازەکانی کردووە.

بۆ ئەو نۆڕینە پزیشکیانەی کە دوای گرتنی سەدام ئەنجام درا دەڵێ: هەر دوای دەست گیرکردنی راستەوخۆ گواسترایەوە یەکێ لە بارەگاکان بۆ لێپێچینەوە و خاوێن کردنەوەی و تراشینی قژ و ریشی و ئەنجامدانی نۆڕینی پزیشکی پێویست لە رێگای ئەو تیمە پزیشکە تایبەتەی کە لە بەغداوە هاتبوون، منیش راسپێردرام تاکو لەو هەلیکۆپتەرەدا بمێنمەوە کە بەسەر قۆرتەکەدا دەسووڕایەوە، لەبەر ئەوەی سەربازەکان لە گەڕان بەردەوام بوون بۆ دۆزینەوەی نێچیری بە نرختر.

هەروەها دەڵێ: دوای دوو رۆژ لە گرتنی (سەدام) ئەو پزیشکەی کە نۆڕینەکانی یەکەمی بۆ ئەنجام دا بەجێی هێشت و سەدام لە گرتووخانەکەی لەگەڵ وەرگێڕێک مایەوە، لەو کاتەدا سەرۆکی هێزە تایبەتەکان هاتە لام و گوتی: مارک رازیت بچیت و لەگەڵی بۆ بکەم، چونکە تۆ کە دەتەوێ فشاری خوێنی هەر کەسێک بگری دەبێ لێی نزیک ببیەوە و رووبەڕوو بێت لەگەڵیدا، لەو کاتەدا ئەو سەیری منی دەکرد و منیش سەیری ئەوم دەکرد، ئەوەبوو پێی گوتم کە ئەو لە منداڵیدا خەونی بەوە دەبینی کە رۆژێک لە رۆژان ببێ بە پزیشک، تووشی سەرسوڕمان بووم، لە دڵی خۆمدا گوتم مەعقولە کەسێ بە مواسەفاتی ئەو کابرایە لە بەشی پزیشکی بێت، بەڵام ئەوە بوو کە ئەو پیاوە گوتی.

سەدام راست بۆوە و منیش پرسیاری بابەتی پزیشکی و سەر ئێران و دواتریش کوێت؟ بۆ ئەم بابەتە گفتوگۆیەکی درێژخایەن لە نێوانماندا هاتەکایەوە، کە نزیکەی پێنج سەعاتی خایاند، دەبێ دان بەوەشدا بنێم، کە سەدام لە قسەکردندا زۆر ساحیرانە قسەی دەکرد زۆر بە وردی قسەکانی دەردەبڕی، زۆر بە ویقارەوە دانیشتبوو، قاچی لەسەر قاچی دانابوو وەکو ئەوەی مێژوونووسێک بێت و بیەوێ کۆمەڵێ راستی رووداو بنووسێتەوە، وام هەست دەکرد، کە من خوێندکارێکم و وانەی مێژوو لەسەر دەستی ئەودا وەردەگرم یان دەخوێنم.

خومەینیم بینی و پێم گوت: با رێککەوتنێک پێکەوە بکەین، یارمەتی دەرت دەبێ، کە لێرەدا بمێنییەوە تا ئەوکاتەی ئارەزووتە، لەبەرامبەردا پێوست دەکات کاتێ گەڕایەوە ئێران دەسەڵاتت گرتە دەست، تەنازول لە لێواری ساحلی بکا تاکو بتوانین نەفتمان ئاسانتر هەناردە بکەین. سەدام دەڵێ: خومەینی دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران لە بەڵێنەکەی پاشگەزبۆوە ئەوەش وایکرد کە شەڕ لەگەڵ ئێران هەڵبگیرسێ، چونکە خومەینی ئەو بەڵێنەی نەهێنایە جێ، کە لە کەربەلا دابووی.

نزیکەی سەعات پێنجی بەیانی




دانیشی، دەمەوێ پزیشکێک رۆژانە ٢٤ سەعات لای بمێنێتەوە، ئەو کاتە لە نیوە شەو نزیک دەبووینەوە، هەر ئەوکاتە چوومە گرتوخانەکەی سەدام و شەو لەگەڵ وەرگێڕەکە لای مامەوە، لەو شەوەدا سەدام هیچ لە هیتلەر کەمتر نەبوو.

مارک گرین دەڵێ: بۆم دەرکەوت کە ئەم پیاوە هیچی لە ئەدۆلف هیتلەر و سەربرەکەی کەمبۆدیابول بوت کەمتر نییە، کەسێکی بێ دڵ، سەدامێک کە سەدەها هەزار کەسی کووشتووە ئەوە ئێستا من لە تەکییەوە دانیشوم و قسە دەکەین.

هەروەک وەسفی گرتوخانەکەی دەکات کە ژورێکی بچوکی ١٠×١٦ پێ دەبوو، دەڵێ: من لەبەردەم مێزێکی بچووک دانیشتبووم، بەڵام سەدام لەسەر سیسەمەکەی (تەختەکەی) راکشابوو داوای لێکردم کە لێی نزیک ببمەوە و بە ئیشارەت تێی گەیاندم پشکنینی فشاری خوێنی

خوێندنی پزیشکیم لێ دەکرد، ئەو بە عەرەبی قسەی دەکرد و منیش بە ئینگلیزی، وەرگێڕەکەی ئەرکی تێگەیاندنی هەردووکمانی دەبینی. لە قسەکانمان گەیشتینە ئەوەی پرسیاری ئەوەی لێبکەم، کە بۆچی چۆتە ریزی پارتی بەعس، دوای هەڵاتنی لە عێراق بەرەو کێ هەڵاتووە، لەکاتی کوشتنی عەبدولکەریم قاسمدا، لەوەڵامدا گوتی: سوریا یەکەم ئاراستەم بوو بەر لەوەی بچمە میسر، هەروەک گوتی: ئەو لە میسر پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر دروستکردووە، بەڵام پزیشکە ئەمریکییەکە گومان لە قسەکانی سەدام دەکات، پێی وایە کە سەدام دەیەوێ خۆی لەگەڵ ئەو سەرکردەدا دابێ، کە زۆرێک لە متمانە بە خۆبوونی بۆ عەرەبەکان گێڕایەوە و دەیەوێ خۆی وەکو ئەو سەرکردە عەرەبە نیشان بدات.

ئەو پزیشکە دەڵێ: پرسیارم لە سەدام کرد: بۆچی هێرشی کردە

ژمارەیەکی زۆر پرسیارم لێکرد، لەبەرئەوەی کەس بەمنی نەگوتبوو کە پرسیار کردن لە سەدام قەدەغەیە و ئەویش خۆی حەزی لە قسە کردن بوو، لەگەڵ ئەوەی شەو راشکا و بەرەبەیانی دا قسەکانمان بەردەوامی هەبوو. سەبارەت بەو بابەتەی کە لەم شەوەدا زیاتر لە بابەتەکانی تر بووە جێ سەرنجی ئەو پزیشکە لەمیانەی قسە کردنی لەگەڵ سەدامدا .

دکتۆر مارک گرین دەڵێ : ئەوەی زیاتر سەرنجی راکێشام لەکاتی گفتوگۆ کردنم لەگەڵ سەدامدا ئەو قسانەبوو، کە سەبارەت بەو رێککەوتنەی (سفقەی)، کە لەگەڵ ایە اللە خومەینی کرد بووی ئاماژەی پێدا، کاتێ کە خومەینی پەنابەر بووە لە کەربەلا لەسەردەمی حوکمی شا لە ئێراندا، لەم کاتەدا سەدام جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر بووە.

دکتۆرەکە لەسەر زاری سەدام دەڵێ: چوومە کەربەلا و

سەرکردەی هێزە تایبەتەکان هاتە ژوورەوە، بەڵام سەدام هەر درێژەی بە قسەکانیدا، لێرەدا سەرکردەکە گوتی: لێمان گەڕێ با ئەو دیدارەی ئێوە وێنە بگرین، بەلام کاتێ وێنەگرەکە هاتە ژوورەوە سەدام قسەکانی بڕی و سەری بە سەرچەفی سیسەمەکە داپۆشی و خەوی لێکەوت.

بۆ بەیانییەکەی ئەو پزیشکەی کە ئەرکی مانەوەی لەگەڵ سەدام گرتە دەست هات و منیش گرتوخانەکەم بەجێ هێشت، چووم لە تەلەفزیۆن سەیری دیمەنی گرتنی سەدام و چۆنیەتی دەرکردنی لە قۆرتی دووپشک و بردنی بۆ ناو هیلیک کۆبتەرەکەو دواتر بردنی بۆ بنکەی لێپێچینەوە. دوای ئەو شەوە دکتۆر مارک گرین گەڕایەوە ئەمریکا تاکو جەژنی لەدایکبوون و سەری ساڵ لەگەڵ خانەوادەکەی بەسەر ببات، بەر لەوەی سەر لەنوێ سەفەری ئەفغانستان بکاتەوە و ئەرکی نوێ بگرێتە ئەستۆ.



## زبر

**تامان شاکر**

### سەگەکەی سەر شەقام

ژیان لەم سەرزەمینەی کە مرۆڤی تێدا دەژی پڕە لە نادادپەروەری، لەوەتەی مرۆڤ هەیە چەوسانەوە هەیە. ئاژەڵەکان زۆر بەکەمی هاورەگەزەکانی خۆیان دەچەوسێننەوە، گورگ دڕندەیە، بەڵام بەرامبەر بە ئاژەڵانی تر نەک بەرامبەر رەگەزی خۆی، بەڵام مرۆڤ بەرامبەر بە خۆی و بەرامبەر بە ئاژەڵە ماڵیەکانیش بێبەزەییە.

لەم رۆژانەدا سەگێک لە ترسی منداڵانی ناو کۆڵانەکان، رێی کەوتبووە سەر شەقامێکی ئەم شارە، وا وێدەچوو سەگێکی سەرکێش بوو، نەیزانیبوو ماستاو بۆ کەسێک بکات، تا هیچ نەبێت شوێنێک بۆ ژیانی خۆی بدۆزێتەوە و رۆژانەش نانێکی پێبدەن و هەرکاتێکیش ویستیان بیکەن بە گژ کەسێکدا بە باشترین وەڕین و هێرش بردن، ئەرکەکەی ئەنجام بدات.

ئەم سەگە لەسەر شەقام تووشی شۆک بوو، ئەو پێی وابوو سەگ و مرۆڤ دۆستن . بەڵام ئەوەی بەو کرا با بەدەواری شڕی نەکردووە، شۆفێرە بەرێزەکانی ئەم شارە ئەوەندە هۆڕنیان بۆ لێدا سەریان لێشێواند، نەیدەزانی روو لەکام لا بکات. بۆ پاراستنی مافی ئەم سەگە بەدبەخت و لێقەوماوە، دەبوایە هەموو بوەستن تا سەگەکە رێگای خۆی دەدۆزییەوە و دەزانێ بەرەو کوێ مل دەنێ، ئەوەی ئەم شۆفێرانە کردیان، کارەساتیان بەسەر ئەم سەگەدا هێنا و کەسیش شەرمی لە خۆی نەکردەوەو ویژدانی ئازاری نەدا، ئەگەر ئەو کەسانە بەرامبەر کامێرایەکی تەلەفزیۆنی دابنیشن من دڵنیام نەک تەنها باسی مافی مرۆڤ،بەڵکو باس لە مافی ئاژەڵیش دەکەن. لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا سەگ خاوەنی هەیە چونکە بە هاوڕێیەکی باش و بە وەفای دەبینن، ئەوانەشی کە خاوەنیان نییە، حکومەت شوێنی تایبەتی بۆ تەرخان کردوون، بۆ ئەوەی بەرەڵای سەر شەقامەکان نەبن و وەک سەگەکەی لای خۆمانی لێنەیەت، لە هەمانکاتدا کۆمەڵەو رێکخراو هەیە، پارێزگاری لە مافی ئاژەڵان دەکات و لە زوڵمی مرۆڤ دەیانپارێزێت، لەم نزیکانە لە وڵاتی چین پیاوێک لەبەر ئەوەی پڵنگێکی کوشتبوو،سزای شەش ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا، چونکە ئەو پڵینگە لەو جۆرە دەگمەنانە بوو، کە بەرەو نەمان دەچن، پێش دووساڵیش لەگەرمیان پڵنگێکی بریندار لە جیاتی ئەوەی چارەسەری بکەن، بە گوللەیەک مێشکیان پرژاندو بەشانازییەوەوێنەیان گرتوو بە بلوتوس ئەم سەرکەوتنەیان بەدەنگ و رەنگ راگەیاند. بۆیە پێم سەیر نییە لەم وڵاتە خەڵک راوی سەگ دەنێت، چونکە راوی مرۆڤیش دەنرێت بە شێوازێک وات لێدەکەن کە گومان لە هەموو کەسێک بکەیت ومتمانەت بەدەورو بەرەکەت نەمێنێت. هەموومان باس لە ماف دەکەین، بەڵام ناتوانین نە مافەکانی خۆمان نە مافی ئاژەڵەکان بپارێزین، ئەی دەبێت رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ کەی بیر لەوە بکەنەوە ئەم خەڵکە تۆزێک مەدەنی بکەن، تا مرۆڤ و ئاژەڵەکان لەم جەنگەڵستانە پارێزراو بن. بتوانن بە ئازادی بژین.

# لە تاراوگەوە

## رێکخراوەکان

رێکخراوەکان لە وڵاتانی رۆژئاوا مێژوویەکی دێرینیان هەیە، بێجگە لە رێکخراوە سیاسی و پیشەییەکان، رێکخراوەکانی هیوایەت یا ئارەزووەکانی مرۆڤ زۆرترینیان پێک دەهێنن، ئەوانەی زیاتر هیوایەتی مرۆڤن. لە ئەڵمانیا مێژووی رێکخراوەکان زیاتر لە سەدوپەنجا ساڵ دەبێت، لە رۆژگاری ئیمڕۆدا زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو رێکخراو هەیە، نزیکەی حەفتا ملیۆن ئەندامیان هەیە، زۆرترینیان هی راهێنان و رێکخراوی وەرزشین، نزیکەی لە هەر چوار کەسێک ئارەزووی وەرزشی هەیە یا ئەندامە لە رێکخراوێکی وەرزشی، زۆر هەن لە چوار رێکخراو یا پێنج یا رێکخراوی زیاتر ئەندامن، لەم رێکخراوانە دیداری یەکتر بینین دەکەن، وەک رێکخراوەکانی : پاراستن، گەران و سوڕان، پول کۆکردنەوە، هیوایەتەکانی بەیەک گەیاندن و پەروەردەکردنی سەگ، کەرنەڤالیستەکان،.....هتد، لێرەدا مرۆڤ خۆی تەرخاندەکات بۆ یارمەتیدانی ئارەزووە هاوبەشەکان، بەڵام مرۆڤ بەئاگاییەوە ئاگاداری ئەم کاری پێکەوەبوونە دەکات، ئەندامان بەیەکەوە سەفەر دەکەن هەروەها ئاهەنگیش دەگێڕن بۆ ئەوەی چەند کاتێکی خۆش بەسەر ببەن و پەرە بە پەیوەندییەکانیان بدەن، زۆر لە بیانییەکانی نیشتەجێی ئەم وڵاتە چەندین رێکخراوی جۆراو جۆریان دروست کردووە بۆ نموونە وەک: ئێف تسی ئیسپاگنۆلی وەرزشی، ئێس تسی تساغرب، تورک گوچوو، پەیوەندی لەنێوان ئەلمانەکان و هاووڵاتیانی بیانی ئەلمانی هاوڕێیەتیەو کاری هاوبەش بەیەکەوە دەکەن.

رێکخراوە پیشەییەکانیش ئەو رێکخراوانە دەگرێتەوە، کە سەرجەم خاوەن کارو پیشە جیاجیاکان ئەندامن تیایدا، رێکخراوە پیشەییەکان زۆرن بە پێی بوونی جۆرەکانی کار بۆ نموونە وەک: رێکخراوی کرێکارانی میتال، رێکخراوی کرێکارانی خانووبەرەو رێگاوبانەکان، واتە بوونی سەرجەم ئەو کرێکارانەی لەبوارە جیاجیاکانی کارکردنەوە کار دەکەن، هەروەها رێکخراوەکانی مامۆستایان، دکتۆران، راگەیاندنکاران، شوفێران، زۆرێک لەم رێکخراوانە لەژێر چەترێکی یەک رێکخراوەیی کار دەکەن، بەڵام هەر یەکەو خاوەنی ناسنامەی سەربەخۆیی خۆیەتی، هەر ئەندامێک لەم رێکخراوانەدا سەرجەم مافەکانیان دەپارێزرێت بەپێی برگەیی یاسایی، مانگانە ئابوونەی ئەندامێتی دەدات، ئەگەر لەکاتێکدا هەر حاڵەتێکی نائاسایی وەک ماف خوران یا کەمی کرێ یا لەسەر کار دەرکردن یا رووداوی کەوتنەخوارەوە لەسەر کارو لە جێگادا کەوتن، رووبەڕووی هەریەکێک لە ئەندامەکانیان ببێتەوە، ئەوا بە هۆی پارێزەری تایبەتی خۆیان لە رێگەی دادگاوە داکۆکی لەدۆسییەی ئەندامەکەیان دەکەن و مافەکەی دەپارێزن و بۆی دەگەڕێننەوە، بەپێی ئەوەی کە دادگا بڕیار دەدات.

ئەم رێکخراوانە سەر بەخۆن خاوەن بەرنامەی خۆیانن ، لە ژێر فەرمانی حزب و حکومەتدا نین، رۆڵی ئۆپۆزسیۆنیش دەبینن لە فشار خستنەسەر دەوڵەت و خاوەن کارە کۆمپانیاکان، لەبەرامبەر زیادکردنی بودجەو کاتی زۆری کارو کەمی کرێ و داوای زیادکردنی کرێی کارو بریارێکی سیاسی دەوڵەت، کە لەگەڵ کۆمەڵگەکەیان نەگونجێت، هەناردەکردنی چەکی ئەتۆمی و کۆبوونەوەی وڵاتە زلهێزەکان و بەرپاکردنی شەڕ لە دژی وڵاتێک، ئەم رێکخراوانە بەیارمەتی ئەندامانیان و جەماوەر دەتوانن هێزێکی فشار دروست بکەن بۆ سەر دەوڵەت، لە ئەنجامدا دەوڵەتیش داخوازی و داواکارییەکانیان جێبەجێدەکات، لەکاتی بەرپاکردنی شەڕ دژی ئێراق بەسەرپەرشتی رێکخراوی ئاشتی پارێزی و چەندین رێکخراوی تر لەسەرجەم شارەکان خۆپیشاندانی بەرفراوان ئەنجامدران، کرێکارانی زبڵ و پاککردنەوەی شەقامەکان بۆ ماوەی چەندین رۆژ لە هەرێمی بادن ڤوتمبێرگ مانیان گرت و سەرجەم شارو شارۆچکەکان بەتەواوی زبڵ دایپۆشین، لە ئەنجامدا حکومەت داواکارییەکانی بەجێهێنان، مامۆستایانی باخچەی ساوایان لە هەرێمی راینلاند پفالتز، رێکخراوی دکتۆران، هەموو ئەوانە توانیویانە لە رێگای خۆ پیشاندانەوە، دەوڵەت داخوازییەکانیان جێ بەجێ بکات، کەواتە رێکخراوەکانیش خاوەن بڕیارو هێزن!!!.



**یوسف مەنتک**

هونەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوكراوەیەكی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٤٤ - ١٣٣ - هەینی ٢٠١٠/١/٢٢ی زایینی

# کچە هونەرمەندانی کوردو گەمەی هاوکارییەکانی حکومەت

مەسعودی مەلا هەمزە

هەر کە باس لە هونەر بکەین، ناکرێ باس لە بەشداری ئافرەت و رۆڵیان لەو کایە گرنگە نەکەین، بەپێی عورف و عاداتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا کچان و ژنان درەنگتر لە پیاوان هاتوونەتە ناو گۆڕەپانەکە، ئەگەرچی لە کۆنەوە ئێمە هونەرمەندگەلێکی ئافرەتمان هەبووە، کە کاری هونەرییان کردووە وەلێ ژمارەیان کەم بووە و ئەوانەش گەورەترین باجێک کە داویانە قسەو توانجەکانی کۆمەڵگا بووە، ئەوە جگە لەوەی ناویان بەخراپ رۆییوە، کە بە بڕوای من پاکترین کەسانێک لەژیان هونەرمەندانن.

دیارە ئەوەی لێرەدا مەبەستمە و لە مانشێتی بابەتەکەشدا دیارە گەمەی هاوکاریکردنی هونەرمەندانە لەلایەن لایەنی بەرپرسیارەوە، کە حکومەتە، ئەگەر دوور نەڕۆین و بگەڕێینەوە بۆ رابردووی هونەری کوردی ئەوا بە باشی ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێ کە هونەرمەندانی کۆنی کورد ئەوانەی تا ئێستاش بەرهەمەکانیان لەگوێمان دەزرنگێتەوە و بە نەمری ماونەتەوە چۆن ژیاون، بۆ نموونە ئایشەشان و تاهیر تۆفیق و رەسول گەردی و عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و هەموو هونەرمەندە نەمرەکان یان کە کۆچی دواییان کردووە شارەوانی ناشتوونی و لەدوای خۆیان کیسەی دەرمانیان جێهێشتووە، یانیش ئەوەتە ئەوەندە بەهەژاری مردوون کە پێویستە ئێمە شەرم لەخۆمان بکەینەوە، کە دەژین و دەبینین پارەی حکومەتی هەرێم بۆ چ هونەرێک سەرف دەکرێ.

بەو پێیەی ژمارەی هونەرمەندە پیاوەکانمان زۆرن و ئەو بابەتەی باسی دەکەم ئەوانیش دەگرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر بەداخەوە ژمارەی هونەرمەندانی ئافرەت کەمترە لە ژمارەی پیاوەکان، بۆیە ئەو گەمەی هاوکاریکردنە لەناویاندا بە زەقتر دیارە، بەرادەیەک گەیشتۆتە ئەوەی کە بەشێک لە هونەرمەندە ئافرەتەکان بە تەواوی وەلاوە بنرێن و هیچیان بۆ نەکرێ، هەندێکیش کوردەواری خۆمان گوتەنی پارەو هاوکاری بۆیان بە ربەی تەق تەقە.

گەر لە ئێستادا ئێمە بمانەوێ باس لەهونەری نەمر و هونەری سەرپێیی بکەین، ئەوا بێ شک تووشی ئەو کێشە دێین کە بەداخەوە بەرهەمی هەرەزۆری گۆرانییەکانی ئەمرۆ نەمر نین و کاتین، ئەوەش تا ئێستا پرسیارە و بێ وەڵامی کۆتایی ماوەتەوە، بەشێک لە هونەرمەندان ئەوە بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەگەڕێننەوە و بەشێکیشیان پێیان وایە ئەو بەرهەمانەی نەمر نین زیاتر بە نەفەسێکی بازرگانی کراون لەوەی بۆ هونەر و خزمەتی هونەر کرابن.

ئەگەر ئێمە بمانەوێ وەکو ناو و دیاریکردن باس لە هونەرمەندە ئافرەتەکانی ئەمرۆی گۆڕەپانی کوردی بکەین، ئەگەرچی لەچاو رەگەزی بەرامبەر ژمارەیان کەمە، وەلێ بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو باشترە، بە بڕوای من ئەو هونەرمەندانەش دەبنە دوو بەش، بەشێکیان ئەوانەن کە حکومەت بۆیان رووخاوە و هەر کاتێک کاریان هەبێ بودجە بۆیان کراوەیە، هەندێکیشیان ئەوانەن کە بەدەست نەبوونی بودجە دەناڵێنن و بەردەوامیش کاری نوێیان هەیە. خۆی لەخۆیدا ئەو ئیزدواجیەتە جێگای پرسیارە، بۆچی هونەرمەندێک کە کاری هەبێ بودجە بۆی نەبێ و چاوەڕێی بکا، کەچی هەر هونەرمەندێکی دیکەی ئافرەتیش بودجە چاوەڕێی کاری ئەو بکا.

من لێرەدا دەمەوێ چەند بەراوردێک لەنێوان ئەو هونەرمەندانە بکەم، بۆ نموونە ئاشنا زراری گۆرانیبێژ لەبەر نەبوونی هاوکاری و کەمی بودجە واز لەکاری هونەری دێنێ، کەچی لۆکەیەک کە تازە دێتە ناو کاری هونەری و لە سەرەتادایە یەک ئەلبوومی بۆ دەکرێ بە پارەی خەیاڵیش، ئەو جیاوازییە بۆ؟

یاخود ئاڤان جەمالێکی گۆرانیبێژ، ئەو گۆرانیبێژەی بە دەنگە خۆش و ناسکەکەی خەڵک دێنێتە جۆش بەشێوەیەکی یەکجار کەم هاوکاری دەکرێ، هانیش کە جاران ئەویش هەر گۆرانیبێژ بووە و وەکو ئەوانی دیکە کاری کردووە ئەلبوومێکی بۆ بەرهەم دێ، کە بە بڕوای من ئەو ئەلبوومەی هانی لە زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەی ئەو کچە هونەرمەندانە باشترە کە پارەیان بۆ رژاوە.

خەندە عەبدوڵڵایەک تا ئێستاشی لەگەڵدابێ گۆرانی "گومان" کە کلیپێکی زۆر سادەی بۆ کراوە و لەو بڕوایەشدا نیم بە دەفتەر دۆلاری لێ سەرف کرابێ، کەچی بەرهەمەکە تا ئێستا نەمرەو خەڵک حەز بە گوێگرتنی دەکا، کەچی هەر لەبەرامبەر ئەودا دەشنێ بۆ تەنها گۆرانییەک "هێلا هۆپ" بە دەفتەر دۆلاری لێ سەرف کراوە و بەبڕوای من و زۆربەی شارەزایانی بواری هونەری ئەو بەرهەمەی ئەو جگە لە نمایشێکی جەستەیی شتێکی دیکەی ئەوتۆ نییە، کەچی خەندە عەبدوڵڵا وەک لە راگەیاندنەکان باسی کردووە لەبەر نەبوونی بودجە ناتوانێ کار بکا، دەشنێش دێت لە پێشکەشکارییەوە دەبێتە گۆرانیبێژو دوو ئەلبوومیشی بۆ بەرهەم دێنن.

کە باسی ئەو هونەرمەندانەم کرد پێتان وانەبێ تەنها ئەوانە لە گۆڕەپانەکە هەن، نەخێر بەڵام ئەوە چەند نموونەیەک بوو، کە بەشی زۆری ئەوانەی ئەو هاوکارییەیان بەرکەوتووە لەلایەن راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەتەوە بووە، ئەو راوێژکارەی کە وێڕای ئەوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم چەندان کاری باشی کرد، وەلێ بوونی ئەو راوێژکارە و کارەکانی پەڵەیەکی رەشە لە مێژووی ئەو کابینەیە دەمێنێتەوە، چونکە ئەو راوێژکارە "دیارە مەبەستم هەڵکەوت زاهیرە" بەشێوەیەکی عادیلانە کاری بۆ هونەرمەندان نەکرد و بووە هۆی رەنجاندنی دەیان و بگرە سەدان هونەرمەند لە حکومەت، کەوایا بوونی ئەو راوێژکارە لە کابینەیەکی وا چالاکدا مانای چییە؟

لەبەرامبەر هەموو ئەوانەشدا وەزارەتی رۆشنبیریش بێبەش نییە لەو کەمتەرخەمییە، بەڵکو پشکی شێر بەر ئەوان دەکەوێ، لەبەرئەوەی وەزارەتێک بەو هەموو ئیمکانیاتە ماددییەی خۆی نەتوانێ لە ماوەی ٤ ساڵدا ١٠ ئەلبوومی جوان و شایستە بۆ هونەرمەندان بەرهەم بێنێ، لە کاتێکدا بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی هەیە بەناوی بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی میوزیک، کە بەحیساب ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بۆ کاری وا دانراوە، کەچی بەبڕوای من کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ئەوە نییە بەقەد ئەوەی حزب بەدەیان نا هونەرمەند و بگرە ئەوانەی لە کەسایەتی هونەرمەندانیشیان داوە لەو بەڕێوەبەرایەتییە دایمەزراندوون.

بەبڕوای من لەو زۆری و بۆری و ناعەدالەتییەی هەیە کاری یەکەمی حکومەتی هەرێم ئەوەیە کە لیژنەیەک دابنێ بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمانە هەڵبسەنگێنن کە بەپارەو بودجەی حکومەت بەرهەم هاتوون، تاکو لەداهاتوودا بزانن کار بۆ کێ بکەن و چۆنیش کار بکەن، ناشبێ ئەو لیژنەیە بە میزاجی شەخسی کاربکا، وەلێ دەبێ بزانێ ئەو بەرهەمە چەندە لە لایەن تاکی کورد جێگای قبوڵە، خۆ ناکرێ ئەندامانی ئەو لیژنەیە بە ئارەزووی خۆیان یا بە میزاجی شەخسی کاربکەن.

لێرەوە ئەوە پەیامێکەو بۆ وەزیری نوێی رۆشنبیری د. کاوە مەحمودی دەنێرم و داوای لێدەکەم گەر وابڕوا دەست لەکار بکێشێتەوە، لەبەرئەوەی ناکرێ وەزارەتێکی تایبەت بەو بوارە هەبێ و ئەو وەزارەتەش بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بە میوزیک و گۆرانی هەبێ، کەچی نەتوانن دە یەکی راوێژکارێک کاربکەن کە ئەسڵەن پێویست نییە ئەو راوێژکارە سیدی بۆ هونەرمەندان بەرهەم بێنێ، بەقەد ئەوەی پێویستە لەسەری پەیام و گلەیی و گازاندەکانی هونەرمەندان بە حکومەت بگەیەنێ، لەوەش سەیرتر ناردنی پرۆژە یاسای پاراستنی مافی هونەرمەندانە بەبێ ئاگاداری ئەو وەزارەتە، ئاخر لە کاتێکی وادا بوونی ئەو وەزارەتە مانای چی دەبێ، بەڵام ناشاردرێتەوە کە ئەو وەزارەتەش بەشێکە لەگەندەڵییەکان، ئاخر بۆچی وێڕای هەموو رێزێکم و وەکو لە راگەیاندنەکان بڵاوکراوەیە چۆپی فەتاح بە ٢ جار نزیکەی ٧٦ ملیۆن دینار وەربگرێ بۆ کار و هونەرمەندی دیکەش لەبەر نەبوون یا کەمی بودجە کار نەکاو لە هونەر دابڕێ، لەکاتێکدا لەوانەیە ئەو بڕە پارەیە کاری بۆ ٣-٤ هونەرمەند پێ بکرێ.

لە پاڵ هەموو ئەوانەدا نازانم هونەرمەندە ئافرەتەکان چەندە ئاگاداری ئەوەن کە دەگوترێ هاوکاری کردنی هونەرمەندانی ئافرەت بنەماو بنچینەی تایبەتی خۆی هەیە، کە هیچ یەک لەو بنەمایانەی باس دەکرێن بریتی نین لە شتی ئەخلاقی و جێی قبوڵ.

نامەوێ درێژە بدەمە نووسینەکەم و دەمەوێ بڵێم پێویستە حکومەتی هەرێم ئاگادار بێ لەوەی ئەو بودجە جوانە لە هونەرێک سەرف دەکا کە هیچ خزمەت بە هونەری کوردی ناکا، بەقەد ئەوەی خزمەتی هونەری بێگانەو زیندووکردنەوەی میلۆدییە کۆن و مردووەکانی میسر دەکا، ئاخر کوفر وماڵوێرانی لەوە زیاتر چی؟ لە وڵاتێکدا کە یاسایەک نییە بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان و رۆژانە هونەرمەندان هاوار دەکەن و دەناڵێنن بەدەست کۆپی کردنی بەرهەمەکانیان و هیچ یەک لەوانە نییە بەرهەمەکەی پارەی خۆی بێنێتەوە و زەرەر نەکا، کەچی لە هاوکاریکردنەکەش وەک دەڵێن بە جوانی دەموچاو و شتی دیکەیە، نەک ئاست بەرزی بەرهەمەکان.

Masoud.press@yahoo.com


هانی


ئاڤان جەمال


دەشنێ موراد


خەندە عەبدوڵڵا


ئاشنا زرار


لۆکە زاهیر


چۆپی فەتاح

## پرۆفیشناڵ


مەسعودی مەلا هەمزە

### رێزلێنان دوور لە چاوی راگەیاندن

ئەو کلتوورە جوانەی دەمێکە خەونی پێوە دەبینم رێزلێنانە لە ماندووبوونی زیندووان، لەبەرئەوەی ئەو وڵاتە دەمێکە ئەو کلتوورەی لەیاد کردووە یا هەر نەیبووە، تەنها شتێک کە باو بوو زیندووکوژی مردوو پەرست بوو، وەلێ لە ئێستادا خەریکە ئەو کلتوورە باوی نامێنێ و کاڵ دەبێتەوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیخەمەبەر باس جۆری رێزلێنانە لە زیندووان، خۆ ناکرێ بەناوی رێزگرتن لە زیندووان هەموو کەسێک خەڵات بکرێ و رێزی لێ بنرێ بە تایبەتی لە بوارە دیارەکانی ژیانی وەک هونەر، ئەدەب، رۆشنبیری، ژنان، رۆژنامەگەری، وەرزش. هتد، وەلێ خەریکە لەگەڵ سەرهەڵدانی کلتووری رێزگرتن لە زیندووان کلتوورێکی گڵاو تێکەڵی ناوەندەکە دەبێ ئەویش رێزلێنان لە کەسانی نابەرپرس و نا شایستەیە، زۆر درێژە نادەمە بابەتەکەم، لە ژمارەی رابردوودا باسم لە دوو هەوڵی جوان کرد، لەو ژمارەیەشدا هەوڵدەدەم چەند هەوڵێکی قێزەون بخەمەبەر باس و قەڵەمی رەخنە...

بۆچی دەبێ هونەرمەندێکی دیاری خاوەن پلەی هەرە گەورە لە رێکخراوێکی پیشەیی کوردستان سوپاسنامەو بڕوانامەی رێزلێنان بداتە رۆژنامەنووسێک تەنها بۆ ئەوەی چیتر ئەو رۆژنامەنووسە شت لەسەر گەندەڵییەکانی بڵاو نەکاتەوە، بەبێ ئەوەی کەسێکیش لە ئەنجوومەنی ئەو رێکخراوە پیشەییە ئاگادار بێ، لەوەش قێزەونتر چۆن ئەو رۆژنامەنووسە رێگەی بەخۆیدا ئەو سوپاسنامەیە وەربگرێ و بە شانازیشەوە!! لەو بڵاوکراوەیەی کە کاری تێدا دەکرد، بڵاوی کردەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی راگەیاندنەکان ئاگاداری بن و ئەو شوێنەشی ئەو برادەرە لێی بڵاوکردەوە ئەوە نەبوو کە هەموو خەڵک بیزانێ. لە هەمووی سەیرتر و ئەوەی بووە هەوێنی نووسینی ئەو بابەتە خەڵاتکردن و بەخشینی بڕوانامەی رێزلێنانە بە رۆژنامەنووسێک لەلایەن راوێژکاری هونەری سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەبێ ئەوەی کەس ئاگاداری بێ و بیزانێ، ئەوەیان ئەو کەسە نەیوێرا لە بڵاوکراوەکەی خۆشی بڵاوی بکاتەوە، بۆ؟

ئاخر سەیرەکە لەوەدایە بۆچی دەبێ خەڵاتێکی وا ئاوا بە نهێنی ببەخشرێ، لە کاتێکدا ئەو جۆرە خەڵاتەو بەو ناوە گەورەیە پێویستی بە مەراسیمێکی گەورە هەیە تا هەمووان بزانن ئەوە کێیە کاردەکا و شایانی خەڵاتە، کێشە پیاو پیاوێنی دەکا و بەقسەی ئەم و ئەو شت دەنووسێ، زۆرجار دەگەمە ئەو قەناعەتەی کە لەو وڵاتە ئەو شتەی کە نەبێ دادپەروەرییە، حەزدەکەم ئەوە بڵێم ئەو رۆژنامەنووسەی راوێژکارەکەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کابینەی پێنجەم خەڵاتی کردووە یەکێکە لەو رۆژنامەنووسانەی بەدەیان کەس هەن زۆر لەو زیاتر کاریان کردووە و خزمەتیشیان کردووە، ئەگەرچی مەرج نییە هەموو کارکردنێک داهێنان بێ و شیاوی خەڵات بێ، بەڵام هەموو ئەو دە کەسەی باسی دەکەم لەو چالاکترن و هەرگیزاو هەرگیزیش نەمدیوە لەو دە کەسە کارێکی وابکەن کە لێدوان بەناوی هونەرمەندێک بڵاوبێتەوە و هونەرمەندەکەش سێ بە سێ تەڵاق بخوا و بڵێ من قسەی وام نەکردووە و ئەو برادەرە رۆژنامەنووسەش بڵێ من دەنگیم لایە، بەڵام ئەو دەنگە چۆن پەیداکراوە و گەیشتۆتە دەست ئەوە نازانم، تەنها دەتوانم ئەوە بڵێم یا دەبێ هونەرمەندەکە درۆ بکا و تەڵاقی نەبێ، یا ئەو دەنگە لەرێگای کاری

# تیرێژ ئورمیه: شتێک نییه بەناوی هونەری تورکی

**هونەرمەندی گۆرانیبێژ تیرێژ ئورمیه یەکێکە لەو هونەرمەندانەی ماوەیەکی زۆرە خەریکی کاری هونەرییە، وەلێ ماوەیەکی زۆرە لە کارکردن دابڕاوە، دەربارەی ئەو پرسەو چەند پرسێکی دیکەی گرنگ دواندمان..**

## ئا: هونەری بەدرخان

*** چۆن خۆت دەناسێنی؟**

- بۆ زیاتر ناساندنی خۆم بەکورتی دەڵێم: من مرۆڤێکم هەست و حەزی مرۆڤایەتی لەناخی مندا دەژی، من کوردێکم لەکوردایەتی لەدڵ و خوێنی مندا دەژی، من کەسایەتییەکم لە ڕێگای هونەرەوە دەمەوێ خزمەتی فەرهەنگی خاک و گەلەکەم بکەم، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری ورمێ لەدایک بوومە. ئێستاش لە باشووری کوردستان دەژیم.

*** کەی و چۆن تێکەڵی دنیای هونەر بووی؟**

- بەبڕوای من هەست و حەزی هونەری لەناخی کەسایەتیدا بەشێوەیەکی سروشتی پێشدەکەوێ، لەژیانی منیشدا هەروا بووە، من لە پۆلی چواری سەرەتایی بە هەست و حەزی خۆم تێکەڵی دنیای هونەری بوومە، لە ساڵی "١٩٩٧"ەوە دەستم بە نووسینی شیعر و هەڵبەست کردووە، لە ساڵی "٢٠٠٠"ەوە لەسەر میوزیک کاردەکەم، لە ساڵی "٢٠٠١"ەوە گۆرانی دەڵێم، لە ساڵی "٢٠٠٥"یشەوە بە شێوەیەکی زانستی گۆرانی دەڵێم.

*** وەکو هونەرمەندێکی کرمانجی هەوادارانی خۆت لەناو سۆرانییەکان چۆن دەبینی؟**

- بەڕێزەوە خۆشەویستی خۆم دەردەبڕم لە بەرامبەر خۆشەویستی هەموو گوێگرانی خۆم لەهەر کوێیەک بن، لەڕاستیدا لەدوای بەرهەمی یەکەمم بەتایبەتی لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و زۆر جێگای دیکە دەستخۆشیم لێکرا، بەدڵێکی زۆر گەرم پێشوازیم لێکرا، بەو نزیک بوونەوەی من شانازی بە هەموو هەوادارانی خۆم دەکەم، لەزۆر جێگا ڕەخنەم لێگیرا کە بۆچی لە بەرهەمی یەکەممدا بە زاراوەی سۆرانی بەرهەمم نەبوو، لەمبارەیەوە من خۆم بە قەرزاری ئەوان دەزانم، لە بەرهەمە نوێکەم دوو گۆرانی بە زاراوەی سۆرانی هەیە کە هیوادارم بەدڵی هەموو هەوادارانم بێ، هیوادارم بتوانم شایانی هەست و سۆز و خۆشەویستی هەموو لایەک بم.

*** لە ئێستادا سەرقاڵی چیت و بەرهەمی نوێت چییە؟**

- هەروەکو دەزانن ئەوە دوو ساڵە من هیچ چالاکی هونەریم نەبووە، ئەمەش لەدوای ئەوە دێت کە بەڵێنم بەخۆم دابوو تا بەرهەمی نوێم تەواو نەبێ بەشداری هیچ چالاکییەکی هونەری نەکەم، نە کۆنسێرت، نە بەرنامەی تەلەفزیۆنی، بەڵام ئێستا بەرهەمی نوێم تەواو بووە، ئەم سیدییە نوێیەم لە ١٢ تراک پێکهاتووە، ٢ گۆرانی بە زاراوەی سۆرانی و ١٠ گۆرانی بە زاراوەی کرمانجی، بەرهەمەکەشم لە تورکیا تۆمار کردووە، ئێستا لەسەر شێوەی بڵاوکردنەوە ئیش دەکەین، بەرنامەشمان بۆ ڕیکلام و کلیپکردنی چەند گۆرانییەکی ئەو بەرهەمە داناوە، لەو بڕوایەدام ئەو بەرهەمە دەبێتە وەڵامێک بۆ ئەو بێ دەنگییەی دوو ساڵی ڕابردووم.

*** زۆرجار دەگوترێ ئێوەی هونەرمەندانی کرمانجی کاریگەری هونەری تورکیتان زۆر بەسەرەوەیە، ئەوەیان چەند ڕاستەو لەتۆ ڕەنگی داوەتەوە؟**

- بەڕاستی گەر بڵێن کاریگەری هونەری تورکی لەسەر هەندێک لە هونەرمەندانی کورد هەیە، وابزانم ئاوا ماقوڵتر دەبێ، بەڵام گەر بڵێن هونەرمەندانی کرمانجی زۆر کاریگەری هونەری تورکیان بەسەرەوەیە، ئەوە دەبێتە بێ ویژدانی، لەبەر ئەوەی کە دەگوترێ هونەرمەندانی کرمانجی سەدان هونەرمەند لەخۆی دەگرێ، ئێمە باش دەزانین کە ئەو هونەرمەندانەی کاریگەری هونەری تورکیان لەسەرە کێن، ئەو هونەرمەندانە بەس کرمانجی نین، لە هەولێر و سلێمانی و دەرەوەی وڵاتیش کاریگەری هونەری تورکی لەسەر بەرهەمی هەندێک لە هونەرمەندانی کورد دیارە، لە لایەکی ترەوە من لەو بڕوایەدام ئەو مەسەلەیە بەو شێوەیە چارەسەر ناکرێت کە هەندێک کەس بڵێن کاریگەری هونەری تورکی لەسەر هونەری کوردی هەیە، یا هەندێک کەس بڵێن کاریگەری هونەری عەرەبی یا فارسی لەسەر هونەری کوردی هەیە، دەبێ ئێمە لەخۆمان بپرسین ئەم کاریگەرییە چییە؟ بۆچی هونەری تورکی یا عەرەبی یا فارسی کاریگەری لەسەر هونەری کوردی هەیە؟ من لەو بڕوایەدام هەموو پسپۆڕان و زانایانی بواری میوزیک دەزانن شتێک نییە بەناوی هونەری تورکی، ئەو شتەی ئێستا لە تورکیا هەیە پێکهاتووە لە هونەری کوردی، عەرەبی، ئەرمەنی، یۆنانی. مێژووش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە تورکەکان زۆر بەوردی سەیری ئەو مەسەلەیەیان کردووە، کە سوود لە ڕیتمی کوردی، مەقامی کوردی، شێوازی کوردی. وەریانگرتووە و لەخزمەت و بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاریان هێناوە، نەک تەنها کورد بەڵکو تورکەکان لە فەرهەنگی چەندین نەتەوەی تر سوودێکی زۆریان وەرگرتووە، بۆ نموونە مێژووی هونەری ئەرەبێسک بەشێوەیەکی بەرچاو دەبێتە ٥٠ ساڵ، بەڵام من دەڵێم هونەری ئەرەبێسک هونەرێکی کوردییەو مێژووی ئەو شێواز و ڕیتمە تایبەتە لە هونەری کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ پێش ئێستا، بۆ ڕاستی ئەو مەسەلەیەش پرۆژەیەکم هەیە پەنا بەخوا لەداهاتوو ئاشکرای دەکەم، کە ببێتە سەلمێنەرێک کە میوزیکی کوردی، ڕیتمی کوردی، مەقامی کوردی لە جەوهەری خۆیدا چەند دەوڵەمەندە.

*** زۆری بەرهەمەکانت ئاواز و هۆنراوەی خۆتن، بۆ؟**

- بەڵێ ڕاستە، لەبەرئەوەی تا ئێستا من تەنها ئاواز و هۆنراوەی خۆمم بەکارهێناوە، لە بەرهەمە نوێکەمدا هۆنراوەیەک هی شالاو نەسرەدین کۆییە، هۆنراوەیەکیش هی ئەکرەم ئەمینە، هۆنراوەیەکیش هی خۆم و شەعبان سلێمانە، ئەوەی تر هەمووی هۆنراوە و ئاوازی خۆمە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا دەڵێم لەبەرئەوەی من سیقەم بەخۆم و تواناکانم، هەستی خۆم، تەجروبەکانی خۆم هەیە هەم لەسەر ئاواز و هەمیش لەسەر هۆنراوە، تا ئێستاش زیاتر لە ٦٠ ئاواز و هۆنراوەی خۆمم داوەتە گۆرانیبێژانی کورد.

*** وەکو هونەرمەندێکی کورد چەندە هەوڵی زیندووکردنەوەی فۆلکلۆر دەدەی؟**

- تا ئێستا تەنها لە کۆنسێرت و بەرنامەکانمدا گۆرانی فۆلکلۆریم وتووە، بەڵام لە داهاتوودا پرۆژەیەکی تایبەتم هەیە سەبارەت بە فۆلکلۆری کوردی.

*** بەنیازنیت لە ئایندەدا کۆنسێرت سازبکەی؟**

- لەدوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەم، بەنیازم لەزۆر شاری کوردستان و دەرەوەی وڵات کۆنسێرت سازبکەم، بەڵام ئێستا تەنها کار لەسەر بڵاوکردنەوەی سیدییە نوێکەم دەکەم.

*** بەبڕوای تۆ هونەرمەندان لەسەر چ بنەما و پێوەرێک لە لایەن حکومەتەوە یارمەتی دەدرێن؟**

- بەلای منەوە وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر گرنگ نییە، لەوە گرنگتر ئەوەیە کە دەبێ حکومەت زیاتر لەسەر پاراستنی مافە هونەرییەکانی هونەرمەند هەنگاو بنێ، ئەگەر مافی هونەری هونەرمەندان پارێزراو بێ هیچ هونەرمەندێک پێویستی بە هاوکاری حکومەت نابێ، ئەوە بار لەسەر شانی حکومەتیش کەم دەکاتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لە کوردستان پلان و پرۆژەیەکی یاسایی بۆ پاراستنی مافی هونەری هونەرمەندان هەبێ کە مافی هونەری هونەرمەندان لە "بازاڕ، ئینتەرنێت، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، کۆنسێرت، ڕیکلام، لە ناوخۆی کوردستان و دەرەوەی کوردستان" بپارێزرێ، ئەوە مافێکی یاساییە کە لە هەموو دنیا پەیڕەو دەکرێ، بۆ نموونە حکومەت دەتوانێ لەهەر شارێک دوو هۆڵی هونەری بە دیزاینێکی هونەری، بە دیرۆکی هونەری، بە ئەندازەیەکی هونەری بۆ سازکردنی کۆنسێرت دروست بکا، تا هەر هونەرمەندێک بتوانێ سوودێکی باشی لێوەربگرێ، دەکرێ خەڵکێک بڵێن ئێمە هۆڵمان زۆرە، منیش دەڵێم ئەو هۆڵانە جێگەی کۆنفرانس و کۆنگرە و سیمیناری ڕۆشنبیری و سیاسین، نەک بۆ سازکردنی کۆنسێرت، دەبێ بزانرێ کە کۆنسێرتی هونەری یانی زەرافەتی هونەری، یانی ئیستاتیکای هونەری، یانی دیزاینی هونەری.

*** تا ئێستا هیچ کارێکی دوێتت تۆمارکردووە لەگەڵ هونەرمەندە ئافرەتەکان؟**

- نەخێر تا ئێستا کاری دوێتم نەبووە، بەڵام لەداهاتوودا و لە دەمێکی زۆر نزیکدا ئیشاڵڵە گوێبیستی بەرهەمە نوێکەم دەبن کە بەناوی "لۆری جان"ە.



تیرێژ ئورمیه

---



## ئەزموونگەریەت لە شانۆ (٥)

**هیوا سوعاد**

سەرەتا بابزانین ئەزموونگەرییەت چییە؟ چونکە هەروەک باسمان کرد زۆرکاری شانۆیی دەکرێت بەناوی ئەزموونگەری کەچی هیچ پەیوەندییەکی بە ئەزموونگەری نییە، یا لەزۆر کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارەکان و دیمانەکان زۆر بەشێواوی باسی ئەزموونگەرییەت دەکرێت، ئێمە کە باس لە ئەزموونگەری دەکەین دەبێ بەر لە هەموو شتێک ئەوە بزانین کە ئەزموونگەری واتە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شێوازی نوێ لەنمایش کردن و ئەدای ئەکتەرەکان، دەرهێنان و نووسین.زەمینە لەبارکردنە بۆ پێشڤەچوونی شانۆو بەردەوام بوونی. لەم ڕووەوە ئەزموونگەری لەحاڵەتی کامل بوون و ئەزموونی بەردەوامدا دەکرێ.زاراوەی ئەزموونگەری بەپلەی یەکەم پەیوەندی بەزانستەوە هەیە و بەپلەی دووەمیش گەڕان. بواری گەڕانی زانستیش چەند پێداویستییەکی هەیە کە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی تاقی کردنەوەی بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجەدیاری کراوەکان. گومانی تێدا نییە ئەم ئامانجانەش بەتاقی کردنەوەیەک نایەتەدی. بەڵکو لەڕێگای چەند ئەزموونێک وگۆڕان وبەدوا داچوون و خوێندنەوەو بایەخ دان.چونکە ئەو نوێکارییەی کەپێویستە بکرێت.بنچینەیەکی باو و تەقلیدی هەیە کەپێویستە شارەزا بیت لێی بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لەسەربکەی. ئەزموونگەری گەڕانە لەجیهانێکی دیاروئاشکرا چونکە ئەزموونگەری وەستانی نییە. پرۆسەیەکی بەردەوامەو هەوڵی دۆزینەوەو شێوازەکان لەقۆناغێک لەقۆناغەکان دەبن بەباو و تەقلیدی و ئەزموونگەری تری بەسەر دەکرێت.نموونەکانیش لەبەرچاون ئەوەتا ریبورتواری ستانسلا فسکی کە لەسەردەمێکدا بەگۆڕانکاری و نوێکاری دەناسرا ئێستا بووە بەشتێکی لاسایی و ئەزموونی تر سەریهەڵداوە. بەڵام هەموو دیاردەکان سوودیان لەئەزموونی بەرلەخۆیان وەرگرتووە هەروەها شانۆیی برێخت و ستانسلافکی و هەژار و زیندوو و بایۆمیکانیک وهەموو دیاردەکانی تر یان سوودیان لەیەکتر وەرگرتووە یان لەسەر زەمینەی یەکتر ئەویتر نوێکاری بیناکدووە. هیچ کاتێکیش ئەزموونگەری لەپێناو ئەزموونگەریەتەوە نابێت بەڵکو ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە.بەدیلێکی هەیە بۆزیاتر نوێبوونەوەو نزیک بوونەوە.لەگەڵ چێژو سوودمەندی زیاتر و کاریگەری و وروژاندنی پتر. ئەزموونگەری تێپەڕبوونی هونەرمەندە بەکارو ڕووداوێک لەچوار چێوەی کات و شوێن وکەش و بارووددۆخێک کەئەنجامێکی لێوە دێتە دی و دەچێتە سەر گەنجینەی زانست وپەی پێ بردن بەجیهانی بێ سەرو سەرحەدی ئەفراندن. ئەزموونگەری وەک کاری لابوور ئاسایانە نوێیی لێوە چنک دەکەوێ و بەرەوپێشەوە چوون و پەرەسەندنی لێ دەکەوێتەوە. چونکە پشکنینی بەردەوامەو هەوڵی نوێبوونەوەیە لەشێوازدا. ئەکتیڤی هەستی مێژووییە لە تووخمە گرنگەکان بۆئەوەی بزانرێ تاچ ڕادەیەک ئەزموون و نوێکاری لەهونەری شانۆدا جێگیر و سەقامگیر دەبێت لەگەڵ هۆشیاری مێژوویی.وەلێرەدا پێویستە ئاماژە بەهۆشیاری مێژوویی بکەین لەهەست پێکردنی هزری تاقی کردنەوەی مرۆڤایەتی کەبەچەند لایەنێکی جیاجیادا دەڕوات. واقعی مێژوویی ئەزموون بوونی خۆی لەفەلسەفەی مێژوو وەردەگرێت لەگۆڕانی کرداری هونەری و دەقی درامی لەشێوازێک بۆشێوازێکی تر بەهۆی گیانی سەردەم و ئەونەریتەو ئەورژێمەی حوکمی بەسەردا دەکات. ئەزموون لەبۆتەی ئیجابیەتی مێژوویی لەیەکتر نەگەیشتنەوە دروست دەبێت.

بۆئەوەی بەردەوامی مسۆگەربێت (ستانسلافسکی) دەڵێت: ((ئەگەرهاتووئەزموونگەری لەگەڵ گیانی سەردەمدا تەفاعوولی نەکرد ئەوا دەبێتە کارێکی شۆڕشگێرانەی شێوەیی بۆیەپێویستە پەیوەندییان تەواو کەری ئەزموونەکانی پێشووتربێت)).

ئەزموونکارەکان لەکارەکانیان پەنایان بردە بەر چەندشتێک بۆ ئەوەی کارە ئەزموونگەرییەکانیان لەڕووی تیۆروپراکتیکدا لەسەری بونیاد بکەن لەوانە گەڕانەوە بۆ وێردە ئایینیە کۆنەکان. چونگە زۆربەی هونەرمەندانی شانۆ هەستیان بەوە دەکرد کە ئەو (تفاعل)ە گیانییەی کەلەشانۆدا هەبوو ڕوولەکزیەو خەریکە نامێنێت.بەڵام ئەم گەڕانەوەیە. مەبەست گەڕانەوە نییە بۆسەردەمی گریکی کۆن بەڵکو بۆ ژیانەوەی شێوازێکی نوێ کەبتوانێ بەگیانێکی سەردەمیانە بچێتەنێو جیهانی ئەفسوناوی و چێژ وەربگرێ.

---

# ئەرسەلان دەروێش (پاسەوان) لە شانۆی نیشتمانی سوید نمایش دەکات






**تایبەت بە هونەری بەدرخان**

لە مانگی "شوبات- فبرایەر"ی داهاتوودا بۆ یەکەمین جار لەمێژووی شانۆی کوردیدا "تیپی شانۆی نیشتمانی سویدی- Riksteatern" میوانداری دەرهێنەری بواری شانۆ و درامای کوردی "ئەرسەلان دەروێش" و تیپی شانۆی سالار دەکات بۆ نمایشکردنی شانۆگەری "پاسەوان"، شانۆگەری پاسەوان لەو گەشتەدا لە چەند شارێکی وڵاتی سوید نمایشدەکرێت و لەلایەن تیپی شانۆی نیشتمانی سویدەوە شانۆگەرییەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سویدی. ئەم بەرهەمە باس لە پرسی ئەنفالی کورد و ئەو ستەمە دەکات کە ڕژێمی بەعس دژ بە گەلی کورد ئەنجامیداوە و پرسی فرۆشتنی کچانی ئەنفالکراوی کورد بە وڵاتە عەرەبییەکان دەخاتە بەرباس.

شانۆگەرییەگە لە نووسینی هونەرمەند دڵشاد مستەفا و بەرجەستەکردنی هونەرمەندئەحمەد سالارو سینۆگرافیاو دەرهێنانی هونەرمەند ئەرسەلان دەروێشە.

پرۆگرامی پێشکەشکردنی شانۆگەری "پاسەوان" لە وڵاتی سوید بەمجۆرە دەبێت:

*ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٥ لە شاری (کارلستاد) لە هۆڵی (زانکۆ)

*ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٦ لە شاری (ئۆپسالا) لە هۆڵی (ستادستیاتر)

*ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٨ لە شاری (کوستیان ستاد) لە هۆڵی (کوستیان ستاد)

*ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٠ لە شاری (لیندس بێری) لە هۆڵی (فۆلکستیۆس – ماڵی گەل).

*ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١١ لە شاری (یاڤلێ) لە هۆڵی (یاڤلێ تیاتر )

*ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٢ لە شاری (ڤێستە ڕۆس) لە هۆڵی (ڤێستە ڕۆس تیاتر)

*ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٣ لە شاری (ستۆکهۆڵم) لە هۆڵی (ستادسیتیاتر)

*ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ لە شاری (ئێس کلیستۆنا) لە هۆڵی (کۆنتراست تیاتر)

*ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٥ لە شاری (سیۆرد تالێ) لە هۆڵی شانۆی (سیۆرد تالێ)

بڕیارە هاوکات هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) کۆڕێکی شانۆیی سەبارەت بە ڕەوشی شانۆی کوردی لەو گەشتە هونەرییەدا لە چەند شارێکی وڵاتی سوێد پێشکەش بکات و پێشانگایەکی ئەرشیفی بۆ کارەکانی (شانۆی سالار) لەگەڵ نمایشەکەدا ئامادەکراوە بۆ بینەران.

جێی باسە شانۆگەری (پاسەوان) لە یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی سالار ساڵی ٢٠٠٦لە سلێمانی پێشکەش کراو دواتریش لەسەر بانگێشتی ماڵی شانۆی بەرلین لەساڵی ٢٠٠٧ لە وڵاتی ئەڵمانیا نمایشکراوە و بە یەکێک لە بەرهەمە ناوازەکانی شانۆی کوردی دادەنریت.

---

# بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا چاپکرا

**تایبەت بە بەدرخان**



لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی و لە دووتوێی ٢٥٨ لاپەڕەدا نووسەر و مامۆستای زانکۆ د. ئازاد ئەحمەد مەحمود کتێبێکی قەشەنگی لەژێر ناوی بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥- ٢٠٠٥ لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری پراکتیکی شێوازگەرایییە" چاپکردووە.

کتێبەکە لە پێشەکییەک و سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، کە بەشی یەکەم دابەشکراوە بەسەر ٣ تەوەری سەرەکی، کە هەریەک لە تەوەرەکان چەند بابەتێکی لەخۆ گرتووە.

بەشی دووەمیش کە باس لە شێواز و شێوازگەرایی دەکا و دوو تەوەری سەرەکی لەخۆدەگرێ، کە بەشێوەیەکی ورد باس لە شێوازە شیعرییەکان و چەمکەکانی دەکا.

بەشی سێیەم و کۆتایی ئەو کتێبە لەژێر ناوی هەندێ دیاردەی هونەری و شێوازگەری لەزمانی شیعری هاوچەرخی کوردیدایەو چەندان نموونەی گرنگ لەخۆ دەگرێ و لە کۆتایی کتێبەکەشدا سەرچاوەی نموونەکان و سەرچاوەکان خرانەڕوو.

جێی ئاماژەیە ئەوە دووەم کتێبی نووسەرە.

کەلچەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی ڕووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولڕەحمان مەعروف: awrahman2002@yahoo.com
بە هاوکاری راوێژکاری ڕووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان:
د.ئازاد حەمە شەریف
ژمارە ٦٥ - ١٣٣، هەینی ٢٠١٠/١/٢٢ی زایینی

## لە ترسی ئاسمان

بۆ مەرگی خالید جوتیار



**ئازاد دڵزار**

ئەم ئێوارەیە نەهاتی:
بەلارەلار، هەناسەسوار
سەرێک لەماڵی نوسەران هەڵبکێشی
لەبەردوکەڵی جگەرەی برادەران
لەڕاڕەوەسارەدەکەدا
بەدیارڕۆژنامەیەکەوە
تاکوتەنیادابنیشی

ئەم ئێوارەیە نەهاتی:
وەک ( جاروبار )لەیانەدا
لاتدەدا سەرمێزەکەمان
هەتابەدزی پزیشکەکان
بەدزی ئاسمان
لەگەڵ بادەومەیی ومولدا
دەست تێکەڵکەین
لێوان *بنێینە سەرلێوان !..

ئەم ئێوارەیە نەهاتی:
تابەلێوانێک دوولێوان
گەندەڵستان جێ بهێڵین
ئاودیوبینە
وڵاتی ئەدەب وجوانی و هونەرستان!

ئەم ئێوارەیە نەهاتی:
برادەرەکان
لەسەرگردی (پیرداودی)
تۆیان دیبوو
"خۆزیت خواستبوو
گروکەک بای لەوان گروکی شلێرێ
بوهاران سەرت لەخاکی دەرهێنابا
بڕەک زەینێ خۆت داباوە
قەراتی پیرە هەولێرێ!"..

ئەم ئێوارەیە نەهاتی:
دوودڵم چۆن ئەو هەواڵە
بۆ (عود)ە بێ قەرارەکەم
ئاشکراکەم؟
نازانم نەنەرم نەرم
بەپەنجان وەئاگای بێنم
نەحەیرانێکی چیایی
بەقاسیدی
بۆئەومەبەستەی پەیداکەم؟!..

ئەم ئێوارەیە نەهاتی:
هەتابەدزی پزیشکەکان
بەدزی ئاسمان
لەوڵاتی ئەفسانەوداستان
جارێکی تر
لێوان بنێینەوە سەرلێوان!
بۆیەئەمشەو
لەناومژوتەمتومانی
خەیاڵاتێکی بێ پایان
بەتەنیایی، غەمگین غەمگین
سەفەریمە
لەژێرتکەی ساردی باران!.

* لێوان = گڵاس، پەرداخ .

٢٠١٠/١/١٠

# هاشم سەراج : مرۆڤ هەرچی بکات و هەرچیش کۆبکاتەوە دواجار لەم جیهانەدا لە موسافیرێکی سەرگەردان و پەرێشان زیاتر نییە

**هاشم سەراج یەکێکە لە دەنگە جیاواز و دیارەکانی ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی و لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە شیعر دەینووسێتەوە، زۆر لەسەرخۆ و بە هێمنی درێژە بە ڕەوتی نووسین و داهێنانی خۆی دەدات، کەسێکی کەمدوو و پڕ سۆز و خۆشباوەڕ و دڵساف و بێ قسەیە، بەڵام بە قەڵەم و نووسین قەرەبووی ئەوەی کردۆتەوە، خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە شوێنی خۆی قسەی خۆی دەکات، ئەو پێی وایە شیعر عیشقە و ئاگرەکەی ڕۆح دەپرووکێنێت!! ئیدی سەبارەت بە شیعر و ئەم عیشقە و زناک و دنیا تایبەتییەکەی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیارمان کردەوە:**

**دیداری: عەبدولڕەحمان مەعروف**

*** دوایین بەرهەمت لە زمان و زەماوەندی ناوەکان، کە لە لایەن ئەندازیار محەمەد حوسێنیشەوە کراوە بە عەرەبی و بڵاویش بۆوە، پێموایە هەندێک لەناوەکان چ لەلایەنی هونەری و چ ئەدەبییەوە لێتەوە نزیک نین، ئەمە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

ـ زمان و زەماوەندی ناوەکان لە ناونیشانەکەیەوە دیارە کە زمان، زەماوەندی ناوەکان دەگێڕێت و منی نووسین لەم پرۆژە شیعرییەدا مامەڵەی لە گەڵ کۆمەڵێک ناوی بێشوماردا کردووە، یان کۆمەڵێک ناوی پەرش و بڵاوم لە پانتایی شین و زەردی جیهان کۆکردۆتەوە، بەشێکی زۆری ئەم ناوانە ماڵاواییان لە ژیان کردووە، بەڵام هیچ ناوێک لە ناوەکان بەشێوەیەکی دەسئەنقەست یا بە ڕەوتێکی دەسکرد و ئەقڵانی نەخزاونەتە نێو پرۆژەکە، من لەسەر خەیاڵ و یادگە کارم کردووە، واتە سجلی زەینی خۆمم لە چرکە نائاگاییەکانی پرۆسەی نووسیندا بەکارهێناوە و ناوەکان لەپڕێکدا بۆم دەرکەوتوون و توانیومە گوزارەیان لێبکەم، لەم پرۆژە شیعرییەدا شێوازی دەربڕین یا گوزارە پێوەندی بە کۆمەڵێک حاڵەتەوە هەیە، دوور نییە بەشێکی دەربڕین لە نائاگاییەوە سەرچاوەی گرتبێت، یا ئەوەتا ناوەکانم لەڕێگەی چالاکیی جیهانی دەقەوە ناسیبێت یا لە نزیکەوە وەک ناسینی شەخسی زانیاری و ئاگاداریم لەچۆنیەتی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و جۆری گوزەران و بیر و بۆچوونیان هەبووبێت، کەواتە مامەڵەی من لەم زەماوەندە شارستاتیکەدا لەگەڵ سەرجەم ناوەکان پێوەندی بە ئاوێتەبوون و هەستی شیعری و شیعرگەراییەوە هەیە، حەزم دەکرد لەم دیمانەیەدا ناوێکت بە نموونە بهێنابایە تا توانیبام وەڵامت بدەمەوە، پاشان چەندین ناو هەن لە سەرەتای ئەزموونی شیعریمەوە تێکەڵ بە ژیانم بووینە، وەک نالی و ڕامبۆ و بۆدلێر و دۆستۆیڤسکی و..هتد. هەروەها کۆمەڵێک بیرمەند و گۆرانیبێژ و شێوەکار، سالوک و سۆزانی و مرۆڤی سادە و ئاسایی، پیشەوەر و کاسبکار، دواتر من لە هەندێ بڕگەدا مامەلەم لەگەڵ دەلالەتی ناوەکان کردووە و یا چەمک و واتای خودی ناوە تایبەتییەکە گوزارەیەکی شیعری پێبەخشیوم، بەڵام لایەنی ترسناکی ئەم پرۆژە شیعرییە لەوەدایە، کە لە چرکەیەکی لەناکاو و تایبەتیدا وەک کتێبێکی شینی مردوان خۆی لە سەنتەری جیهاندا دەردەخاو بە تاقی تەنێ دەمێنێتەوە، یان لەمیانەی تۆڕی ئاڵۆسکاوی زمانەوە بە شێنەیی چەمکی لەنێوچوون ڕادەگەیەنێت، واتە دواجار سەرجەم ناوەکان چەشنی چنگێک لمی پەرش و بڵاوی کەنار دەریا لەبەیندەچن! ئەگەر بەهەڵە نەچووبێتم پرشنگی ئەم دید و بۆچوونە نیهلیستییە وابەستەی ڕوانینێکی ( میشێل فۆکۆ) یە بۆ کۆتاییەکان، ئەم ڕوانینە فۆکۆییەش ئێستە و بەم دەم و دەستە و لەکاتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا ئاوێتەی زەینی پەرش و بڵاوی منی نووسین بوو!

*** تۆ خوێنەرێکی جدی کتێب و بەتایبەتیش نۆڤلێت و ڕۆمانی، ئەمە بۆ؟ لەمەدا چەندە کەڵکت بینیوە؟**

ـ من خوێندنەوە بە بنەڕەتی نووسین دەزانم، ئەوەی بە قووڵی نەخوێنێتەوە و لە واتای بوون ڕانەمێنێت، ناتوانێت لە نهێنییەکانی زمان و نووسین بگات و جیهانە شاراوە و جوانەکان بدۆزێتەوە و ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەر هزر و بیرکردنەوەی خۆی تێکبشکێنێت و بە دید و ڕوانینێکی کراوە و فراوان لە بوون و جیهان و شتگەلەکان بڕوانێت و لە چەمکی عیشق و خۆشەویستی و جوانی بگات، من بەش بە حاڵی خۆم سوودێکی زۆرم لە خوێندنەوە وەرگرتووە، ڕۆژێک ئەگەر سەرقاڵی خوێندنەوە نەبووبێتم هەستم بەجۆرێک لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی کردووە یا ڕاستر دووچاری خەمۆکی هاتوومە، چونکە خوێندنەوە چێژێکی ڕۆحی و جۆرێک لە ئارامی ودڵنیاییم پێدەبەخشێت و تارادەیەک لە چرکە نیگەرانییە قووڵەکانم کەمدەکاتەوە !

*** جگە لە شیعر خۆت لە دنیای نووسینی چیرۆک و ڕۆمان تاقی نەکردۆتەوە؟**

ـ کاتی خۆی لەگەڵ حەمەعەلی خان نۆڤلێتی (تاریک خۆر)مان بە هاوبەشی نووسی و تائیستا بیرم لە نووسینی نۆڤلێت و ڕۆمان نەکردۆتەوە، پێشم وایە بیر لە نووسینی ئەم ژانرە ئەدەبییە ناکەمەوە، چونکە ئەو بەهرە و توانایەی کە من لە بواری شیعردا هەمە مەرج نییە لە بواری ڕۆماننووسیدا هەمان هێز و توانام هەبێت، پاشان ڕۆمان پێویستی بەکردەی گێڕانەوە هەیە، منیش بە خەسڵەت وسرووشت و هەڵکەوتنی خۆم حەزم لە توخمی گێڕانەوە و درێژدادڕی نییە، تەنانەت لە بواری شیعریشدا زۆر بەدەگمەن ئەم ڕەگەزەم پراکتیزە کردووە.



هاشم سەراج - ٢٠٠٩

*** زۆرجار ئەوانەی لەناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کاردەکەن، دەڵێن: خۆزگە کرێکار بووینایە، خۆزگە نەخوێندەوار بووینایە و ڕوومان نەکردایە ئەم ناوەندە، تۆ لەمبارەیەوەت چی دەڵێی؟**

ـ ئاخر نووسەریش بە چەمکە گشتییەکەی کرێکارە یا ڕەنجدەرە، بەڵام ڕەنج و هێز و وزەی زەینی خۆی لە بواری زمان و پرۆسەی نووسیندا دەخاتە گەڕ، من بەش بە حاڵی خۆم کێشەم لەگەڵ نێوەندی ئەدەبی کوردیدا نییە، چونکە پێوەندییەکی قووڵ و بەتینم لەگەڵ نووسەرگەلێکی زۆر نەگرتووە، پاشان لەهەمووی گرنگتر توانای خەڵوەت و دوورەپەرێزیم تیایە، ئەگەر یەکێ لەگەڵی هەڵنەکەم و نەگونجێم یا بزانم مرۆڤێکی وشک و برنگ و کینە لەدڵ و توندڕەو و دەمارگیرە یا زەینفراوان نییە، دۆستایەتی لەگەڵ ناکەم، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە خۆشم ناوێ یا بوغز و کینەم بەرامبەری هەیە، چونکە هیچ مرۆڤێک لەم دنیایەدا توانای ئەوەی نییە لە گەڵ هەمووکەسێک دۆستایەتی بکات، بەڵام لەگەڵ مرۆڤی کراوە و عەقڵفراوان و مەدەنی زۆرتر هەڵدەکەم و تاڕادەی ئێسقانیش بڕوام بە جیاوازی بیر و بۆچوونەکان هەیە، مرۆڤ بە جیاوازییەوە جوانە، هەروەها مرۆڤی سادە و کاسبکار و پیشەوەرم خۆشدەوێ بەتایبەتی ئەوانەی بەڕەنج وکۆشش وماندووبوون و هێزی دەست و بازووی خۆیان ڕزق و ڕۆزی بۆ ماڵ ومنداڵیان پەیدادەکەن، ڕقم لە مرۆڤی لەخۆبایی و بەتاڵە، چونکە مرۆڤی لەخۆبایی هەمیشە مرۆڤێکی بەتاڵ و نارەسەنە، چەمکی نارەسەن بەڕوانینی هایدگەری، نێوەندی ئەدەبی لای من گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە بایی ئەوەندە هاوڕێی ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنفکر و ئەدەبدۆستم هەیە و برێ جار بەیەکەوە لەشوێنێک دادەنیشین و گفتوگۆ و دیالۆگی ئەدەبی و فەلسەفی دەکەین، بەڵام پێم وایە ئەو دیاردەیەی کە تۆ باسی لێوەدەکەیت بەتەنیا لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا بەدیناکرێت، یا تەنیا خەسڵەتێک نییە و بەجەستەی نێوەندەی ئەدەبی کوردییەوە نووسابێت، بەڵکو لە زۆربەی کۆمەڵگەی دواکەوتووی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا ئەم دیاردە کوشندەیە بوونی هەیە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە بەرخۆریی و ناشارستانییەکاندا یا ئەو کۆمەڵگایانەی، کە توانای بەرهەمهێنانیان تێدا نییە و هێشتا ڕەوشی دیموکراسیەت نەبۆتە بەشێک لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان، بۆیە لەم جۆرە کۆمەڵگە بەرخۆری و نادیموکراتی و ناشارستانیانەدا، هەمیشە مافی ئازادی تاک پێشێل دەکرێت و دەسەڵاتی حوکمڕانی لە ڕێگەی ئەندام و لایەنگرانییەوە سەرجەم دامودەزگا کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان قۆرخ و کۆنترۆڵ دەکات و ئەندام و لایەنگرانی دەسەڵاتیش زۆرتر بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کاردەکەن و هاوکات نووسەرە ناموبدیعەکان لەم چەشنە کۆمەڵگە بەرخۆرییەدا وەک دیاردەیەکی ڕووکەش خەریکی پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی و وڕووبینی دەبن و بەجۆرەها شێوە و شێواز هەوڵدەدەن لەڕێگەی دروشمی ڕووکەشی ئەدەبی و سیاسی و سووکایەتی کردن بە ئەدەب و هونەری ڕاستەقینە، خزمەتی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و دەوروبەرەکەیان بکەن، چونکە نووسەری ناموبدیع لە بنەڕەتدا نە خولیای خوێندنەوەی تێدایە نە بڕواشی بە چەمکی جیاوازی و بیرکردنەوەی جیاواز هەیە یا ڕاستر بارستاییەکە لە توخمەکانی دۆگمایە، بۆیە بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژ بەربەرەکانێی هێزی جوانی داهێنان و بەهرەی گەنجان دەکا، ئاخر نووسەرێک خولیای خوێندنەوە و ڕاڤە و تێڕامانی تێدا نەبێت، دەبێ کاتی خۆی بەچی بەسەرببات ؟ من بەش بە حاڵی خۆم لەبواری نووسین یا بە تووشهاتنم بەم نێوەندە ئەدەبییە پەشیمان نیم، چونکە وا هەست دەکەم تاڕادەیەک توانیومە جا بە هەر جۆر و شێوە و شێوازێک بێت، درێژە بە ئەزموونە شیعرییەکەم بدەم و بایەخ و گرنگی بە شێوەی بیرکردنەوەی نووسەری ناموبدیع و عەقڵی

**پرۆفایل:**

هاشم ئەحمەد محەمەد ( هاشم سەراج )
لەدایکبووی: ١٩٥٤/هەولێر.
دەستپێک: ١٩٧٦.
خوێندن: بکالۆریۆس ئابووری زانکۆی بەغداد.

**چاپکراوەکانی:**

ـ "دوکەڵ" چامەیەکی شێواوە، چاپخانەی "الحوادث"، بەغداد ١٩٨٣. ٦٨ لاپەڕە.
ـ گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
ـ پرۆژەی برادەرانی زناک.
ـ زایزۆنی دووەمی زناک.
ـ زایزۆنی سێیەمی زناک.
ـ لالە بە دەستان.
ـ جوایەز، شیعر، بە هاوبەشی شاعیرانی دیکەی هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٩.
ـ سروودەکانی عەشق، شیعر، بڵاوکراوەکانی دەزگای بەدرخان، چاپخانەی تیشک، سلێمانی ٢٠٠٣.
ـ زینانی ڕۆح،کۆ شیعر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس/ زنجیرەی ڕۆشنبیری/کتێبی شین، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥.
ـ تاریکی خۆر، هاوبەش لەگەڵحەمەعەلی خان نۆڤلێت.
ـ شالیس، شیعر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/گۆڤاری ئاییندە، سلێمانی ٢٠٠٧.
ـ عەتر و حەشیش و زەهرا، وەزارەتی ڕۆشنبیری_ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٨، ١٥٨ لاپەڕە.
ـ کتێبی زناک، بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیری ڕێژیار، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.

www.arsivakurd.org


لە چی قووڵ بوویتەوەو سەیری چی دەکەی و چ دەقێک لەهەناوتدا گینگڵ دەدا؟

## بوونی مرۆڤ بوونێکە بەردەوام ڕووی لە مەرگ و بڕانەوەیە، دواجاریش تەنیا مەرگ درز و بۆشاییەکانی بوون پڕدەکاتەوە و واتای ڕاستەقینەی پێ دەبەخشێت

داخراو نەدەم، چونکە بێگومانم لەوەی ئەوەی دژایەتی شیعری نوێ دەکات زۆرتر مرۆڤێکی سەلەفیی و خودان زەینێکی ناشارستانییە، بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت، بەڵێ من ئامادەنیم هانی هیچ یەک لەمنداڵەکانم بدەم تووشی ئەو نێوەندە بن و تافی گەنجیان بە هەدەر بدەن، بەڵام لە هەمانکاتدا خۆیان ئازادن لە بڕیاردان و هەڵبژاردنی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان و چۆنیەتی گوزەران، ئەگەر بەهرەی نووسینیان تێدابێت ئەمەیان پێوەندی بە خودی خۆیانەوە هەیە و با ڕوو لەم نێوەندە ئەدەبییە بکەن!

*** شیعر چی پێ بەخشیوی و چی لێ سەندووی؟**

_ شیعرهەستی جوانی و عیشق و هزری نوێ و بیروبۆچوونی هیومانیستی و خەسڵەتی بەیەکەوە ژیان و ڕێزگرتن لە هەستی مرۆڤ و هزرە جیاوازەکان و کۆمەڵێک شتی تریشی پێبەخشیوم بۆ نموونە من لە خۆوە هەموومرۆڤێکی داهێنەرم خۆشدەوێ ئیتر ئەو مرۆڤە سەر بە هەر نەتەوە و ئایین و شووناس و زمانێک بێت، وەک چۆن چێژ لە گۆرانییەکانی دەشنێ و کانی و هانی و لۆکە و ڕۆژین و باخان و دیلان و هەردی سەلاح و ئەژدەر وەهبی و زیاد ئەسعەد و زەکەریا و ئەردەلان و عەدنان کەریم و شێرکۆ تاڵب و هاوتا ئەسعەد و ئەیوب عەلی و مەزهەر و ماملێ وحسێنی شەریفی وچۆپی و نازدار وەردەگرم، بە هەمان شێوەش چێژ لە گۆرانییەکانی مشکۆ و هابە و محەمەد عاشق و یونس مەحموود و تارکان و ئیسماعیل یەکە و یەشار شەوکەت و هاوار بازرگان و شەجەریان و موعینی ئەسفەهانی و یوسف عومەر و فەیروز و ماجدە ڕۆمی و ئەسالە و نەجوا کەرەم و شەکیرا وەردەگرم، بەڵام شیعر سۆزی خانەوادەیی لێ سەندمەوە، لەبەرئەوەی زۆرترین کاتم بۆ خوێندنەوە ونووسین و تێڕامان تەرخان کردووە، هەست دەکەم لە لایەنی سۆز و عاتیفەوە بەرامبەر بە منداڵەکانم کەمتەرخەمم.

*** چۆن بوو ڕووت کردە ئەم ناوەندە؟ تەواوکەری ئەم پرسیارەش یەکەم کتێب کە خوێندووتەوە و یەکەم کتێب کە کڕیت چی بوون؟**

_ من بە ڕێکەوت دووچاری دنیای شیعر هاتم، ئێستەش نازانم هۆکاری ئەم هەڵوەدابوونەم بۆچی دەگەڕێتەوە؟ باوکم جارجارە بە ڕستەی کێشداری شیعری قسەی لەگەڵ دەکردین و یا بەیانیان بە دەستەواژەی نیمچە کێشداری شیعری لە خەو هەڵیدەستاندین،


هاشم سەراج - ١٩٦٠

بڕێ جاریش چەند بەیتێکی ئەحمەدی کۆری شاعیری وەک پەند و قسەی نەستەق بۆدەهێنایەوە، باوکم بە شێوەزاری سلێمانی دەدوا و دەیگوت ئێمە بە ڕەچەڵەک سەر بە عەشیرەتی هەمەوەندین، ڕێزی لە شاعیر و هونەرمەندان دەنا، زۆرجار (حەبیب عەلی میرانی) شاعیر ڕووی لە دوکانی سەراجی باوکم دەکرد ( کە کیفکە دەمانچە و ڕەخت وخەریتە و بەرگە تفەنگمان لە چەرمی گلاسی و مشەماو جەلاتین دروست دەکرد ) ئەوکاتە من منداڵبووم، کە هەستم ڕادەگرت ئەوان بە هێمنی گفتوگۆیان دەکرد و هەندێ جاریش ناملیکەیەکی شیعری خۆی بەدیاری بە باوکم دەدا، ڕۆژێک (حەسەن زیرەک) هاتە دوکانی ئێمە، خەڵکێکی زۆرکۆبوونەوە، باوکم بە خۆشی حەسەن زیرەک تاخمێک چای بۆگازکردن، دوور نییە ئەم دیمەن و حاڵەتانەی کە ئاماژەم بۆ کردن وەک سەرەتا و دەسپێک جۆرێک لە ڕەوش و پرشنگی شیعرگەراییان بە جیهانی نائاگاییم بەخشیبێت، هەروەها من وەک مرۆڤێکی شارنشین خەیاڵگەم بە گۆرانی و میلۆدی جۆراوجۆر پەروەردەکراوە،بۆیەئێستامیمۆری مۆبایل و کۆمپیوتەرەکەم پڕن لە گۆرانی و میلۆدی هەمەجۆر، من بە ڕەوش و خەسڵەتی خۆم ڕقم لە مرۆڤی توندڕەو و تاکڕەهەند و دەمارگیر و شۆڤێنییە و حەزم لە فرەکولتووری و فرەڕەنگییە و هەموو کولتوورە جوانەکانی جیهان بە موڵکی خۆم دەزانم و بە شێوەیەک لە شێوەکانیش ئاوێتەی دنیادی شیعریم دەکرێن، بەم چەشنە هەمەڕەنگییە لەنێو فەزای کولتووری خۆمدا کاردەکەم و هەوڵدەدەم یا خولیای ئەوەم هەیە زۆرتر دەقی کراوە بنووسم، کە لەڕووی داهێنانەوە ئەنتی مۆراڵ و ئەنتی ترادسیۆنە، هاوکات هەڵگری کۆمەڵێک ئاست و ڕەهەند و ڕوانینی جۆراوجۆر و جیاوازە، لە هەمانکاتدا چێژ لە شاکاری ئەدەبی و هونەری سەرجەم نەتەوەکانی دنیا دەبینم، بەڵام مرۆڤ هەرچەند ڕووە و جیهانی داهێنان شۆڕبێتەوە زۆرتر هەست بە خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و هەستی ئۆنتۆلۆژی دەکات و لە حەقیقەتی واتای بوون نزیکدەکەوێتەوە و هەستێکی شینی نیهلیستی داگیری دەکات، من بەش بە حاڵی خۆم بایەخ و گرنگی بە دروشمی ڕووکەشی پاسەوانانی ئەدەب نادەم، ئەو پاسەوانانەی کە بە درێژایی ژیانیان مەیلی خوێندنەوەی ڕۆمانێکیان نییە یا بە درێژایی تەمەنیان تاقە ڕۆمانێکیان نەخوێندۆتەوە و لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەدەبیشدا لە هەیتەیەکی سەلەفی و دروشمفرۆش دەکەن و بێئاگان لەوەی لەنێو خودی شووناس و ناسنامەیەکی لێکچوودا هێزگەلێکی جیاواز کاردەکات!، یەکەم کتێب کە خوێندبێتمەوە وا بزانم دیوانی (تاهیربەگی جاف) بوو، کە بەرێکەوت لە چاپخانەکەی گیو موکریانی کریم و چەند بەیتە شیعرێکم لێی لەبەرکرد و دواتر لە قۆناخی هەرزەکاری، واتە لە هەمان قۆناخ و دەوراندا کچێکی شێوە و ڕوخسار برۆنزیم خۆشویست، جا لەو ڕۆژەوە من تووشی خوێندنەوە و نووسین هاتم!

*** کەواتە عاشق بوویت؟**

_ شیعر بەر لە هەر شتێک عیشقە، عیشق ئەو ئاگرە نادیارەیە، کە دڵ و دەروونت دادەگرێت و ڕۆح دەپڕووکێنێت و پرشنگەکانی جوانی تێکەڵ بە ئەڤینی میهری باڵا و دۆزەخی سیستمی زمان دەکرێن، لە پرسیاری پێشوودا ئاماژەم بەم عیشقە داوە کە لە دەورانی هەرزەکاریمدا دووچاری هاتم.

*** لە عیشقدا سەرکەوتووی یان تێکشکاوی؟**

_ عیشق ئەگەر تێکیشبشکێنرێت ماک و ئاسەوارەکەی وەک ئاگرێکی شینی دایساودەبێتە هەوێنی بورکانە هێور و هێمنەکانی زمان و نووسین، بەشێنەییش تێکەڵ بە گەمە زەینییەکان دەکرێت، ڕەنگە دووری و جیابوونەوەی یار سەبارەت بە جیهانی شیعر لە بەیەکگەیشتن و ژوان و نزیکبوونەوە بەهێزتر و کاریگەرتر بکەوێتەوە، چونکە حەسرەت و چرکەی شەیدابوون بۆ بینینی ڕوخساری دولبەر، دڵ و دەروون دەپڕووکێنێت و ڕۆح تێکەڵ بە عیشقی میهری باڵا دەکرێت و منی نووسین بەرەو هەست و هەڵچوونێکی شیعری ڕادەماڵدرێت، ئەم حاڵەتەش جۆرێک لە شادی و ئارامییەکی تێکەڵ بە غەمگینی و نیگەرانی بەخودی نووسەر دەبەخشێت، لەبەر ئەمەشە شیعر قەبارەیەکی ئاڵۆزی زمانییە لێوانلێو لە ماسک و کۆدو ئاماژەو هێما، یا ساختمانێکی شینە پڕاوپڕ لە حەسرەت و هەست و گومان و نیگەرانی و پرشنگی جوانی و دڵنیایی، خودی شیعر لە میانی ئەم ڕەگەزە ئاڵۆز و نیگەرانانەوە بە دوای واتای بووندا دەگەڕێت و دوور نییە لە هەڵچوونێکی ئێستەتیکیدا سەرجەم ڕووبەری بێکۆتای گەردوون لە وێنەیەکدا بەرجەستە بکات!

*** یەکەم نۆبەرەی بەرهەم و نووسینت، کە بڵاوبۆوە هەستت بەچی کرد؟**

_ من لە ڕێگەی پۆستەی خوێنەرانەوە هەستم بە گەشە و پێگەیاندنی شیعری کرد، هەرجارێ کە شیعرێکم بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری دەنارد و کاتێک کۆپلەیەکیان لێ بڵاودەکردەوە، هەستم بە جۆرێک لە چێژ و خۆشی و شادی دەکرد، پاشان لە ڕێگەی بەڕێز (محەمەد زادە)ی خۆشنووسەوە شیعرێکی درێژم بۆ گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێ نارد و کاتێک بڵاوکرایەوە هەستم بەخۆشی و شادی و خرۆشانێکی گیانی کرد، کە ئێستاش ناتوانم گوزارەی لێبکەم!

*** ئەو شتەی هەمیشە لەگەڵی دەژی و هەرگیز بیرت ناچێتەوە؟**

_ مرۆڤ بە خەسڵەتی خۆی بوونەوەرێکی نیگەرانە، من زۆرجار بیر لە بوونی خۆم دەکەمەوە و هەستدەکەم ژیان لە وەهمێکی جوان زیاتر هیچیتر نییە و دەزانم چرکەیەکی نەزانراو و نادیار هەس بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لەم جیهانە شیعرییە دەکەم و لەسەرجەم ئازیزان دادەپچڕێم، سەرەڕای ئەوەش مرۆڤێکی ژیاندۆستم و لەڕێگەی شیعرەوە جوانیی و تراژیدیاکانی بوون و ژیان و چرکەکانی بەختەوەری و خۆشنودی دەنووسمەوە، بەڵام مرۆڤ بە گشتی لەم پانتاییە شینەی زیندەگییەدا هەمیشە گۆرانی دەچڕێ و پێدەکەنێ و پێکی عیشق هەڵدەدا و پارە کۆدەکاتەوە و سێکسدەکا و خێزان و خانەوادە پێکدەهێنێت و لە هەمانکاتدا لەنێو ئەم کەرنەڤاڵە شینەدا دەزانێ و لەوە بەئاگایە، کە لە نێو زەمەندا دەژیت و لە نێو زەمەنیشدا لە بەین دەچێت، وەلێ لە کۆتاییدا ژیان لە مەرگ جوانترە، چونکە ژیان کەرنەڤاڵێکە لە جووڵە و بزاڤ، کەچی مردن خامۆشییەکی قاوەڕەنگی ئاماڵ سپییە، من بڕێ جار لە خۆم دەپرسم بوونی من بەرامبەر درەوشانەوەی نیشانە جوان و شکۆمەندەکانی میهری باڵا و سەیرووڕەی بێکۆتای زەمەنی ئەم گەردوونە بێسنوورە لە هەست و هەڵچوونی عیشق و جوانییەک بەولاوە واتایەکی تر ناگەیەنێت! شیعر هەمیشە بە هەستێکی ئۆنتۆلۆژی و ئاگاییەکی فینۆمینۆلۆژی و هێرمینۆتیکی، لەواتای بوون و شتگەلەکان دەکۆڵێتەوە و لەبونیادی دەق و سەبک و ناوکۆیی سیمیۆلۆژیدا گەمە زمانیی و زەینییەکان ئەنجامدەدرێن و هەست و ڕوانینەکان لەخۆوە و لە ڕێگەی دارژانی ڕیتمییەوە بەرجەستە دەکرێن، ئێستەش نازانم واتای بوون یانی چی؟ دەزانم مرۆڤ هەرچی بکات و هەرچیش کۆبکاتەوە دواجار لەم جیهانەدا لە موسافیرێکی سەرگەردان و پەرێشان زیاتر نییە، بوونی مرۆڤیش بەدیدێکی هایدگەری بوونێکی ئاگامەند و جیاواز و بێناوەڕۆکە، لە ڕێگەی داهێنانەوە هەوڵی پڕکردنەوەی دەدرێت، یا بەشێوەیەکی تر لەبەرئەوەی مرۆڤ خاوەن دازاینێکی بێناوەڕۆک و بێبنەڕەت و بڕاوەیە، هەوڵدەدات بێناوەڕۆکی و بێبنەڕەتی بوونی خۆی بەهۆی داهێنانەوە پڕبکاتەوە، چونکە بوونی مرۆڤ بوونێکە بەردەوام ڕووی لە مەرگ و بڕانەوەیە، دواجاریش تەنیا مەرگ درز و بۆشاییەکانی بوون پڕدەکاتەوە و واتای ڕاستەقینەی پێ دەبەخشێت!

**بەشی دووەم و کۆتایی**




# نۆڤلێت (٢٥)



## خەرەندەکانی سنوور

**کاروان عەبدوڵڵا**

من و جەعفەر پێکەوە ناوی (سوارە)مان لە دەم دەرچوو، بەڵام هیچ وەڵامێکمان گوێ لێنەبوو، بەسەر جەستەی پەپکە خواردووی کوڕە بەجێماوەکە دانەوینەوە، چەند جارێکی دیکەش ناومان هێنا، بە هەردووکمان ڕاماندەتەکاند، هیچ سوودێکی نەبوو، کوێی جەستەت بجولاندبایەوە، هەستت دەکرد دەستت بە پارچە شەختەیەک دەکەوێ، هەوڵمدا پێڵووی چاوەکانی بۆ سەرەوە هەڵبڕم کەچی لەوە دەچوو هەموو گیانی لە هەست و خوست کەوتبێ، بڕیارمان دا خێرا بیخەینە سەر پشتی یەکێ لە ئەسپەکان، ئەوەی بۆ ئێمە زۆر زەحمەت و جێی سەرسوڕمان بوو، کە هەردووکمان لە ئاستیدا دەستەوەستان بووین، چۆنییەتی بەستنەوەی (سوارە) بوو لە سەر پشتی ئەسپەکە، ئێمە لەوە بە گومان بووین کە کوڕە ڕۆحی لەبەردا مابێ، لەوەش دەترساین ئەگەر زۆر بە دیقەت نەبین لە بەستنەوەی ڕەنگبێ شوێنێک لە جەستە بەسەهۆڵبووەکەی بشکێ !هەر چۆنێک بوو بە ئەسپایی بەرزمان کردەوەو خستمانە سەر پشتی ئەسپێک و هەردوو پشدێنەکەی خۆشمان لێکداو بە ستمانەوە . جەعفەر ئەسپەکەی بە دوای خۆی داو منیش لە دواوە دەڕۆیشتم، هەر بە ڕێگاوە ئەسپەکەی دیکەشمان هێنایەوەو بە ڕێکەوتین، جەعفەر ڕێشمەی ئەو ئەسپەی لەمن وەرگرت کە کوڕەمان خستبووە سەری، منیش ئەسپەکەی دیکەم بە دوای خۆم داو چاودێری پشتی ئەسپەکەی پێش خۆمیشم دەکرد، ناوەناوەش هەر کە هەستم بە ماندووبوون بکردایە، لە ڕێگەی ملپێچەکەوە هەناسەیەکی قووڵم هەڵدەکێشاو سنگم پڕ دەکرد لە بۆنی (تارا)، هەستم دەکرد ئەو بۆنە لە کاتێکی وادا زۆر پێویست بوو، هێزێکی لە ڕادەبەدەری پێدەبەخشیم، بە تایبەتیش لەو کاتانەی بە هەورازێکەوە سەردەکەوتین، ئەگەرچی لە گەڕانەوەماندا زیاتر ڕووبەڕووی نشێو دەبووینەوە، بەڵام نشێوەکانیش لە مەترسی بەدوور نەبوون، ئەو ڕێگاو بانانە لە هەندێ شوێندا وەها تەسک دەبوونەوە، ئەگەر زۆر ئاگامان لە خۆمان نەبوایە، بە خلیسکێک غلۆر دەبووینەوە، من بۆخۆم زیاتر لە پێنج جار بەربوومەوە، بەڵام لە هەموو جارەکاندا بە چوستی خۆم قیت دەکردەوە، هەنگاوم هەڵدەهێنایەوە، ئەوەی بۆ من جێگەی سەرسوڕمان بوو، بۆ یەکجاریش جەعفەر پێی هەڵنەخلیسکا، لەوە دەچوو خەیاڵ و دالغەکانم وام لێبکەن بە باشی بەرپێی خۆم نەبینم، ئێمە لە ماوەی چوون و گەڕانەوەماندا ئەگەر کزە ڕووناکی مانگ نەبوایە، نەماندەتوانی بەسەر زۆرێک لە زەحمەتەکانی ڕۆیشتن زاڵ بین، ئێمە بە باشی بەر پێی خۆمانمان دەبینی، من ئاخیر جاریش کە بەر بوومەوە، زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کە دیقەتم لە لاشەی(سوارە) گرتبوو، لەو دەمە وا هاتە بەر چاوم کە کوڕە هەوڵدەدا سەری بەرز بکاتەوە، ئەو دیمەنە وایلێکردم ڕێشمەی ئەسپەکەم بەردەم و لە ئەسپەکەی جەعفەر نزیک ببمەوە، لەو ساتە هەستم کرد لە نێو قووڵایی دەروونمدا موچڕکەی خۆشییەک، خۆفێک ڕاودەنێ، کە دەستم لە نێوچاوانی (سوارە) دا ناوەندی پشتم بە عەرز کەوت، ئەو کات جەعفەر وەک ئەوەی ئاگاداری بەربوونەوەکانی دیکەشم بووبێ، هاواری لێهەڵساو وتی :

-- چییە خەوت لێکەوتووە ؟!

دەستبەجێ هەڵسامەوەو خۆم گەیاندە جەعفەر، ئەویش بە حەپەساوییەوە بۆم وەستا، بەر لەوەی لێوەکانی لێکبترازێ و پرسیارێک بکا، بە پەلە وتم :

-- هاوڕێ بەم چاوانەم بینیم سوارە سەری خۆی بەرز کردەوە !

جەعفەر وەک هەست بکا من کەسێکی ئاسایی نیم، بە گاڵتە پێکردنەوە پێمی وت :

-- ئەوە چیتە تێکچووی، تۆ سەعاتێک لەو کێوە بەستەڵەکە بمێنیتەوە نابیتە شەختە ؟!

جەعفەر داوای لێکردم بگەڕێمەوە لای ئەسپەکەم و باشتر ئاگام لەخۆم بێ، من بە گوێی ئەوم کرد، بەڵام هەر کاتێک سەیری (سوارە)م بکردایە لەبەر چاومەوە نەک هەر دەجولایەوە، بەڵکو هەڵدەستایەوەو قیت لەسەر ئەسپەکە دادەنیشت، لەوەش زیاتر بزەیەکی منداڵانەی بۆم دەکرد و لەسەرخۆ پێمی دەوت :

-- بۆچی منتان لەنێو دڵی ئەو کێوە مەزنە دەرهێنا ؟

-- ئەگەر وامان نەکردبا گورگ دەیانخواردی !

(سوارە) بە پێچەوانەی دانیشتنی ئاسایی ڕووی لە من بوو، پشتیشی لە جەعفەر، لە نشێوە سەختەکانیشدا بێئەوەی خۆی بگرێ بە هیچ لایەکدا نەدەکەوت . من زۆرجار بە ڕێگاوە سوارەم بەو شێوەیە دەبینی، بەڵام نەمدەزانی بۆچی ئاوا خۆییم نیشان دەدا، لەوەش سەیرتر جەعفەر بوو، نەمدەتوانی چۆن ئەو ڕاستییەی پێبڵێم کە بە چاوی خۆم دەمبینی ؟ لە شوێنێک هەر بۆ حەسانەوەیەکی چەند دەقەیی، ئەسپەکانمان ڕاگرت، جەعفەر کە ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیاربوو، بەڵام لە چاوەکانیدا هەستم بە سەرکەوتن و شانازی بەخۆکردنێکی زۆر کرد، لێم نزیک بۆوەو وتی :

-- سەران، چەند خۆشبوو ئەگەر سوارەمان بە زیندوویی هێنابایەوە ؟

-- ڕاستە، بەڵام نازانم بۆچی .....

-- منیش لەیەکەم لەحزە ئەو حەزەم هەبوو .

جەعفەر لە لاشەی سوارە نزیک بۆوە، کەمێک بە لای دەموچاویدا دانەوییەوە، بە سەرسوڕمانەوە تێیوەڕاما، گوێم لێبوو لەبەر خۆیەوە وتی:"ئای خوایە، خۆ هەردوو چاوی کراوەن ! " خێرا هەڵسایەوەو یەکسەر بۆ لای من هات، سەرەتا بە حەپەسانەوە وەستا، شتێک کە دەبوایە ئەو کات بیڵێ، لە نیو دڵیدا گیر ببوو، بێئەوەی هیچ قسەیەک بکا، بۆ لای سوارە گەڕایەوە، منیش بە دوایدا چووم، جەعفەر دەستێکی سوارەی کە کەوتبووە ژێرییەوە، ڕاکێشایە دەرێ، پەنجەیەکی خستە سەر شادەماری بازووی سوارە، منیش لەو دەمە لە چاوەکانی ڕامام، کەچی پێڵووی هەردوو چاوەکانی داخرابوون، لە پڕ جەعفەر وتی :

-- هاوڕێ خێراکە، پێدەچێ هێشتان مابێ !

هەر کە گوێم لەو قسەیە بوو، بێئەوەی ئیزن لە جەعفەر وەرگرم، کلاشینکۆفەکەم لە شانم داگرت و چەند گوللەیەکم بە دوای یەکدا تەقاند، گوللەکان هەموویان ئاگردار بوون، هێندەی نەبرد لە بنکەکەمانەوە بە چەند گوللەیەکی هاوشێوەی گوللەکانم وەڵامیان داینەوە، ئەوە نیشانەی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان ئێمەو ئەوان بوو، کە ئەگەر پێویستیمان بە یارمەتی بوو، خێرا بگەنە لامان. ئێمە بەرەو خوار بەڕێکەوتینەوە. ئەو نشێوەی کە لە کۆتاییەکەی دەگەیشتەوە بنکەکەمان، زۆر دڕو عاسێ بوو . من بۆخۆم لە هاتنە خوارەوەماندا هەستم دەکرد جەستەم لە نێو حەماسەیەکی سەیردا بەرە بەرە دەتوێتەوە، شوێنێک وەک هێزێکی موگناتیسی هەبێ، بۆ لای خۆیەوە ڕاماندەکێشێ، من وا خۆمانم دەهاتە بەر چاو وەک ئەوەی لە شەڕی هێنانەوەی جەستەکان لەنێوقوڕگی مەرگدا هاتبینەوە، وام هەست دەکرد بە نێوەڕاستی خەڵکانێکی زۆر لە گوندنیشینەکانی ئەو ناوچەیەدا تێدەپەڕین، هەموویان بە چەپڵەڕێزان پێشوازیمان لێدەکەن، لەدوورەوە (تارا) بە غاردان بۆم دێت، منیش ڕێشمەی ئەسپەکەم بەردەدەم و بە هەنگاوی بە پەلە بۆی دەچم، لە دوورەوە خۆمان بۆ یەکتر هەڵداوێین، هەر لە هەواوە یەکتر لە باوەش دەگرین، کە دەکەوینە سەر زەوی، لەبەر چاوی خەڵک ون دەبین و لەو ناوە دەسڕێینەوە، سوارەش وەک مردوویێک، موعجیزەی زیندووبوونەوە بە خەڵکەکە نیشان دەداو بە هێمنی لەسەر پشتی ئەسپەکە دێتە خوارێ، تێکەڵ بە خەڵکەکە دەبێتەوە !

# مەدالیای ئیفتیخار و شۆڕەسوارانی هەولێر



بزەی هاتێ گووتی،
رووناکە ئاسۆم
وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نییە "مێدالی ئیفتیخارە"
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم
کەتۆ تۆرای لە چاوان وەک خەوی من
لەبسکت رەشترە مانگە شەوی من
بڕۆمەجنوون بەلەیلاکەی خۆت مەنازە
کەناوبانگی پتر رۆی ئەوی من

**ئا: عەبدولوەهاب شێخانی**

"من کە ئیدریس حوسێن بەکر" لە ساڵی ١٩٦٣ بووم بە پێشمەرگە لە پۆلی سێی ناوەندی بووم لە ناوەندی هەولێری ئەوکات لایەنگری "پ. د. ک" بووم وەکو قوتابی. لە ڕەشبگیری ٦٣ دوو قوتابی دەست بەسەرکران بە ناوی "مەغدید باداوەیی" و "رەشید حەمەدئەمین توتن فرۆش" و ئەوانە دراوسێی قادر "شۆڕش" بوون لە گەڕەکی تەعجیل و لە ساڵی ١٩٥٩-١٩٦٠-من شاگردی قادر شۆڕش بووم، کە ڕۆژنامەی خەباتم دەفرۆشت لە بازاڕ لە نووسینگەی شۆڕش، کە دەکەوتە تەنیشت "گیو موکریانی" کەرو نووسینگەی کوردی بوو ئەوکات، ئەوکات من پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی فەیسەڵییە، کە دەکەوتە خوار مزگەوتی شێخی چۆلی.

من چوومە دەرەوە یەکسەر بۆ گوندی بنەسڵاوە، چونکە وتیان شەهید "برایم ئەفەندی" کە مفەوەز تەحقیق بوو لە مەرکەزی خانەقا خۆی لە بنەسڵاوەیە، چوومە لای ئەوە لە بنەسڵاوە بووم بە پێشمەرگە، لەوێدا پێشمەرگەیەک لەوێ بوو بە ناوی وەستا سابیر بێرکۆتی بە حوکمی ئەوەی ئێمە ماڵمان لە گوندی شاوێس بوو ئەوانیش لە بێرکۆت بوون کەسووکاری منی دەناسی و لە وێدا مامەوە، ماوەی ساڵێک، ئەوکات پێشمەرگە زۆر نەبوو لە دەشتی هەولێر تەنها مەفرەزەیەک هەبوو بەسەرپەرشتی خوالێخۆشبوو "تاهیر حاجی خەیلانی" و ملازم خدر وا بزانم ئەوە عەرەب بوو بەناوی حزبی شیوعی لە دەرەوە بوو ئەوکات، لە دوای ماوەیەک ئیبراهیم ئەفەندی رەحمەتی بە ئەمری سەرۆک بارزانی نەمر دەبوایە بچێتە حاجی قەڵا وەکو ئامر بەتالیۆن رۆیشتین بۆ گوندی سوسێ لە بناری سەفین، ماوەیەک لەوێدا ماینەوە ئینجا بەرەو پشت کۆیێ بۆ حاجی قەڵاو لەوێ پێشمەرگەیەک هەبوو بەناوی محەمەد سەعاتچی لەگەڵ من نەدەگونجا لەبەر ئەوە من ئەوێم بەجێ هێشت و رۆیشتم، هاتمە کویێ و لەوێوە بۆ هەولێر سواری پەست بووم هاتمە ماڵەوە لە هەولێر مامەوە، لە دواییدا لەگەڵ خەسرۆ میرزا پیاوێکی حەمەی سابیر ئاغا گرتمان چەک و پارەمان لێ سەند، لە دوای چەند رۆژێک ویستمان بچینە دەرەوە، خەبەرمان لێدرا دەست بەسەر کراین، هەردووکمان شەش مانگ حوکم کراین لە بەندیخانەی موسڵ. لەوێدا ماینەوە سەیرمان کرد عەرەب لەو بەندیخانەیە زۆر موسەیترن بەسەر کوردەکانی ئەو سجنە، ئەوکات ئینقلاب کرا بۆ سەر بەعسییەکان، هەموویان گیرابوون و لەو بەندیخانەیە سێ بارزانی حوکم درابوون ناویان "میرخان بارزانی- ملکۆ بارزانی- سیامەند بارزانی"بوو ئەوانە من و خەسرۆیان هاندا، کە لە بەعسییەکان بدەین و خەڵکی هەولێر هەبوون لە بەندیخانەکە چەند شەڕێکمان کرد لەگەڵ عەرەبەکان سەرکەوتووبووین، دوایین جار باش لێمان، دان بەتایبەتی خەسرۆ زۆر بەتین بوو ئەوەی دەیگرت لە عاردی دەکوتا و منیش لێم دەدان بە چەقۆو بە دەست. شەڕ گەورە بوو بوو بە شەڕی کوردو عەرەب. یەکسەر من و خەسرۆیان بردە بەینی دوو دەرگا، پێیان دەگوت "بین بابێن" ئێمەیان فەلاقە کرد، هەریەکی سەد دارییان لە ژێر پێمان داو دەیانگوت"ارکض" لە پاشان منیان بردە جێگایەک یەک مەتر چوارگۆشە بوو، ئەو جێگایە پێیان دەگوت "ریازە منفردە" لە دوای پێنج رۆژ منییان بانگ کردە دەرەوە کەلەپچەیان لە دەست کردم و دوو ئینزیباتی عەسکەری منیان برد بۆ معەسکەر غەزلانی و یەکسەر سواری هێلیکۆپتەریان کردم، تەیارە هەڵسا من هەر دەم گوت بۆ کوێم دەبەن، دوو ئینزیباتەکە لەناو کۆپتەر دەیانگوت: "لاتحکی بعدێن تعرف" دوای چەند ماوەیەکی زۆر کۆپتەر دابەزی، من نەمدەزانی ئێرە کوێیە ئێتر منیان سواری سەیارەیەک کرد وەکو سەندوق وابوو منیان برد بۆ بینایەکی گەورە لەناو معەسکەرێک لە دەرگای سەرەکی بە گەورەیی نووسرابوو "محكمة الثوره الثانية" بەراست ئەوکات ترسام و دڵی خۆم داوەو گوتم یاڵڵا زۆر زۆر ئیعدام دەکرێم. منیان بردە ژوورێک بە تەنیا دوای نیو کاتژمێر دوو ئینزیباتەکە هاتنە ژوورەوە، منیان بردە هۆڵێک لە وێدا قەفەزێک هەبوو، منیان خستە ئەوێ، کەلەبچەکە هەر لە دەستم مابوو، سێ حاکم دانیشتبوون، ئەوەی ناوەڕاست مەدەنی بوو، دووەکانی تر عەسکەری بوون، مەدەنییەکە سەیری منی کرد زۆر توورە بوو بانگی کرد ئینزیبات "كلب أبن كلب" "ليش ما فكيت أيده وتجيب حيوان فك ايده". ئینزیباتەکە دەستی کردمەوە، رۆیشتە دەرەوە، دوایی چەند شتێکی خوێندەوە دەربارەی یاسای حوکم رووی کردە من و گوتی: "انت من افراد حزب العصاة" منیش زۆر بەهێمنی وتم: "سيدي اني اشرب عرق وادور ونسيت ياهو مالتي بالاحزاب" ئەوەی ناوەڕاست سەیری هەردووکیانی کرد و بەمنی وت: "انت لويش محكوم بالموصل" منیش گووتم "سيدى مادة تصليب"، "تصليب يعني راوورت"

هەرسێ حاکمەکە لەبەینی خۆیان گفتوگۆیەکیان کردو ئینزیبات هات منی بردەوە ژوورەکەی پێشوو و لە دوای دە دەقیقە تەقریبەن منیان بردەوە ناو قەفەسی، ئینجا زابتەکەی لای راست ئەویش کە حاکم بوو "ككوني برأتك المحكمة حضوريا لعدم ثبوت ادلة ثابتة" منیان ئەو جارە بەسەیارەی عەسکەری پیکاب شۆفرلێت هێنایەوەبەندیخانەی موسڵ لە پاشان دوای مانگێک حوکمم تەواو بوو، من و خەسرۆیان بەردا و ئازاد کراین هاتینەوە هەولێر لە پاش دە رۆژ لەماڵەوە هاتمەدەرەوە لە بازاڕ خەڵکیان دەگرت و منیان دەستگیر کرد بەناوی عەسکەری متخلف و منیان برد بۆ معەسکەری هەولێر، شەوێ لەوێدا مامەوە ئێمە زۆر کەس بووین خەڵکی هەولێر هەموومان جل و بەرگی عەسکەریان پێداین یەکسەر بۆ سەربازگەی کەرکووک، ئێمەیان برد بە لۆری عەسکەری بۆ مەرکەز تەدریب کەرکووک برد لەوێدا سێ مانگ تەدریبمان کرد دوایی شەوێک تەعداد لێدرا کوردەکانیان هەموو جیاکردینەوەو بردنیان بۆ "سرية جبلية الثانية" مانای وحدەی هێسترەکان، لەوێدا دوو برادەری هەولێری هەبوون لەگەڵ من یەکیان "جەلیل مەولوود میراو"و جەماڵ نەجمەدین، کە خەڵکی گەڕەکی خانەقا بوو. ئێستاش ماوە جارجار دەیبینم، شوفێری تەکسییە من وێنەیەکی "مارگرێتم" لەلا بوو لە کوڕێکی کەرکووکیم وەرگرتبوو، ناوی سەلاح بوو. رۆژێک تەکبیرمان کرد کە فیلار بکەین، هاتینە رەحیماوەو سواری ئۆتۆمبێل بووین بۆ هەولێر لە نزیک گوندی گردەڕەشە هاتینە خوارەوە لە ئۆتۆمۆبێلەکە بەرەو دەشت بڕۆین و ببین بە پێشمەرگە کاتێک دوای ماوەیەکی کەم ئۆتۆمبێلەکی عەسکەری پڕ ئینزیبات هاتن ئێمەیان گرت. ئەوە شوفێر تەکسییەکەی لەگەڵی هاتین لە سەیتەرەی هەولێر خەبەری لێ دابووین هەرسێکمانیان قۆڵ بەدەستکرد جل و بەرگی عەسکەریمان لەبەر بوو ئێمەیان برد بۆ دائیرەی ئینزیبات، ئەوکات "جەواد ئەسعەد ئاغای شێتنێ" ئامر ئینزیبات بوو لە هەولێر، ئێمەیان تەفتیش کرد، من وێنەکەی مارگرێت بە جل و بەرگی خاکی و برنۆو دەمانچەی پێبوو لە گیرفانی منیان دەرهێنا، کە سەیری وێنەکەیان کرد رەئیس عورەفا "زەرزور" هەبوو لە هەولێر بە منی گوت"ولك هذا منو" منیش گوتم "ما أعرف" شەقازللەیەکی لێدام و گوتی "وولك انت تعرف انت حاليا وين ادمرك تكلم هذه الصورة منو" منیش گوتم: "أعرف أني في انضباط خانة والصورة لقيتها من الشارع امرأة مسلحة ما أعرف منو" بە چوار ئینزیبات زۆریان لەمن دا، دوایی ئێمەیان بردە سجن لە معەسکەر. کەسوکارمان هاتن، ئێمەیان دیت، باش بوو بەختی ئێمە کوڕی پلکی جەلیل مەولوود لە کەرکووک لە فرقەی دوو مشاور عەدل بوو "ئەویش شێخ ستار رەئوف بوو، کە ئێستا لە هەولێر پارێزەرە بەناوی "ستار عەبدولرەئوف بەرزنجی"، کە دەکاتە برای "فنۆ شوفێر" ئەو واسیتەی بۆ کردین ئێمەیان بەردا لە کەرکووک، دوای مانگێک چووینەوە وەحدەکەمان لە کەرکووک ماوەیەکی زۆر کەم ماینەوە، دواتر فرقەی دوو، کە "سەعید حەمۆ" مەسئول بوو وەحدەکەی ئێمە حەرەکەی کرد بۆ سلێمانی و ئێمە ئەم وەحدەیە بێ چەک تەنها ولاغمان پێیە، چووین بۆ سلێمانی و لەوێوە، مدافع و تەیارە هێرشیان بۆ چیای ئەزمەر کرا و گیرا، ئێمەش لە دوایان بۆ چوارتا رۆیشتین لەوێدا معەسکەر دامەزرا، پاش دوو رۆژ منیان بانگ کردو وتیان دوو هێستر دەبەیت لەگەڵ چوار جەلیکانی ئاو گواستنەوە و دەچیت بۆ رەبایە لە بەرزایی پشت چوارتا چیایەکی بەرز هەبوو ناوی چیای "سەرسیر" بوو و چووم بۆ ئەوێ شەش حەوت رۆژ لەوێدا مامەوە هەتا شارەزایی ناوچەکە بووم، چونکە تەنها یەک رێگا هەبوو دەتوانی لە رەبایە دەرچی ئەوەکەی تر هەموو لوغم رێژ کرا دەوبروبەری رەبایە بوو، بە دڵنیایی تەنیا من بێ چەک بووم، کە ٢٠ کەس بووین و دوو ئەفسەر هەموویان عەرەب بوون، لە ناویاندا سەربازێک هەبوو خەڵکی ناسریە بەناوی "عەبود" هەمووجار پێیان دەگوت عەبود "أنت ليش تنام بالواجب" منیش ئەوم دەست نیشان کرد کەینێ ئەوە پاسەوان بێ بۆ من باشە، کە بڕۆم، وەڵڵا شەوێکیان زانیم، کە عەبود پاسەوان لەکاتژمێر سێ بۆ پێنج ئەو شەوە من یەک دەقەش نەخەوتم، کاتژمێر چوار هەڵسام، هاوکات هاوین بوو مانگی حەوت "تەموز"، تەماشام کرد عەبود خەوتووە و سمینۆفەکەی لە تەنیشت خۆی داناوە، بە ئەسپایی سمینۆفەکەم هەڵگرت و چووم بۆ لای ولاغەکان، کە دوو هێستر بوون، چونکە ئێوارەکەی هەردووکیانم لە یەکتر بەستابۆوە مێغ زنجیرم هەڵکێشا و شۆڕبوومەوەو رێگایەکی باریک هەبوو بۆ خوارەوە، دەمزانی لە کوێ ئەڵغام هەیە، چوومە خوارەوە، لە قوڵایی چیای سەرسیر گوندێک هەبوو بە رۆژ دەست نیشانم کردبوو، گەیشتمە گوندەکە دنیا بەرەو رووناکی دەچوو، هەر ئەوەندەم زانی دەوروبەری ئەم گوندە بەتۆپ قەسف کرا، چەند کەسێکی ئەم گوندە بەرەو مزگەوت دەچوون، چاویان بە من کەوت سەربازێک و دوو هێستر لەناو دێ، بووە دەنگ و هەرا لەبەر ئەوەی قەسف زیادی کرد، منیش بە یەکێکم گووت من سەربازم و کوردم لە سەرسیر رامکردووە بەرەوکوێ بڕۆم، پیاوێکی کامل و بە تەمەن وتی: برام ئەم رێگایە بگرە و راست دەچیتە گوندی "کورەداوێ" لەوێدا پێشمەرگەی لێیە خێراکە لەدێ بڕۆ دەرەوە، هەتا هێز نەهاتووە، منیش یەکسەر سواری هێسترێک بووم و ئەوەکەی تریش رادەکێشم، دوای دوو سەعات گەیشتمە گوندی "کورەداوێ"، سەیرم کرد گوندێکی زۆر گەورەیەو هەمووی داروبارە رووبارێکی بچووکی تێدایە لە مێردمنداڵێکم پرسی بارەگا لە کوێیە، وەڵامی دامەوە وتی هاها لەوسەرەوە، چوومە بارەگا. وەکو بەدڵەیەکی سەربازیم لەبەرەو کڵاشێکم لە پێدا زۆر بەخێرهاتنیان کردم و نانیان بۆ دانام و خواردم، خەبەریان نارد بۆ بەرپرسەکەیان، کە سەربازێک هاتووە کوردە، سەمینۆفێک و دوو هێستری پێیە، لە دوای ماوەیەک بەرپرسەکە هات سەیرم کرد پیاوێکی باڵا بەرز و رێک و پێک بەخێرهاتنی کردم و رێزی لێنام و گوتی: ئەتۆ خەڵکی کوێی؟ منیش وتم خەڵکی هەولێرم، هی دەشتی هەولێر، پێکەنی دووبارە دۆقەیەکی لەگەڵ کردم، وتی منیش خەڵکی دەشتی هەولێرم هی گوندی "گردەسۆرم"، ناوم "عەریف سابیر قادر"ە، ئامر بەتالیۆنی هەشتم لە هێزی خەبات، ئێرە بەتالیۆنی هەشتە، زۆر زۆر بەخێر بێی، بەڵام نەمزانی ناوت چییە؟ گوتم ناوم "ئیدریس حوسێن بەکرە"، وتی زۆرباشە ئەتۆ لێرە دەبی لەگەڵ من، چونکە کەسی شارەکەی خۆمم لەگەڵ نییە، لەوێ چەند مانگێک مامەوە، سەیرم کرد ئەوە بۆ من دەست نادا، ئەمن هەر لە دوو کاک سابیر بڕۆم و هیچی تر، دوای یەکتر ناسین لەگەڵ پێشمەرگەکانی بارەگای بەتالیۆن، پرسیم چ لقێک زۆر چالاکی هەیە لەم بەتالیۆنە؟ وەڵامیان دامەوە، کە لقێکی زۆر چالاکیمان هەیە بەناوی "عەریف سمایل قامیشی"بارەگاکەش لە کەلکی قەیوانە، کە قەیوان سەرەتای چیای ئەزمەرە لەلای "ماوەتەوە"دوای چەند رۆژێک دیتم پیاوێکی باڵا ناوەنجی و سوور و موو زەرد هات بۆ ئەوەی جلی خاکی و خۆراک وەربگرێ بۆ لقەکەی، یەکێک لە پێشمەرگەکان وتی کاک ئیدریس ئەمە عەریف سمایلە، کە باسمان کرد، منیش یەکسەر چوومە لای، دۆقەیەکم لەگەڵ کرد و خۆم پێی ناساند، ئەویش وتی ئا بیستم کە سەربازێکی کورد لە سەرسیرەوە هاتووە، ئەوە تۆی؟ منیش وتم حەزدەکەم بێمە لای جەنابت پێشمەرگایەتی بکەم، وەڵامی دامەوە. باوکم من بەشانازییەوە حەز دەکەم، بەڵام عەریف سابیر قەبوڵ دەکات؟ ئێتر عەریف سابیر وەڵامی دایەوە، گوتی: عەریف سمایل ئەمە کوڕی دەشتی هەولێرە، ئەگەر حەز دەکا من رێگرنابم، بەڵام دەبێ زۆر ئاگاداری بێت.

منیش وتم کاکە سابیر ئەدی هێسترەکان، وتی کەیفی خۆتە، وەڵامم داوە وتم یەکیان بۆ بەتالیۆن و یەکیش بۆخۆم، گوتی: باشە زۆر سوپاس ئینجا هەڵسام هاتمە دەرەوە، لەبارەگا دەمزانی قاچاخچی هەیە لەم دێیە، پێشتر پێیان گوتبووم ئەگەر دەیانفرۆشیت ئێمە کڕیارین، نەتیجە یەک لە قاچاخچییەکان دەمانچەیەکی چواردە خۆری قسمی کۆنی لاکەلی هەبوو، گۆریمەوە بە هێسترەکەو لەگەڵ عەریف سمایل رۆیشتم بۆ کەلکی قەیوان، قاتێک رانک و چۆغەری سورمەرەزو سەمینۆفێک و چواردە خۆرێکم هەیە و پێشمەرگەم لەکەلکی قەیوان، لە پێشدا باسی ئەوەم کردووە لە بەندیخانەی موسڵ گیرابووم لەگەڵ خەسرۆ میرزالەکاتی، کە لە بەندیخانە بووم کوڕێکی خەڵکی سلێمانیم ناسی بە ناوی "بەکرە کۆڵ" ئەو کوڕە قۆڵی چەپی پێوەنەبوو رۆژێکیان سەیرم کرد ئەوە هات بەرەو "ماوەت" دەچوو دوو کەسی لەگەڵ بوو- یەکیان فەرەیدون چاو ڕەش- ئەوی تریان بێستون حاجی عومەر شووشە- دوای دانیشتن و چا خواردنەوە، ئەوان رۆیشتن بۆ ماوەت، بەڵام بەکرە کۆڵ وتی ئیدریس گیان دێمەوە لات کارم پێتە، دوای مانگێک بەکر هات نووسراوێکی دا بە عەریف سمایل، کە لەماوەتەوە هێنابووی، ئەوکات سەرکردایەتی حزب پ. د. ک لە ماوەت بوو و بەکر بەمنی وت ئیدریس دەچین بۆ ناوشار کارێک ئەنجام دەدەین، دەبێ لەگەڵم بێیت. گوتم باشە چووین بۆ ناو شاری سلێمانی لە بازاڕی ماستەکە دوو ئینزیباتی عەسکەری بوون بە قوربانی و دوو کلاشینکۆفی مزەلیمان دەست کەوت، ئێمە چوار کەس بووین لەدوای ئەوە بە دووسێ مانگ لەگەڵ عەریف سمایل کارێکمان ئەنجامدا لە چیای ئەزمەر، پێنج سەربازی "استطلاعاتي" مرابات کوژران.

**بەشی یەکەم**



ئیدریس حوسێن بەکر



مام ئیدریس لەگەڵ کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر - ساڵی ١٩٦٥



مام ئیدریس لەگەڵ کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر - ساڵی ١٩٦٥


ژمارە (١٣٢) کانوونی دووەمی ٢٠١٠/١/٢٢ زایینی
ڕێبەندانی ٢٧٠٩ی کوردی

# ئایا عەرەب هەمووی بەعسین؟!

پارێزەر: کەماڵ محێدین

گەر بە وردی سەرنج بدەینە نەخشەی عێراقی سیاسی و نەتەوایەتی و دینی و مەزهەبی و تائیفی، دەبینین عێراقی ئێستا وڵاتیکی تێکەڵاوو هەرەمەو زۆر دەنگە لەهەموو ئەو بابەتانەی سەرەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوەیە باری نەتەوایەتی و دینی و مەزهەبییە لە عێراق.

گەر باری نەتەوایەتی لە عێراق باس بکەین، بمانەوێ یا نەمانەوێ ئەمرۆ لەشارەکانی خوارووی عێراق واتا"بەسرەو سەماوەو دیوانیەو ناسریە و بابل و کەربەلاو نەجەف و رومادی"لە ٩٥٪ دانیشتوانی ئەم شارانە خۆیان بە عەرەب دەزانن.

لەشارەکانی عەمارەو کوت و بەغدا لە ٦٠٪ دانیشتوانی خۆیان بە عەرەب دەزانن، بەڵام لەشارەکانی دیالەو سەڵاحەددین و موسڵ لە باشترین حاڵەتدا بۆ عەرەب ژمارەی دانیشتوانی ئەم سێ شارە لە ٥٠٪زیاتر خۆیان بە عەرەب نازانن، بێگومان لەشارەکانی کوردستانیش وەک کەرکووک و دهۆک رەنگە لە ١٠٪ لە دانیشتوانی ئەم دوو شارەش خۆیان بە عەرەب بزانن، واتا دەتوانین بڵێین ژمارەی نەتەوەی عەرەب لە عێراق بەگشتی لە ٦٥٪ تێپەڕ ناکات، هەرچەندە بەپێی تازەترین سەرژمێری باوەڕپێکراوی ساڵی ١٩٥٧ نەتەوەی عەرەب لە سەرانسەری عێراق لە ٦٠٪ زیاتر نەبووە، ئەم ژمارەیەش دابەشکراوە بەسەر ئایین و ئاییزا و تەوائیفی جۆراوجۆر، بەڵام بەهۆی دەسەڵاتدارییەتی هەیمەنەتی بنەماڵەی هاشمییەکانی سعودی بەپاڵپشتی دەوڵەتی باڵا دەستی ئینگلیزەکان لە یەکەم رۆژی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و دانانی خوالێخۆشبوو مەلیک فەیسەڵی یەکەم بە مەلیکی عێراق، لەم رۆژەوە ئایینی ئیسلامی و مەزهەبی سوننە سالاری لە عێراق بەرقەرار کراوەو زۆربەی زۆری دەسەڵات و پێگە گەورەکان خراوەتە ژێردەستی سەرۆک خێڵ و هۆزە عەرەبییەکانی سوننە مەزهەب، تەنانەت هەندێک لەو دەسەڵاتدارانە خەڵقی نجدو حجازو شام بوون، هەندێکیشیان ئینگلیز بوون، کە شوێنە گرنگەکانیان خستبووە ژێردەستی خۆیان.

حکومەتی سعودیەو بنەماڵەکەیان هەمیشە بە ئامانج و ئاواتی ئەوەوە کە رۆژێک لە رۆژان بتوانن دەسەڵات بەسەر وڵاتانی ناوچەکە بگرنە دەست، بەتایبەتی هەرێم و وڵاتە عەرەبییەکان، چونکە بنەماڵەی سعودی خۆیان بەخاوەنی شۆڕشی گەورەی عەرەبی دەزانن دژی ئینگلیزەکان پاش شەڕی یەکەمی جیهان بۆ بەدەستهێنان و دروستکردنی دەوڵەتی عەرەبی و مسۆگەرکردنی مافەکانیان ئەوەبوو لەئەنجامدا یەکەم دەوڵەتی عەرەبی سوننە لە سعودیە پێکهاتوو ئینگلیزەکانیش ئیعترافیان پێکرد.

دەوڵەتی سعودیە بە رابەرایەتی بنەماڵەی"ئەلسعود"تام و چێژە تاڵەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و حکومەتەکەی مستەفا کەمال"ئەتاتورک"یان لەبیر ناچێتەوە، کە خەلافەتی ئیسلامی لەغۆ کرد و بانگەشەی عیلمانییەتی کرد، لەساڵی ١٩٢٣و کەوتنە دژی هەموو بنەماکانی ئیسلام، هەربۆیە دەوڵەتی سعودیا بەردەوام هەوڵدەدات بۆ بەهێزکردن و فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی و بەربەستکردنی هێرش و مەترسییەکانی تورک و فارس، کە هەر یەکێک لەم لایەنانە دەیەوێت تاکە دەسەڵات بێت لە ناوچەکە، بەتایبەتی لەو هەل و مەرجە ترسناکەی ئێستای دەوڵەتی سعودیا، کە دەوڵەتێکی ئیسلامی سوننە مەزهەبە شانازی دەکات بە سەرکردایەتی شۆڕشە گەورە سەرکەوتووەکەی عەرەب دژی ئینگلیزو دامەزراندنی یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی عەرەبی پاش رووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەسەر پیرۆزترین خاکی عەرەب"مەکەو مەدینە"کە هەڵبژاردەی خوای گەورەن بۆ هێنانە خوارەوەی ئایینی ئیسلام لەم شارانە، کە شوێنی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلامن و تێیدا پەروەردەو سەرکەوتنیان بەدەستهێناو دەوڵەتی گەورەو بەهێزی ئیسلامی تێدا دروستکرد، بۆیە وڵاتی سعودیان بەتایبەتی مەکەو مەدینە، کە بە قیبلە گاهی ئیسلام ناسراون و ساڵانە مەلایین موسڵمان رووی تێدەکەن بەبۆنەکانی حەج و عومرەو زیارات، هەر بۆیە خۆیان بە رابەری عەرەب و ئیسلام دەزانن.

سەرەرای ئەم پیرۆزییە ئایینیانە دەوڵەتی سعودیا لە یەکەمین وڵاتە دەوڵەمەندەکانی جیهان دەژمێردرێت بەتایبەتی لە نەوت و گاز.

